PDF4Kurd

# ئەزمونگەری‌و داهێنان

**دایدارێکی بەرفراوان لەگەڵ دانا رەئووف**

**کامەران سوبحان**

**و**

**شۆڕش محەمەد حسێن**

**سلێمانی 2005**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## پێشەکی:

ئەم کتێبەی لەبەردەستاندایە گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەسەر رەوتی ئەزمونگەری لەشانۆیی کوردیداو دواتر فۆرم و تیۆرە هەمەلایەنەکان لەشانۆی رۆژهەلاتی و شانۆی سویدی کۆن و نوێ و ئەزمونی پیتەر بروك و ستانسلافسکی و مایرهۆلد و چەندین کەلە نوسەری وەك (ئەپسن و چخۆف و سترنباری و گۆرکی)، ئەم گفتوگۆیە لەخۆڕاو هەروا بەعەفەوی دروست نەبووە، بەلکو سەرەنجامی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ دەرهێنەرو لێکۆڵیاری شانۆیی دانا رەئوف کە لە دوو سەردانیدا بۆ کوردستان تا سەرەنجام لەهاوینی (2004) بەگفتوگۆیەکی هەمەلایەنەو شەوێکی قەشەنگی هاوین چوار قۆڵی من و شۆڕش و داناو خاتو لیزای رۆژنامەنوسی سویدی تا درەنگانێکی شەو لەئۆتێل ئاشتی دانیشتین، دواجار لەو گفتوگۆیە هەمەلایەنە پوختەی کتێبێك دەرچوو

گەر زیادەڕۆیی نەبێت ئەم کتێبە هیچی کەمتر نییە لەو چەند کتێبە دانسقەیەی (دانا رەئوف) کە پێشکەشی ئەدەبیانی شانۆی کوردی کردووە کە بریتین لە(سۆناتای تارمایی، پیتەر بروك لەشانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، ئەزمونگەری لەرەوتی شانۆی کوردیدا) گرنگی ئەم کتێبە رەنگە لەچەند ئاستێکدا دەرکەوێت کە گرنگترینیان ئەوەیە ئەم شانۆکارو رەخنەگرە وەلاَمەکانی فرە مەوداو فرە لایەنن و دواتر پەلکێشمان دەکات بۆ زۆر بابەت و چەمك و ئەزمونی شانۆیی کە بەداخەوە دەڵێم ئێمە لەکوردستان تەنها ئاگامان لەدوانە بەس بەناو هەیەو هیچیتر، لایەنێکی تریش ئەوەیە ئەم هونەرمەندە ماوەی نزیکەی 15ساڵە لەئەوروپا زۆر ئاگادارە لەرەوتی شانۆی ئەوروپی بەگشتی و شانۆی سویدی بەتایبەتی، کە بۆ ئێمە شانۆکارانی کورد ئەم لایەنە جێگەی بایەخەو کە کەسی یەکەم ئەو ئەزمونانەمان بۆ بگێڕێتەوە.

سەرەتای بیرۆکەکەی من و شۆڕش لەو ئاستەدا بوو دیدارێکی کورتی لەگەڵدا بکەین، بەلاَم بەوەلاَمەکانی ناچاری کردین ئازادبین تا ئەو پلەیەی کە نووسین نەمێنێت بۆیە لەخوێندنەوەی ئەم کتێبەو وەلاَمەکاندا خوێنەر هەست بەو ئازادیە دەکات و (بێ زیادەڕۆیی) لەدوای خوێندنەوەی هەست بەوە دەکەیت چەند کتێبێکت خوێندوەتەوە لەسەر ئەو لایەنانەی کە باسمان کرد، ناشێت لایەنی ئەدەبیات و پاراوی وتن و تەکنیکی داڕشتنی رستەکان لای ئەم هونەرمەندە لەیاد کەین کە شکڵێکی زۆر بالاَیەو ئەمەش لایەنێکی گرنگی ئەدەبیاتی شانۆییە..

گەر لەرۆژگارێکدا ئەم باسانە بۆ ئێمە پێویست بووبێت ئەوا لەسەردەمی هاوچەرخ و مۆدێرندا کە شانۆ وەك زانستێکی بالاَی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئـەكادیمی پێویسـتی بەخەزێنـەی مـەعریفی هەیـە زیـاتر پێویسـتەو زیـاتریش ئـەو لایەنانـە دیـالۆگ‌و پرسـیاری لـەم كتێبـەدا لـەبارەوە وروژێنـراوە بۆیـە دڵنیـام ئـەم كتێبـە لـەڕەوتی شـانۆی كوردیـداو بەدەرەوەی یەك لەناو شانۆكارانی كورددا ئەمانەی خولیایانە بەئاگابن لەئەزمونـە جۆراوجۆرەكـانی شـانۆی جیهـانی شـتێك بـەدوای خۆیـدا جێـدەهێڵێ، هـەر هـیچ نـەبێت ئـەلفێك دەخاتـە سـەر كۆبەنـدی زانیاریەكانی.

دوای پـاكنوس‌و چـەندجار خوێندنـەوەی ئـەم كتێبـە مـن پـێم وایـە خوێنـدكاران‌و قوتابیـانی شـانۆ ئەوانـەی لەپەیمانگـەو ئەكادیمیـە شانۆییەكاندا دەخوێنن سودێكی زۆر لەم كتێبە دەبینن چونكە هەروەك ئامـاژەم پێـدا دانـا رەئـوف بەدوورودرێـژی‌و بـەقوڵی پەنجـە نومـای بـۆ هـەموو ئاراسـتەو تێزەكانی شانۆی مۆدێرن راكێشاوەو ئـەو بۆچـوونی خۆشی لەبارەوە وتـوە، هیوادارم ئەم كتێبـە لـەجێی ئـەو خولیایانـەبێت كە ئێمە هەمانەو هیوای دیالۆگێكی فراوانتر لەسەر تێزەكانی.

**كامەران سوبحان**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

***ئەزموونگەری مێژوویەکی تایبەتی لەڕەوتی شانۆی ئێمەدا هەیە، تۆو کۆمەڵێك گەنجی شانۆکار لەهەشتاکاندا بەدیدێکی پرۆفیشنالانە لەڕەوتی ئەزموونگەری ئەدوان، دەتوانین بزانین سەرەتاو قۆناغەکان و دروشمەکانی چی بوون و بەچی گەیشت؟**

–لەهەشتاکانی هەزارەی رابردوودا، بەتایبەتیش لەساڵی 1985 بەدواوە کۆمەڵێ باس و بابەتی شانۆیم بلاوکردەوە. ئەو باسانە رێچکەیەکی ترو پەیام و فەلسەفەیەکی تری شانۆیی لەخۆگرت. باسەکان جیاوازتر لەو باس و لێکۆڵینەوەیەی تا ئەوکاتە بلاوم کردبوونەوە، دوو بواری گرتبووەوە: بوارێکی فەلسەفی، ئێستاتیکی و روونکردنەوەی بنەما فیکرییەکانی تەوژمێکی نوێخواز لەشانۆدا. بوارەکەی تریش باس و لێکۆڵینەوەی جیاواز بوو سەبارەت بەشێوازو قوتابخانە شانۆییەکان لەجیهاندا. ئەم بوارەشیان زیاتر دیدی رێژیسۆرە جیهانیەکانی گرتەوەو هەر لەم دەروازەیەشەوە باسەکان پەلی تری هاویشت، بەتایبەتیش بۆ روونکردنەوەو قسە لەسەرکردنی چەمکەکانی زاراوەی (ئەزموونگەری).

دواتر کۆمەڵێ باس و دیداری هونەریی و سیمینارمان گرت و باسەکانیش زیاتر بووە تیشك خستنە سەرێکی راستەوخۆی فەلسەفەی شانۆو یەکالاکردنەوەی لایەنە جوانکاریو دیدە فراوانە هاوچەرخەکانی شانۆ. بێگومان ئەم باسانەش رێگای کردەوە بۆ بانگەشەکردنی ئەزموونگەری لەشانۆی کوردیدا. ئەو کاتە من و هونەرمەندان شەماڵ عومەرو کەریم عوسمان (یادی بەخێر) زۆر بەپەرۆش و جدی ئەم مەسەلەیەمان گرتبوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جگــە لــەو باســانەی بــەردەوام لــەگۆڤارو رۆژنامەکانــدا بڵاومــان دەکــردەوە، لەگفتوگۆیــەکی بەردەوامــدا بــووین لەگــەڵ هونەرمەنــدان، بینــەران و زۆربــەی زۆری نووســەرو رۆژنامەنووســەکان و چــینێکی گەورەی رۆشنبیرانی گەلەکەمان. ئێمە دەمانوویست (دابڕانێك) لەگەڵ ســەراپای بزووتنــەوەی شــانۆی کوردیــدا دروســت بکــەین. بێگومــان ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو. ئەو (دابڕانەش) تەنها بەنووسین و کۆڕو گفتوگۆ (بەتایبەتی لەبواری شانۆدا) دروست نەدەبوو. بەڵام ئەو قۆناغە نزیکەی ساڵێکی خایاند و ئێمەش کۆڵمان نەداو هەموو رۆژێك زیاتر سوور دەبووین لەسەر پرۆژەو پەیامەکەمان.

لەساڵی 1986دا قۆناغی دووەمی ئەو گفتوگۆ فیکری و شانۆییە دەستپێکرد. ئەم قۆناغەش چارەنووسازو گرنگ بوو بۆ پرۆژەکەمان. لەم ساڵەدا بۆچوونە شانۆییەکەمان لەسنورەکانی مەسەلە تیئۆری و قســـە لەســـەرکردن چـــووە دەرەوەو یەکـــەم هـــەنگاوە کردەییـــە پراکتیکیەکانمان هەڵنا. بێگومان سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەو یەکەم تەقەلایە زۆر بە بەها بوو بۆ بەردەوامی ئەو پرۆژەیەی ساڵ و نیوێك بوو قسەمان لەسەر دەکرد. نوشوستی ئەو تەقەلایەش نووشوستی هەموو پرۆژەکەمان بوو.

لــەم ســاڵەدا (کۆمەڵــەی ئــەزموونکاران)مــان دامەزرانــد و (شــەماڵ عومەر) یەکەم تەقلا و ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی و وەك پرۆژەیەکی ئەزموونگەری پێشکەش کرد. شەماڵ بۆ ئەم مەبەستە شانۆنامەی (غۆرێلا)ی نووسەری ئەمەریکی (یۆژین ئۆنێل)ی هەڵبژارد.

هەڵبــژاردنی ئــەم پیەســەش کــارێکی زیرەکانــە بــوو: یەکــەم لــەو رووەوەی پیەسەکە یەکێکە لەشانۆنامە گرنگەکانی رێبازی دەربڕین، رێبازی دەربڕینیش پانتاییەکی دەوڵەمەند و کەرەسەیەکی هەمەڕەنگی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جیاواز دەخاتە بەردەستی هونەرمەند. دووەمیش فەلسەفەی پیەسەکە بەر لەهەموو شتێك زۆر بەقوڵی باسی کێشەو ململانێکانی مرۆڤ دەکات لەگەڵ خودی خۆیدا. یۆژین ئۆنێل ئەم کێشەیەش زۆر بەوریایی سەقامگیری هەموو کارتێکراوە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆکانی دەوروبەرەکە بەشێوەیەکی تایبەتی و (دەرەوە)ش وەك پانتاییە فراوانەکەشی بەشێوەیەکی گشتی دەکات. (یانك) پاڵەوانی شانۆنامەکە، لەگەڵ ئەوەی هەست بەبوونی توانایەکی گەورە دەکات بەرامبەر بەو چەرمەسەریی و زۆرداریییەی لەدەوروبەری هەن، کەچی توانای دابینکردنی ناخ و مەبەستەکانی نییە لەو واقیعە تاڵەی کە تیایدا دەژی، نمایشەکە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. گفتوگۆ شانۆییەکەش گۆڕێکی تری لەخۆگرت. نمایشەکە لەو رۆژەداو بەڕای من لەگرنگترین و نەسرەوترین قۆناغی رۆشنبیری کوردیدا پێشکەشکرا. هەروەها بەو شانۆگەریە بزووتنەوەی شانۆی کوردی توانی بەکرۆك و کالاّیەکی نوێیەوە (دابڕانێکی) سەرتاسەری و گشتگر لەتەك نمونەی شانۆی کوردی ئەو رۆژگارەدا بخوڵقێنیٚ. هەر لەسەرەتاوە بزوتنەوەی ئەزموونگەری پەیامی نوێکردنەوەی هەڵگرتبوو: نوێکردنەوەی شانۆ، عەقڵ و دیدە هونەرییەکەمان.

بێگومان نوێکردنەوەش، بەتایبەتی نوێکردنەوەی عەقڵ ئەوکاتە دەستەبەر دەبێت کە جیهانبینی بگۆڕێت و کەرەستەو تێڕوانینەکانیش سەرلەنویٚ داڕێژرێتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێن، بەئاشکراو بەبیٚ هیچ تەمومژێك، کە ئامادەبوونی زانستیانەی رەوتی ئەزموونگەری، خستنەکاری عەقڵێکی نویٚ بوو: یەکەم هەنگاوەکانیش ئەو جیابوونەوەیە بوو لەگەڵ (ئەوانیتر) واتە عەقڵی تەقلیدی بزاڤی شانۆی کوردیدا. جیابوونەوەکانیش بوارەکانی تێگەیشتن، خوێندنەوە، راڤەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کارکردنی گرتەوە. بەمانایەکی‌تر جیابوونەوەکە هەموو ئاستەکانی تێگەیشتن و پرۆسەی بەرهەمهێنانی شانۆیی گرتەوە.\

کەواتە گەر یەکەمین زەنگی ئەو ساتە هەڵوەشانەوەی تێگەیشتنی چەمکە باوەکان و تێکشکاندنی نەخشەیەکی کێشراوی بزووتنەوەیەکی بازنەیی بووبێت، ئەوا کێشەیەکی تری گەورەی شارستانی لەبەردەماندا قووت بووەوە" ئەویش کێشەی پرۆژەی دامەزراندن بوو لەشانۆی کوردیدا.

(**ئەزموونگەری**) لەهەشتاکانی بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا جۆرە سەرچڵیەکی خوڵقاند. ئەو سەرچڵیەش بەئاشکرا لەپانتاییەکەدا دەبینراو جەستەش بۆ یەکجار سەرفرازی بەدەست هێنا. مەبەستیش لەجەستە، جەستەی ئەکتەرە کە توانی هەنگاوی ئێستاتیکی بنێت و بەشێوازێکی جیاواز ببێتە جێگای سەرنجی ریژیسۆرو مامەڵەکردنی.

بێگومان تەنها پرۆژەیەکیش ناتوانێ هەموو بنەماکان بگۆڕێ و (دابڕان) یان شۆڕشێکی گەورە بەرپا بکات گەر بەردەوامی نەبێت. کۆمەڵەی ئەزموونکارانیش توانیان ئەو بەردەوامیە ببەخشنە ئەو سەرەتایە. (رۆژی سێهەم لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) بەردەوامیەکی سەرکەوتوی ئەو پرۆسێسە بوو. بەردەوامیەك کە توانی درزی دابڕانەکە فراوانتر بکات و خەڵك و بینەرێکی زیاتریشمان لەدەور کۆبکاتەوە. هەروەها توانیمان نمایشەکانمان بەرینە دەرەوەی سنورەکانی شاری سلێمانیشەوە: جگە لەسلێمانی هەولێر، کەرکوك و بەغدای پایتەختیش بووە شانۆیەکی فراوان بۆ پێشکەشکردنی نمایشەکانمان. (رۆژی سێهەم لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) ئامادەکردنێکی شانۆیی ورد و زیرەکانەی پیەسەکەی (سامۆئیل بێکیت) بوو. ریژیسۆری ئەمجارەشمان شەماڵ عومەر بوو. شەماڵ لەدیدێکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەزموونگــەری و جیــاوازەوە (رۆژێکــی) لەچــاوەڕوانی (فلادیمــیرو ئەستراگۆن) لەهاتو نەهاتی (گۆدۆ) زیاد کردبوو. هەروەها (شوێن)یش هەمان ئەو شوێنە نیە کە سامۆئیل بێکیت دەستنیشانیکردبوو. بەڵکو لەنمایشە ئەزموونگەریەکەی (کۆمەڵەی ئەزموونگەران)دا، لەپانتاییەکی تەسکی دوو مەتری چوارگۆشەییدا بەرجەستە بووبوو.

بـەڕۆژ چایخانەو سەرشـەقامەکان و بەشـەویش یانـەو مەیخانـەکان دەبونـە گۆڕەپـانێکی توندوتیـژی گفتوگـۆو رووبەڕووبوونـەوەکانمان. مـن و کـەریم عوسمـان و شـەماڵ عومـەر وەك سێکوچـکەیەکی گونجـاو لەگەڵ یەکتری کارمان دەکرد. هەرسێکمان بەرپرسیاری ئەو گفتوگۆیـە بـووین کـە خوڵقانـدبوومان، هـەروەها لەلایـەکی دیکەشـەوە مـن زیـاتر گرنگیم دابووە لایەنە تیئۆرییەکەو بەردەوام باس و بابەتەکانم هەفتانە لەڕۆژنامەکانـدا بلاْودەکرانـەوە. شـەماڵ عومـەریش ریژیسـۆرو کـەریم عوسمانیش ئەکتەری سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە بوون.

هەر لەم قۆناغـەدا هەسـتمان کرد بەپێویسـتی بوونی رێپۆرتـوارێکی تایبـەت، وەك (وێنەیـەکی رۆشـنبیری و پێناسـێکی تایبـەت بـەخۆمان)، بەتایبـەتی ئەزموونـەکانمان تـوانی زۆر بـەخێرایی (بگوێزرێتـەوە) وەك تــەوژمێکی هونـــەری بــۆ نــاو لاوەکــان و بینــەرێکی زۆریشـــمان لێکۆببـووەوەو بەشـێکی زۆری هونەرمەنـدانیش بەئاشـکرا لایـەنگیری خۆیان بۆ ئەزموونەکانمان دەردەبڕی.

لەبەر ئەوە دامەزراندنی تیپێکی تایبەتی خۆمان بووە پێویستیەکی مێــژوویی. لــەڕۆژی (1987/10/3)دا تیپــی شــانۆی ئەزموونگــەری کوردی و لەژێر دروشمی (بـەرەو داهێنـان و نوێخـوازی لـەڕەوتی شانۆی کوردیـدا) دامـەزرا. هـەواڵی دامەزرانـدنی تیپەکـەش لەزۆربـەی گۆڤـارو رۆژنامــە کــوردی و تەنانــەت عەرەبیەکانیشــدا دەنگیدایــەوە. زۆربــەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رەخنەگرو رۆژنامەنووسەکان دامەزراندنی تیپەکەیان کردە دەروازەو سەرەتایەکی شانۆی ئەزموونگەری، بەلام ئێمە سووربووین لەسەر ئەوەی سەرەتاکانمان، بەر لەدامەزراندنی تیپەکەوەیەو تیپەکەش تەنها سترکتورێکی فیکری و هونەرییە بۆ پرۆژەکانی داهاتوومان. هەروەها تیپەکەش بەردەوامیەکە بۆ ئەو پرۆژە فیکرییە، ئێستاتیکیەی کە بەر لەدوو ساڵ بانگەشەمان بۆ کردبوو. دوای ئەوە چەندین پرۆژەی تر لەدایکبوو: (باخچەی ئاژەڵان)، (مارا– ساد)، (چاوەڕوانی سیامەند)، (فەرهاد بەدوای جەژنا وێڵە)، (ئەوەڵ سەحەرەو دەریا). هەر پرۆژەیەکیش رەنگێکی جیاوازبوو. ئەوەی گرنگ بوو جوگرافیای نمایشە شانۆییەکان بەپێی دیدو تێڕوانینی ریژیسۆری شانۆنامەکە دەگۆڕا. بۆ نمونە من لەنمایشی (باخچەی ئاژەڵاندا) شانۆی ژوورم بەکارهێنابوو. بینەران و پانتایی شانۆکە پێکەوە لەبارستەیەکی تەسکی ژوورێکدا پێکەوە کۆبببووبوونەوە. ئەمەش یەکەمجار بوو (شانۆی ژوور) وەك تەکنیکێکی نوێی شانۆیی پێشکەشبکرێت. بەلام بەپێچەوانەوە لە(مارا–ساد)دا لەلای شەماڵ عومەر هاوکێشەکە چەمکێکی تری ئێستاتیکی و فیکری بەخۆوە گرتبوو. لەوێدا بینەران لەڕووبەرە تەسکەکەی سەر شانۆی یەکێتی نووسەرانی کورددا دانیشتبوون و پانتایی نەمایشەکەش تێکڕای هۆڵەکەی گرتبووەوە. ئەوەشمان لەیاد نەچێت، توانای ئەو کۆمەڵە گەنجەی لەدەورمان کۆبببوونەوە، لەپاڵ توانای نواندنی کەریم عوسمان، نیگار حەسیب و کامیل فەخرەدین دا نەمایشەکانی گەیاندبووە ئاستێکی بەرز. ئەزموونگەری کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. شانۆی کوردیش هەرگیز جارێکی تر نەگەڕایەوە بۆ جوولانەوە بازنەییەکەی خۆی.

***هەر ئەو گروپە کە زۆربەتان ئەکادیمی بوون تەنها لەقۆناغێکدا توانیتان لەو پانتاییەیە رۆشنبیرییەدا بمێننەوە، دواتر هەریەکەتان کەوتنە لایەك، پێت وایە ئەم قۆناغەی ئێستای بزووتنەوەی شانۆ لەولاتی ئێمە پێویستی بەگروپێکی وابێت؟**

-ئێمە لەقۆناغێکی زۆر ترسناکدا دەستمان کرد بەکار. ئێمە هەموومان نەوەی جەنگ بووین و جەنگ ئەکتەرێکی سەرەکی و بەردەوامی ژیانی پڕ لەمەترسی ئێمە بوو. کە منداڵ بووین جەنگی کورد و رژێم هەموو سالی 1974ی گرتەوە. کە مێردمنداڵ بووین و خەریکبوو رووبکەینە ژیان جەنگێکی تری هەشت ساڵەی ئێران-عێراق دەستیپێکرد. لەگەڵ تەواوبوونی ئەو جەنگە جەنگی کەنداوی یەکەم و داگیرکردنی کوێت دەستیپێکرد. لەپەراوێزی ئەم دوو جەنگە گەورەیەشدا جەنگی دژە کورد لەترۆپکدا بوو. رژێم بەهیچ شێوەیەك دەستی نەدەپاراست و هەزارەها مرۆڤی کوردی کوشت و گوند و شارەکانیش وێران و بەتەواوەتی کۆنترۆڵ کرابوو.

جەنگ لەهەموو شوێنێك بوو. بەلام ئێمە کۆڵمانەدەدا، جەنگ نەیترسانین و هەر بەردەوام بووین. لەو رۆژانەدا گرنگ ئەوەبوو چۆن دەربازبین، لەهەمانکاتیشدا چۆن بتوانین دەست بەکاربین. نەك هەر ئەوە بەڵکو بەردەوامیش بین.

ئێمە لەو ئاگری جەنگە خوێناویانەدا زۆر هوشیاربووین بەرامبەر بەجولاَنەوە سیاسیەکەو بەخودی جولاَنەوەی شانۆی کوردی. هێندەی جەنگیش بێزاربووین لەزەوقی ئێستاتیکی و شێوازو جوگرافیای باوی ئەو کاتەی شانۆی کوردی. ئەگینا هەرگیز شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەدایك نەدەبوو.

ئا لەو رۆژانەدا کە رژێمی بەعس رەشبگیرانە، هەر کەسێکی دەست بکەوتایە چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی دەکرد. کۆمەڵە گەنجێك، کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەشێکی زۆری سەربازی هەڵهاتوو بوون، لەپشت دەرگای یەکێك لەهۆڵە گەرم و گەورەکانی شاری سلێمانیدا، سەرگەرمانە خەریکی مەشقی (غۆریلا)ی (یۆژین ئۆنێل) بوون. ئەوکات شەماڵ عومەر قوتابی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا بوو.

هەروەها لەبیرمە یان لەکاتی پرۆڤەکانی شانۆنامەی (باخچەی ئاژەڵان) یان لەکاتی خودی نمایشەکانیدا بوو، کە رۆژێکی تەواو من و کەریم عوسمان و کامیل فخرالدین (بەشدارانی شانۆنامەکە) لە(شانۆی ژوور) لەبارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد لەسلێمانی خۆمانشاردبووەوە. ئەو رۆژە هێزێکی گەورەی رژێم رژابوونە سلێمانییەوە. هاتووچۆو چوونەدەرەوە بەتەواوەتی قەدەغەبوو. ئێمەش هەرسێکمان سەربازی فیراربووین. هەموو ئەوانەی لەو رۆژەدا دەستگیرکران، دواتر گوللەباران کران. ئێمە موغامەرەمان بەژیان و چارەنووس و ئایندەی خۆمانەوە دەکرد. ئێمە ئاوا کارمان دەکرد.

بەڵام جەنگ کۆتایی هەر نەدەهات، خوێن و جەنگ یەکتریان ئەدایە دەست یەکتری و تەواوکەری یەکتری وون.

لەکۆتاییدا مەترسییەکان زۆری بۆ هێنان و دەستی نایە بینەقاقامانەوە، لەپەلەقاژێدابووین، بەڵام هەر کۆڵمان نەدەدا. هەموو شتێکیش سنوری خۆی هەیە. بەڵام هیواو ئاواتەکانمان بێسنور بوو، بەردەوامی بووە خەون و خۆ رزگارکردن بووە تاکە رێگا. بەڵام چ رێگایەك؟

من گیرام، شەماڵ لەگەڵ گێژاوی راپەرین و کۆڕاوەکە پەرەوازەی دەرەوە بوو. کەریم عوسمانیش بەندی کەناڵەکانی راگەیاندن و شەڕی خۆکوژی بوو. لەبەرئەنجامیشدا پەریمە دەرەوەی وڵات و کەریم عوسمانیش بووە قوربانی جەنگێکی دۆڕاو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەبارەت بەلقی دووەمی پرسیارەکەشت دەتوانم بڵێم بەڵێ. بەڕای من ئەم قۆناغەی ئێستای شانۆی کوردی پێویستی بەگروپێکی تری وا هەیە. بەلاَم زۆر پێویستە ئەو گروپە توانای رووبەڕووبوونەوەی هەبێت. هەروەها زۆر پێویستە هۆشمەندیەکی شانۆیی، ئێستاتیکی، رامیاری و هەروەها ئەنترۆپۆلۆژیشی قوڵی بەرامبەر بەبارودۆخە هونەری و شانۆییەکەی کوردستان هەبێت. زەمینەیەکی لەباری راستەوخۆش بخوڵقێنرێ بۆ گفتوگۆیەکی هەمەلایەنیانەو ئەو کەسانەشی دەیانەوێت ئەو بەرپرسیاریەتە بگرنە ئەستۆ نەفەس درێژبن و توانای ململانێ و بەردەوامیان هەبێت.

من لەو بڕوایەدام کە کەسانێك هەبێت بتوانێت ئەو میکانیزمە بخاتەوە کار. بۆ نموونە (هۆڕێن غەریب) و گروپەکەی بەجدی کاردەکەن و پرۆژەیەکی هونەریشیان هەیە. بەلاَم ئەوەی جێگای داخە کە تائێستا نەیانتوانیوە ئەو پرۆژەیە بخەنەگەڕ، گفتوگۆیەکی فیکری، ئێستاتیکی و شانۆیش بخوڵقێنن. بەر لەهەموو شتێك کەم بەرهەمن و نەشیانتوانیوە پرۆژەکانیان بگوێزنەوە بۆ ناو لاوەکان، بینەران و رۆشنبیران.

دەبێت وزەی ئەو پرۆژانە پریشکەکانی زۆر بەخێرایی بلاَوببێتەوە. هەوڵ بدەن جوولاَندنەوەیەکی فیکری بەر لەهونەری دروست بکەن.

***بزووتنەوەی شانۆ لای ئێمە لەخامۆشیەکی ترسناکدایە؟ هۆکارو چارەسەر بۆ ئەم مەسەلەیە چیە؟**

-هونەری شانۆ تاکو ئێستا نەبووە بەپیشەو پێویستیەکی جەماوەر، یان کلتورێکی شانۆیی بەتەواوەتی نەخوڵقاوە. ئەمەش بۆشاییەکی گەورەی دروستکردووە. جاران خەڵکێکی زۆر روویان دەکردە شانۆکان، نمایشی جۆراوجۆرو لەسەر هەموو ئاستەکان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێشکەش دەکرا: تیپی نواندنی سلێمانی، تیپی پێشڕەو، تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی، تیپی شانۆی سالار، کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی و چەندان تیپی تری شانۆیی هەبوون. ئەوسا شانۆ، بەتایبەتی لەهەشتاکانی هەزارەی رابردوودا، جێگایەکی گرنگی هەناسەدان بوو. رۆڵێکی گرنگی دەبینی و خەڵك بڕوای بەپەیامی شانۆو هونەرمەندەکانی بوو.

کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی گشتی لەژێر پاڵەپەستۆیەکی دەروونی رامیاری گەورەدا لەپەلەقاژێدا بووە. شانۆش تەقەلایەکی شوناسنامە، بەرگری و لەهەمانکاتدا بوارێکی داهێنەرانەش بووە. بزووتنەوەیەك هەبوو، جمووجۆڵێکی بەردەوامی شانۆیش هەبوو. ئێستە ئەو بزاڤە تەواو بەپێچەوانەی هەشتاکانە. یەکێك لەقەیرانەکانیش نەبوونی بەرهەمی شانۆییە. تیپ و دەزگا هونەرییەکان دەرگاکانیان داخستووەو بەرهەمیان نیە. جاران وەرزی (هاوین و زستان) هەبوو. بەڵام ئێستە تیپەکان نەك وەرزە شانۆییەکانیانە نەماوە، بەڵکو هیچ پرۆگرامێکی دیاریکراویشیان نیە. سەرەتای نەوەدەکان و زیاتر لەدوای راپەڕینەوە ئاشتی و سەقامگیری یەکێك بوو لەگرفتە گەورەکان. هەروەها سەختی باری ژیانیش هەموو هونەرمەندەکانی راونابووە ناو رێکخراوە پیشەیی، رامیاری، رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی تەلەفزیۆنەکانەوە. هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە هونەری شانۆی کوردی نەیتوانی رووبەڕووی پرسیارە چارەنووسسازی و گرفتە گرنگەکانی دوای راپەڕین ببێتەوە. بەکورتی هونەرمەند و شانۆی کوردی ئامادەو هاوتای گۆڕانکارییەکان نەبوون. بەشێکی زۆری شانۆکارانیش چوونەتە دەرەوە و ئێستا لەتاراوگە دەژین، ئەوانەی کە لەکوردستانیش ماونەتەوە، بەتەواوەتی کشاونەتەوە لەبوارەکەو بەکاری تری جۆراوجۆرەوە خەریکن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زۆر گرنگە هونەرمەندە شانۆییەکان گوڕێکی‌تر بەبزاڤی شانۆی کوردی بدەن. نەمایشی جۆراوجۆر پێشکەش بکەن و پرۆسە شانۆییەکە بکەنە پێداویستییەکی گرنگی ئەم سەردەمەو جەماوەر. ئەوەش کارێکی ئاسان نیەو تەقەلایەکی ئێجگار گەورەی پێویستە. هەوڵبدەرێت شانۆنامەی خۆماڵی و شانۆنامەکانی شانۆی جیهانی پێشکەش بکرێت. ئەمڕۆ لەهەموو رۆژێك زیاتر پێویستە (شەکسپیر، مۆلێر، ئیپسن، یۆژین ئۆنێل، بێکیت و سترینبارى..هتد پێشکەش بکرێت. رووکردنە پیەس و تێکستە بەرزەکانی شانۆی جیهانی، بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا کارێکی بەسوودە. شانۆیەکی بەرزیش لەئەدەبێکی بەرزی شانۆییەوە لەدایك دەبێت. شانۆنامە کلاسیکی و هاوچەرخەکان و تەقەلا میللی و خۆماڵیەکان شان بەشانی یەکتری پێشکەش بکرێت.

جاران رەوتەکە شانۆی تیپەکان، جمووجۆڵی لاوان، هەندێ جار شانۆی منداڵ و بەرهەمی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی لەخۆدەگرت. ئێستە ئەوانە هیچی نەماوون. دەبێ سەرلەنوێ هەوڵی دامەزراندن و خوڵقاندنی کلتورێکی شانۆیی بدرێت. دەزگای هونەری و ستۆدیۆی کاری نواندن و پشکنین دابمەزرێنرێت، کۆڕ، سیمینارو گفتوگۆی هەمەلایەنی شانۆیی بکرێت، زۆر پێویستە هونەرمەندە شانۆییەکان بۆ ماوەیەك لەو هەموو کارە سینەمایی و تەلەفزیۆنیە کاڵ‌وکرچانە دووربکەونەوەو بزووتنەوەی ئەم دە دوانزە ساڵەی کوردستان بخەنە ژێر تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوەوە، بەخۆداچوونەوەی ئەو هونەرمەندانە پێویستیەکی هونەکەییە، بەتایبەتیش باری ئاسایش و دارایی خەڵکی بەرەو باشتر دەچێت. ئێستە هەموو کوردستان لەپرۆسەی بنیادنانەوەدایە، پێویستە ئەو هەلە بقۆزرێتەوەو هونەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی وابەستەو تێکەڵ بەژیانی هەموو یەکێك لەئێمە بکرێتەوە. هەموو گۆڕانکارییەکانیش دەبێت رەنگدانەوەو کاریگەری بەسەر تاك و هونەرمەندەکانەوە هەبێت. بەو شێوەیەش ئەو گۆڕانکارییانە بەشێوەیەك لەشێوەکان کاریگەری خۆی لەو بەرهەمە هونەرییی، یان پرۆسە فیکری و هونەرییانەدا هەبێت. بەڵام بەداخەوە ئەمرۆ دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە، لەبری کاریگەری، هەموو بوارەکانی هونەر، بەشانۆشەوە کەوتوونەتە پەراوێزی پەراوێزەکانەوە.

***جگە لەمانە ئەی تۆ چەند لەگەڵ زاراوەی (شانۆی کوردی) دایت، ئایا ناسنامەیەك هەیە بەناوی شانۆی کوردی-عەرەبی-فارسی..هتد؟**

-باشتر وایە بووترێت رەوتی شانۆی کوردی، یان هەر میللەتێکی تر. کە باس لەشانۆی عەرەبی، فارسی یان هەر میللەتێکی تری ئەوروپی دەکرێت، بۆ نمونە شانۆی سویدی، فەرەنسی، رۆمانی یان ئینگلیزی، تەنها مەبەست شانۆنامەکانی نووسەرانی ئەم وڵاتانە نیە.

ئێمە کە باس لەشانۆی رووسی دەکەین، مەبەستمان تەنها هەر شیکۆڤ، مەکسیم گۆرگی، گۆگۆل یان ئەسترۆڤسکی نیە. بەڵکو مەبەست لەتێکڕای ئەو بزووتنەوە شانۆییەیە کە لەڕوسیادا پێشکەش دەکرێت. شانۆی رووسی لەپاڵ نووسەرە رووسەکاندا، نووسەرانی تری سویدی، ئەمەریکی یان فەرەنسی و میللەتانی تریش پێشکەش دەکەن. ئەم مەسەلەیەش دەکرێت زۆر قسەی لەسەر بکرێت. هەر بۆ نموونە لەشانۆی سویدیدا تەنها ئەو شانۆنامانە ناخرێنە روو کە مێژوو، یان ناسنامەیەکی تایبەتمەندی گەلی سویدی بخاتە روو. یان تەنها ئەو شانۆنامانەی کە سویدییەکان خۆیان نووسیوویانە. بەڵکو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەشانۆی سویدیدا لەپاڵ ستریندبارییدا، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، شەکسپیر، شیکۆڤ، ئیبسن، برێشت، لاش نۆرێن و نووسەرە گەنجەکانی ئەمڕۆی جیهانیش نەمایش دەکەن. بەهەمووشی هەر دەوترێت شانۆی سویدی. ئەمەش دووپاتکرنەوەیەکی ئەو بزووتنەوە شانۆییەیە کە لەوڵاتی سویددا هەیە. بێگومان ئەم مەسەلەیەش هەمان تێڕوانین و پێوەری لەهەموو وڵاتانی دنیادا هەیە. شانۆ هەرچەندە لەڕۆژئاواو بەتایبەتی لەوڵاتی گریکی کۆندا سەری هەڵداوە، بەڵام کردەیەکی جیهانی و کەرەستەیەکی مرۆڤایەتیە. هیچ شتێك لەجیهاندا هێندەی هونەری شانۆ دێرین نیە. هیچ شتێکیش لەجیهاندا هێندەی شانۆ سیماو شێوازەکانی خۆی، بەهەمان شێوە، لەدێرینەوە تاکو ئێستا نەپاراستووە.

بەڵام (زمان) وەك ئامرازێکی گرنگی گەیاند پێداویستییەکی هەرە گرنگی شانۆی هەموو میللەتێکە. شانۆی کوردی بۆ ئەوەی کوردی بێت، دەبێت بەزمانی کوردی بێت، هەر چۆن شانۆی ئینگلیزیش شانۆیەکە کە بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش دەکرێت. هەر لەم دەروازەیەشەوە خولقاندنی بزاڤێکی شانۆیی و بەزمانی کوردی، یەکێکە لەپێداویستیە گرنگەکان، نەك تەنها بۆ بزووتنەوەی شانۆی کوردی، بەڵکو پێداویستییەکی گرنگی بینەرانیشە.

بێگومان کە باس لەچەمکی (زمان)یش دەکەین، دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە شانۆیەکی تریش هەیە بەناوی شانۆی (پانتۆمایم)و لەم شانۆیەدا جەستەو زمانی ئاماژەو پێکهێنەرەکانی تری شانۆ باڵادەستن. بەکورتی دەتوانم بڵێم کە نەشونماکردنی گوتاری شانۆیی بەشێکە لەپرۆسەی شارستانیەت و پێکداچوونی مەودا فیکری و هونەرییەکان.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

***پرۆژەی دامەزراندن و ستراکتۆر پرۆژەیەکی جدییە بۆ خاسیەت و بنەماکانی شانۆییەکی خاوەن شوناس، لەو بارەیەوە تۆ پرۆژەت چییە؟**

–من بۆ ئەم مەسەلەیە دوو بۆچوونی جیاوازو دژ بەیەکم هەیە. لێرەدا هەوڵ ئەدەم هەردوو بۆچوونەکەمتان بۆ روونبکەمەوە. یەکەم: من لەو باوەڕەدام کە دامەزراندن لەکۆمەڵگایەکدا بەتەنها ئەرکی شانۆ نییە. هەروەها بەهەمان شێوەش تیئۆری شانۆش بەتەنها ناتوانێت پرۆسەیەکی دامەزراندن بێت. دامەزرامەندن واتە دامەزراندنی هەموو بنەماکانی شارستانیەت و /خود/ بەهەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە. دامەزراندن واتە دامەزراندنی کۆمەڵگا–واتە گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکان و هەنگاوەکانی بەرەوپێشەوەچوونی ئاستەکانی: ئابووری، تەکنەلۆژیاو دیمۆکراسیەت. واتە هەڵوەشاندنەوەی هەموو دام‌ودەزگا فیکرییە عەشایەریەکان کە تاکو ئێستاش بەشێکی گرنگی دەسەڵاتی سیاسی، فیکری و هونەریمانە. لەلایەکی دیکەشەوە دامەزراندن دەبێت هاوکات پرۆسەی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگاو لەبوارەکانی، بۆ نموونە: پزیشکی، زانستە مرۆڤایەتیەکان، خانووبەرە، هونەر، فیکر، سیاسەت، سێکس..هتد بگرێتەوە. گەر ئاستەکانی تری پانتاییە سۆسۆلۆژیی و سەرتاپای بونیادی کۆمەڵگا بەرەوپێشەوە چوو، ئەوکاتە دەکرێت بووتریٚ دامەزراندن. بێگومان شانۆش لەکۆمەڵگای کوردیدا تەنیا خانەیەکە لەنێو خانەکانی تری دامەزراندندا. لەئەورووپا و جیهان هەموو بوارەکانی: بازرگانی، سێکس، کشتوکاڵ، پیشەسازی، ئەندازە، گەشت و گوزار، زانست و پاشان بوارەکانی ئەدەب و هونەر بەشارستانیەت دەزانن.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت، لەناو هەموو ئەم پرسیارانەدا، شانۆش جیهانێکی سەراپاگیر، جێگایەکی پڕ لەپرۆژەو ئەفراندنە بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوزارشتکردن لەبوون، گرفت، کێشەو ململانیٚ جۆراوجۆرەکانی ژیان. هەر لەو بوارەوە (هونەرمەندی شانۆیی)و لەڕوانگەی پرۆژە کارێکی هونەری بەرزەوە بەهایەکی گەورە دەبەخشێتە بوونی مرۆڤایەتی، نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەو (بوونە) ئاوێتەی پرۆسێسێکی خوڵقاوی بیری و ئێستاتیکی بەردەوام دەکات. بەمەش پانتاییەکی گەورە لەو کیشوەرە مەزنە دەکاتە بنەمای بەها ڕەهاکانی بوون و گرفتە سەرەکیەکانی. ئەمەش کردەیەکی گرنگی یەکێك لەخانەکانی دامەزراندنە.

من لەو باوەڕەدانیم جارێکی تر کەسانی وەك (ستانیسلاڤیسکی)، (گۆردن گریك) یان (پرێشت) دروست بنەوە. بەلاٚم بەردەوام شێوازی بەرزی نمایشی شانۆیی لەدەرەوەی مەسەلە تیئۆرییەکانەوە دەخوڵقیٚ. کەواتە خوڵقاندنەوەی ڕەگەزەکان لەشانۆدا جێگای باس و لێدوانە، ئەمەش ئەفراندن و دامەزراندنە. لەم دیدەشەوە شانۆ لەپرۆسەیەکی بەردەوامی تازەکردنەوەو دامەزاندندایە. هەر لەبەر ئەوەشە ئەمڕۆ زیاتر باس لەریژیسۆری گەورە دەکرێت، باس لەنمایشی بەرزدەکرێت، بەلاٚم هیچ کام لەو ریژیسۆرانە تیئۆریست نین و هیچ تیئۆرێکی جوانکاریشیان نەخوڵقاندووە، هێندەی بەردەوام نمایشی بەرزو جوانی پڕ لەداهێنانیان خوڵقاندووە.

لەم رووەشەوە گەلی کورد خاوەنی مێژوو، ئاهەنگ، تیئۆرێکی بیری و جوانکاری تایبەت بەخۆی نەبووە، نەك هەر ئەوە بەڵکو شانۆ وەك لقێکی مەعریفی گرنگی شارستانیی و جیهانی ئاشنا نەبووە بەکۆمەڵگا، کلتورو خانەکانی هونەری کوردی.

لەلایەکی دیکەشەوە گەر لەبارودۆخی کوردستان و هەوڵ و مەرجە هونوکەییەکانی ئەمڕۆی شانۆی کوردی و مەسەلەی دامەزراندنی بڕوانین، ئەوا کۆمەڵیٚ تووخم و تێزی تر هەن کە دەکرێت قسەیان لەسەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بکـەین: سـەرەتاکانی شـانۆی کـوردی دەگەڕێتـەوە بـۆ بیسـتەکانی هەزارەی رابردوو. ئەم مێژووەش زۆر دێرین نیەو هەتاکو ئێستاش هـەر بۆ نموونە نەمانتوانیوە سوود لـەو دیاردە کۆمەڵایەتیانـە وەربگـرین کـە هەناسـەیەکی درامیـان تیادایـە. ئـەو دیاردانـە جـۆرە پیشـە، کـارو ئاهـەنگێکی میللـی تایبـەت و هـەرەوەزی ناوجەرگـەی کۆمەڵگاکەمانـەو زۆر سـیماو دیـاردەی درامـی ئاشـکرای پێـوە دیـارە، ئەمـە جگـە لـەوەی کەرەسـتە، نـاوەرۆك و داڕشـتەیەکی کوردیشـە. هـەروەها مێـژوو کەلەپووری کوردی بنەمایەکی رەسـەن و ئامـاژەیـەکی ئاشکرای پێناسـی خـودی خۆمـان و بـوونی جـۆرە شارسـتانیەتێکی دیـاریکراوی تایبـەتی گەلەکەمانە.

ئـەم خاڵانـە تـووخمێکی گـەورەی پـرۆژەو دامەزراندنـە، بـەڵام وەك لەلای سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، لەبەر نـەبوونی هۆشمەندیـەکی شانۆیی، لەبەر دروست نەبوونی پرۆسەیەکی هاوشانی شارستانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی، هـیچ هونەرمەنـدێك، یـان رۆشـنبیرێك نـەهاتووە ئـەو دیاردانـە (وەك پرۆژەیـەك) ئاوێنـەی بیرێکـی کـوردەواری فراوانـی مرۆڤایـەتی بکـات، تابەمـەش وتـارێکی شـانۆیی راسـتەوخۆی هونـەری و لەبەرجەسـتەکردن و دامەزرانـدنی شـانۆیەکی کوردیـدا سـوودی لێوەربگیرێت.

مامەڵـەکردن لەتـەك مێـژوو، کەلـەپوور، داسـتان و ئەفسـانە کوردیەکاندا، دەروازەیەکی ئەو داڕشتە پڕ لەهەوڵ و تەقەلایەیە. راستە میللـەتی کـورد خـاوەنی کەلـەپوورو مێژوویـەکی دەوڵەمەنـد و دێرینـە، بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە ئـەو سـامانە پرسـیاری گـەورەو جۆراوجـۆرو هاوچەرخی مەودا فراوانی لێبخولقێ، نەك هـەر ئەوە، بەڵکو دەبـێ ئـەو پرسیارانە لەدووتوێی کەرەستە، تێڕوانین و دیـدێکی ئەفرێنـەری بـەرزی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەهاوە بەرجەستەبکرێت کە دووربێ لەهەموو جۆرە تەقلیدو شوێن پێ‌هەڵگرتنێکەوە. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ و پتەوی پرۆژەی دامەزراندنی شانۆیی کوردییە. بێگومان هەموو ئەم شتانەی کە باسمان کرد نایەتەدی گەر شێوازی بەرزی نمایشی شانۆی، وەك لەلای سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، نەخوڵقێ. گەر نووسەری شانۆیی باشمان نەبێت، گەر پیەس و شانۆنامەی سەرکەوتوو لەدایك نەبێت.

پیەس و نووسینی شانۆنامە هاوکێشەیەکی سەرەکی و تەواوکەری پرۆژەکەیەو گیانێکی زیندووش دەکات بەبەری هەموو چەمك، تووخم و بنەما سەرەکییەکانی هونەری شانۆدا. پیەسێکی سەرکەوتوو بەئاشکرا رەنگەکان لەنەخشەو دارشتەی ئەو جیهانە گەورەیەدا دەستنیشان دەکات و هەناسەیەکی قووڵی (بوون) دەبەخشێتە هەموو جەستە مردووەکان.

هەموو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە هاوبەشانە، هەروەها مێژوو، داستان و ئەفسانە کوردییەکانیش کە تاکو ئێستا باسمان کردووە، زەمینەیەکی گەورەو راستەوخۆی بنیاتنان و دروستکردنی، یان بەرهەمهێنانی پیەسی زیندووە. بەمەرجێ ئەو پیەسانە بتوانێت درامایەکی راستەقینە بخوڵقێنێ‌و لەهەمانکاتدا پێداگرتنێکی پتەوی پرۆسەی دامەزراندن بێت. ئەمە جگە لەوەی دەبێت ئەو پیەسانە لەفۆرمێکی هونەری دەوڵەمەندا، توانای تێروانینی جیا جیای هەبێت و زۆر باری گەورەو باڵا لەراستی و ناوەرۆکی شتەکان لەخۆبگرێت. باری جیاوازی وەها توانای بەردەوامی و بەپیرەوەچوونی گۆرانکاری، پێکداچوون و هەڵوەشاندنەوەی هەبێت. لەرووە ئەدەبیەکەشیەوە بەزمانێکی راستەوخۆ، ساکارو لەهەمانکاتدا قووڵ‌و بەپێز نووسرابێت. کارەکتەری زیندوو، بینای درامی و رووداوێکی ئاشکرا لەخۆبگرێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

***ئەی بەڕاشکاوی بۆچوونت لەبارەی رەخنەی شانۆیی لەئـەدەبیاتی کوردیـدا چۆنە، لەکاتێکدا رەوتی رەخنە بەهەمان شێوەی شانۆ لەقەیرانێکی وێرانەدایە؟**

–گوتاری رەخنـەیی، یـاخود ئاراسـەی رەخنـەی شـانۆیی، لایـەنێکی گرنگـــی هاوکێشـــە تیئـــۆری/ پراکتیکیەکـــەی بونیـــادی گوتـــارە سەرتاسەریەکەی شانۆیە. رەخنە–بەهـەموو ماناکانیـەوە–تەواوکـەرێکی پتـەوو راسـتەوخۆی پـرۆژە شـانۆییەکانە. بێگومـان بـوونی رەخنـەش پـرۆژە شـانۆییەکان دەگەیەنێتـە ئاسـتێکی گـەورە، یـان بەپێچـەوانەوە. لەهەمانکاتـــدا رەخنـــە توانـــای دیـــاریکردنی ســـنورە جوانکـــاری و فەلســـەفیەکانی ئـــەو پرۆژانـــەی هەیـــە. هـــەروەها رەخنـــەی شـــانۆیی دەتوانێت رژێمی پرۆژە شانۆییەکە لەڕوانگـەو رووبـەرو داڕشتەی دیـدە گشـتیەکاندا روونبکاتـەوە، بەمـەش ئامـانج و هۆکـارە سـەرەکیەکانیش لەسیما بنەڕەتیـەکانی خـودی نمایشـەکاندا دەستنیشـان دەکات. بـەڵام جیهانبینی هەریەکە لەو دوو لایەنە: واتـە تیئـۆری و پراکتیك، ئەدەب و هونـــەر، ئاقـــارو بونیـــادی جیـــاواز لەســـتراتیژو زاراوەو پرۆســـە هەمەلایەنەکاندا لەخۆدەگرێت. رووبەڕووبوونەوەو چارەسـەرکردنی هـەر کێشـەو گرفتێکـی ئـەو لایەنانـەش، لەدیـدو بۆچـوونی هـەر رێبـازو بیرێکـەوە بێـت، پێویسـتی بەکەرەسـەی جیـاوازو تایبەتمەنـدی ئـەو تەوژمـە بیرییـە–رەخنەییـە هەیـە کـە رەخنـەگر وەك رێبـازێکی نووسـین دەیگرێتەبەر.

ئەگـەر زیـاتر لەلایەنـە تیئۆرییـەکانی ئـەم مەسـەلەیە بکۆڵینـەوە، پێویســتە ئامــاژەی ئــەوەش بکــەین کــە رەخنــەی شــانۆیی توانــای خوڵقانـدنی زەمینەیـەکی لـەباری تیئـۆری–جوانکـاری رەخنـەئامێزی گرنگــی هەیــە. لــەم پەیوەندییەشـدا گوتـارە رەخنەییەکـە مـۆرکێکی تیئـۆری دەبەخشـێتە جەسـتەی نمـایش و خانـەکانی دیـاری دەکـات و

بینــەرو هونەرمەنــدی شــانۆش دەخاتــە ســەر هێڵــی گوتارەکــەو پێگیەشــتن و گۆڕینــەوەی گوتارەکــان ئــەنجامگیر دەکــات. بەمــەش هاوکێشـەکە لەسـەر ئاستێکی تـرو لەدیـدێکی هەمەلایـەنی جیاوازەوەو بەشێوازێکی چڕ (چوونە نێو یەکدی) لەنێوان نمایش و بینـەر لەلایـەك و گوتاری رەخنەو نمایش، رەخنەو بینەر لەلایەکی دیکەوە، بەشێوەیەکی بالأدەست ئاوێزانی پرۆسەکە دەکات.

ئـەم قسـانە زیـاتر بۆچـوونێکی گشـتیەو چـەمکەکانی رەخنـەی شـانۆیی دیاریـدەکات. بـەڵام (گـەر هـاتوو بزووتنەوەیـەکی شـانۆیی و زانستی و چاك لەئارادا بوو، ئەوا بێگومان چالاکییەکی گورجووگۆڵ و زانســتی رەخنەســازیش هاوشــانیەتی. گــەر هــاتوو ئــەو بزووتنــەوە شـانۆییە لـەئارادا نـەبوو ئـەوا رەخنـەو رەخنـەی شـانۆیش لـەئارادا نابێت).

قـەیرانی رەخنـەی شـانۆی کـوردیش لـەم دەمـەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونی خودی نمایش و کارە شانۆییەکان. شـانۆی کـوردی لەقـەیران و نووشووستیەکی گەورەدا گێنگڵ ئەدات. بێگومـان بـاری رەخنـەش لـەوە باشتر نابێت.

***ئەی پێت وایە رەخنەی شانۆی کوردی توانیبێتی پەی بەکۆسپ و بۆشاییەکانی بزووتنەوەی شانۆ ببات؟**

-پـێش هـەموو شتێك ئـەبێت دووپـاتی ئـەوە بکەینـەوە کـە رەخنـەی شانۆیی پرۆسـەی دۆزینـەوەی بـەها هونـەری و ئێسـتاتیکیەکانی پـرۆژە شانۆییەکانە. ئەم پرۆسەیەش لەنەخشەو جیهانی ئەزموونەکە خۆیـەوە دەســـت پێـــدەکات. رەخنـــەگری شـــانۆیی پێویســـتە ئاگـــاداری لەپێکهێنـەرەکانی نمایشـی شـانۆیی بێـت: واتـە شـارەزایی لەهونـەری رێژی، نواندن و پێکهێنەرەکانی تری نمایشی شانۆیدا هەبێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕەخنـــەگری شــانۆیی پێویســـتە بتوانێــت پردێــك لــەنێوان ئەزموونــە هونەرییەکە، ئەو سەردەمەو بینەراندا دروست بکات. چونکە ڕەخنەگری شانۆیی تەنها کاری ئەوە نیە لەکارە هونەرییەکە بکۆڵێتەوەو خاڵە باش و خراپ، یان ئێستاتیکیەکان دەستنیشان بکات و نهێنی بیناسازی و دارشتنی نمایشەکە، وەك ئەزموونێکی جوانکاری، بۆ بینەران ئاشکرا بکات. بەڵکو پێویستە ڕەخنەگر بتوانێت بەهۆی ڕاڤەکردنە شیکارییەکانیەوە، بینەریش فێری ئەوە بکات کە چۆن چێژ لەکارەکە وەردەگرێت.

بەلاّم ڕەخنەگری شانۆی کوردی زیاتر ڕووبەڕووی (تێکست)، واتە شانۆنامەکە دەبنەوە. لایەنە هونەرییەکان دەچنە پەراوێزەوەو بەتەواوەتی پشتگوێ دەخرێن، یان زۆر بەسەرپێی ئاوڕی لێدەدەنەوە. زۆر کەم ڕەخنەگری کوردی توانیویەتی پانتاییە فراوانە بێدەنگەکەی نمایشێکی شانۆیی ببینێت: واتە هەموو ئەو پێکهاتانەی لەڕێگای جووڵە، ئاماژە، ڕووناکی و ئامادەکردنی چەمکە شێوەکارییەکانی ترەوە بەرجەستە دەبن.

لەهەشتاکاندا بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی بەرچاو هەبوو: عەلی کەریم، سەباح هورمز، سەلام فەرەج، دانا عەلی سەعید، محسن محەمەد، حەیدەر عبدالرحمان..هتد دەیاننووسی. بەلاّم ئێستە ئەو تەقەلایانە بەتەواوەتی پووکاونەتەوە. هۆکاری ئەم کارەساتەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بزاڤێکی شانۆیی لەکوردستاندا.

***بۆچوونێك هەیە پێی وایە شانۆ لای ئێمە ڕەهەندێکی کۆمەلاّیەتی هەیە نەك ئێستاتیکی، ئەمەش هۆکاری لاوازی بزووتنەوەی شانۆییە، تۆ لەمبارەیەوە چی‌دەڵێیت؟**

–هەموو ئەم مەسەلەیە، یان گفتوگۆیە بنەمایەکی چینایەتی هەیە. مەسەلەکە کۆنەو کە ئێمەش گەنج بووین (حەفتاو هەشتاکان)، ئەوساش بەهەمان شێوە باسی لێوەدەکرا. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شانۆ فۆرمو شێوازێکی ئێستاتیکی هەیە. بمانەویٚو نەمانەویٚ، شانۆ لەپاڵ هەموو ڕەهەندەکاندا، جا چ کۆمەڵایەتی، رامیاری یان فەلسەفی بێت، چێژوەرگرتن مەسەلەیەکی بنەڕەتییە.

یەکێك لەئەرکەکانی هونەر چێژوەرگرتنە. چۆن هونەر لەپاڵ پەیامەکانی تریدا، چێژێکیش بگەیەنێت بەبینەر. گەر هونەر لە(چێژوەرگرتن) دابڕێت، ئەوا توانای پەیوەندی، بەردەوامیو کاریگەری نامێنیٚ. ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیش بەشێکی گرنگە لەتەقەلا بەردەوامەکانی مرۆڤ: لەژیانێکی ئاسایی، لەکاری رامیاری، لەپەیوەندیکردن، لەبزووتنەوە دیالێکتییەکان..هتد. لەبەرئەوە پرۆسەی شانۆیی، بەهەموو لایەنەکانیەوە، بەرجەستەیەکی گرنگی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانیشە.

ئەم گفتوگۆیە لەوانەیە بمانگەڕێنێتەوە بۆ زۆر مەسەلەی فەلسەفی کە لەوانەیە لێرەدا جێگای نەبێتەوە. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە هیچ فۆڕمێکی هونەری، هیچ رێبازێکی شانۆیی، تەنانەت شانۆیەکی واقیعیش بەبیٚ چەمکە ئێستاتیکییەکان، یان بەبیٚ شێوازێکی ئێستاتیکی هەموو تواناکانی پەیوەندیو بەردەوامی خۆی لەدەست دەدات.

ئەم مەسەلە ئێستاتیکیەش لەپاڵ فەلسەفەی فۆرمو چەمکە فیکرییەکانی تردا، پیشە هونەریەکەش رۆڵێکی گەورە دەگێڕیٚ. گەر هونەرمەندی شانۆیی وەستایەکی چاك بێتو نهێنی پیشەکەی خۆی باش بزانێت، ئەوا بێگومان دیدێکی هونەری قوڵیشی سەبارەت بەئەزموونو پڕۆژە هونەرییەکەی دەبێت.

لای ئێمە شانۆ بووبووە بەشێکی گرنگی سیاسەتو بەتەواوەتی پرۆسەی شانۆیی بەسیاسی کرابوو. ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی کە

لایەنە هونەرییەکان فەرامۆشبکرێن. بۆ خۆدەربازکردن لەسانسۆریش پەنا دەبرایە بەر بەکارهێنانی چەندین رەمزی جۆراوجۆرو هەندێ جاریش سواو. بێگومان ئەو رەمزانەش، رەمز بەشێوەیەك لەشێوەکان، هەوڵی پڕکردنەوەی لایەنە هونەرییەکانی ئەدا.

بەم شێوەیە شانۆ بووە ماڵێکی پڕ لەڕەمز، بۆ هەمووشتێ، ئەم مەسەلەیەش زیاتر لەپێناوی بەسیاسیکردنی شانۆدا بوو، نەك لەپێناوی بەدیهێنانی شانۆیەکی ئێستاتیکی و هونەریدا.

***بەلاّم دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە کۆمەڵە هەوڵێك لەهەشتاکاندا هاتە گۆڕێ، دیارترینیان هەوڵی هونەرمەند (ئەحمەد سالار) بۆ ئیشکردن لەناسنامەی نەتەوایەتی، ئەو هەوڵەشی زیاتر جلوبەرگو ئیکسواراتو کەلەپوری کوردی دەردەخست، راوبۆچوونی تایبەتی تۆ لەو بارەیەوە چییە؟**

–مەسەلەی ئیشکردن لەکەلەپوورو ناسنامە نەتەوایەتییەکانمان کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ بوو کە لەهەشتاکاندا زۆر بەگەرمی قسەی لەسەر دەکرا. هەر لەم قۆناغەدا مامەڵەکردن لەگەڵ (کەلەپوور، مێژوو، فۆلکلۆر)و سیما نەتەوایەتییەکانی ترمان بووە لایەنێکی گرنگی ئەزموونەکانی هونەرمەند (ئەحمەد سالار). پێش ئەوەی باسی ئەزموونەکانی مامۆستا (ئەحمەد سالار) بکەم، دەمەوێ باسی هەندێ لەلایەنە جیاوازەکانی ئەو هاوکێشەیە بکەم، بێگومان بەتەنها توخمە نەتەوایەتییەکان وەلاّمی هەموو پرسیارەکانی پێنییە. بەهەمان شێوەش توخمە نەتەوایەتییەکانمان هەموو پرسیارەکانی بوون و نەبوونمانی پێنییە. پێش هەموو شتێکیش ئەبێ ئەوە بزانین کە گەڕانەوە بۆ ئەم پرسیارانە، گەڕانەوەیە بۆ (رابردوو). بەلاّم بەڕای من پرسیارەکە ئەوەیە کە خودی ئەو گەڕانەوەیە چۆن چۆنی دەبێت. گەر بشمانەوێت ئەو رابردووە، یان ئەو ناسنامە نەتەوایەتییەمان تەنها زیندووکردنەوەی ئەو

رابـردووە بێـت، بـەبێ هـیچ خوێندنەوەیـەك، ئـەوە كارەكـەمان دەبێتـە كـارێكی (ئـەنتۆگراڤی). لـەم حاڵەتەشـدا سـەر تەختـەی شـانۆش وەك مۆزەخانەیـەك دەڕازێنینـەوە. ئەمـەش مانـای لەبارچوونی هـەموو جۆرە دیـدێكی تایبـەت و هونەرییـە. بـەڵكو زۆر گرنگـە كەلـەپوور یـان مێـژوو وســیما نەتەوایەتیــەكانی ترمــان لــەدووتوێی بۆچــوون و دیــدێكی ڕەخنــەیی و هاوچــەرخانەوە بخوێنرێتــەوە، هــەروەها بتوانرێــت ببەسـترێتەوە بەبارودۆخـە هەنووكەییـەكانی سـەردەمەوە و پرسـیاری نوێ و جیاواز بخولقێنێ.

هونەرمەنــد (ئەحمــەد ســالار) لەهەشــتاكاندا لەبزووتنــەوە ئەزمووونگەریەكــە دانــەبڕا. بــەڵكو بەپێچــەوانەوە، زۆر چــالاكانە بەشێوازێكی تایبەت بەخۆی هاوشانی ئەو ڕەوتە هونەرییە بوو. (نالی و خەونێكی ئەرخەوانی)یش یەكێك بوو لەیەكەم تەقەلاكانی ئەم بوارەی. مامۆستا ئەحمەد توانی لەنالی و خـەونێكی ئەرخەوانیـداو لەگەشتێكی كوردەوارییــەوە بمانباتــە نێــو دوورگەیــەكی رازاوەوە. پرۆژەكــە خەرمانەیـەك بـوو لـەڕەنگ و ئەفسـون، هێـڵ و رووبـەرو پانتاییـەكان. نمایشــەكە تــوانی لــەدووتوێی بــارودۆخێكی ریتواڵیــەوە غوربــەت و (حەبیبـە)كەی (نـالی) بـەدەنگی دەف و بۆنی بوخـورد و سازی سـەنتورو ناڵەو حەسرەتی ئەكتەرەكان رووەو ئەبەدی بەرێت.

ئەحمــەد ســالار بــۆ بەرجەســتەكردنی دیدەكــەی خــۆی، لــەڕووی جوگرافیـای شـانۆوە، هەوڵیـدابوو لەداڕشـتەیەكی شـێوە شـانۆیەكی بازنەییەوە، سیسـتەمی پرۆژەكە بەئەنجام بگەیـەنێت. بۆ ئـەم مەبەسـتە بینـەران لەهـەموو رووەكـانی هـۆڵێكی بچووكەوە دانیشـتبوون. بینـەران پەیوەندییـەكی بـەردەوامیان بەنمایشـەكەوە هـەبوو. هـەروەها ئەكتـەرو سەرلەنوێ بینەران لەچاودێرییەكی وردی بەردەوامی یەكتریدا بوون.

دواتر هونەرمەند (ئەحمەد سالار) کۆمەڵێ بەرهەمی تری بەهەمان ئاراستە پێشکەش کرد، گرنگترینیان: کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ و مەلای جەزیری بوو. بەڵام لەهیچ کام لەو پرۆژانەدا، وەك دیاریکردنی رەنگێکی تایبەت بەخۆی، نەیتوانی لەژێر کاریگەری نمایشی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) دەربازبێت. بۆ نموونە کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ بووە رەنگدانەوەیەکی ئاشکرای نالی. تەقەلاکانیش زیاتر دووبارەبوونەوەو گەڕانەوەیەکی راستەوخۆی (مێژوو) بوو، بەبێ هیچ خوێندنەوەیەك. (مەلای جەزیری) هیچ پرسیارێکی بۆ ئێمە پێی نەبوو. هەروەها لەڕووە پراکتیکیەکەشەوە، ئامرازەکانی دەربڕین و کارکردنیش هەمان ئامرازی نمایشەکانی تری بوو.

***تا هەنووکە بزووتنەوەی شانۆی ئێمە بەئاراستەیەکی باو کاردەکات، پێت وایە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە باوە پێویستمان بەستایڵ و ئیشکردنی جیاوازتر دەبێت بۆ ئەوەی کەشفی نهێنی نوێتر بکەین؟**

–بێگومان، زۆر پێویستە. تەقەلا ئەزموونگەریەکانی سالآنی هەشتاکان هەموو ئاراستە باوەکانی تێکشکاند. بارودۆخێکی تری شانۆیی لەدایکبوو. تەنانەت ئەو هونەرمەندانەشی کە هەر بەئاراستە باوەکان کاریاندەکرد، لەهەوڵی ئەوەدا بوون شێوازو ستایلی کارەکانیان بگۆڕن. بەڵام ئێستە بزووتنەوەکە گەڕاوەتەوە بۆ وێستگەکانی سەرەتاو خەریکە ئاراستە باوەکانیش بەتەواوەتی نامێنێ. شانۆی کوردی لەخامۆشیەکی ترسناکدا دەژی. جاران چەقی بازنەی رەوتەکە زۆر فراوان بوو، وەك ئەوەی بەردێك فڕێبدەیتە ناو گۆمێکەوە، گۆمەکە شڵەقاو چەندین بازنەی یەك لەدوای یەك، لەبچووکەوە تا گەورەی دروستکردبوو. بەڵام ئێستە ئاوی ئەو گۆمە شڵەقاوە گەڕاوەتەوە دۆخە وەستاوەکەی جارانی خۆی و پێویستی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەوەیە کە یەکێکی‌تر بەردێکی‌تر فڕێبداتەوە ناوی تا سەرلەنوێ بشڵەقێنرێتەوە. بارودۆخەکەش لەبارە.

ئەمڕۆ بارودۆخێکی تازەو جیاواز خوڵقاوە. داموو دەزگای هونەری، وەزارەتی رۆشنبیری‌و زۆر لایەنی هونەری جیاواز دامەزراوە. کوردستان بەقۆناغی بنیاتنانەوەیەکی خێرادا تێدەپەڕێت، کەچی لەم بنیاتنانەوەیەدا (شانۆ) بەتەواوەتی خراوەتە پەراوێزەوە. ئەمڕۆ ئەرکی هەموو هونەرمەندە شانۆییەکان‌و ئەو دەزگا هونەرییانەیە کە لایەکیش لەشانۆ بکەنەوە.

لەوانەیە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە هەندێ گران بێت، لەبەرئەوەی شانۆی کوردی بەتەواوەتی پوکاوەتەوەو ئاراستە باوەکانیش مردوون. هەندێ تەقەلای زۆر کەمیش هەیە، وەك گروپەکەی هۆرێن، ئیبراهیم چێوارو برادەرەکانیان، گەزیزەو هەندێ گەنجی ئیشکەری شاری هەولێریش، بەڵام هەموو ئەم برادەرە ئازیزانە تەقەلاکانیان کەمەو توانای دۆزینەوەی نهێنیەکانیش کەمترە. پێویستە داموو دەزگا هونەرییەکان زیاتر گرنگی بدات بەم گەنجانە. ئێمە لەباتی یەك وەزارەت، دوور وەزارەتی رۆشنبیریمان هەیە؟ نازانم کاری ئەم وەزارەتانە چییە؟!

***ئەزموونی شانۆی گەڕۆك چۆن دەبینیت، بەتایبەتی پیتەر بروکی گەورە دەرهێنەر چەند هەوڵێکی ناوازەی هەیە لەو بوارەدا بۆ ئیشکردن لەجوگرافیای جیاوازو ئەکتەری فرە نەژاد، ئایا بزووتنەوەی شانۆی کوردی لەم قۆناغەدا پێویستی بەگروپی گەڕۆك هەیە؟**

-شانۆی گەڕۆك یەکێکە لەدیاردە زۆر دێرینەکانی شانۆ. مێژووی شانۆی گەڕۆك هێندەی هەموو مێژووی شانۆی جیهانی درێژە. سەرەتاکانی ئەم دیاردە شانۆییەش دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی گرێك‌و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەقەلا سەرەتاییەکانی (سیسبس). ئەم هونەرمەندە بەعەرەبانەکەیەوەو بەتـەنها بەگوندو شـارەکاندا دەگـەڕاو بـەهۆی دەمـامکی جیـاوازەوە نمایشـەکانی پێشـکەش دەکـرد. ئـەم دیاردەیـە دواتـر بـووە هـۆی بـەرەوپێش چوون و لـەدایکبوونی شانۆش. بـەڵام بنـەما سـەرەکیەکانی ئەم شانۆیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمیـدیای دیلارتـی، واتا کۆمیـدیای هونـەر لەسـاڵەکانی (1500)ی سـەردەمی رێنسانسـی ئیتالیـادا. شـانۆ چ لەسـەردەمی گریـك و چ لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا بنەمایـەکی ئـاینی و جـەماوەر–میللـی لـەخۆگرتووە. بەکۆمیـدیای دیلارتـیش ئـەو چـەمکە جەماوەرییـەی شـانۆ فـۆرم و شـێوازێکی‌تر لـەخۆدەگرێت. بێگومـان ئەکتەرەکانی کۆمیدیای دیلارتی زۆر بەتوانابوون: هونـەری پانتۆمایم، سـەما، ئـەکرۆپاتیك، هونـەرە میللیـەکان و توانایـەکی بـەرز لـەگوێگرتن و رووبەڕووبوونـەوەی بینـەران بەشـێك بـووە لەتـەکنیکی نواندنـەکانیان. کۆمیـدی دیلارتـی لـەکۆلان و گۆڕەپانـە گشـتییەکاندا، بـەبێ دیکـۆرو پێکهێنـەرەکانی تـری نمایشـی شـانۆی پێشکەشـکراوە. ئـەم ئەکتەرانـە گـەڕۆك بـوون و بەشـێوەیەکی بـەردەوام بەهـەموو شاروشارۆچـکەکانی ئیتالیـادا گـەڕاون. دواتـر بەعەرەبانـە شـانۆییەکانیانەوە گەیشـتوونەتە فەرەنسا، ئینگلیزستان، ئەڵمانیاو تەنانەت رووسیایش. بەم شێوەیەش کۆمیـدیای دیلارتـی بەهـەموو جیهانـدا، وەك فـۆرمێکی جیـاوازو شـانۆیەکی جـەماوەری بڵاودەبێتـەوە و دواتـر کاریگەریـەکی گـەورەو راستەوخۆشی بەسـەر تێکڕای رەوتی شانۆی هاوچـەرخی جیهانییـەوە دەبێت. بێگومـان پیتـەر بـروکیش یەکێکـە لـەو هونەرمەندانـەی کـە زۆر زیرەکانـە سـوودی لـەم کلتـورە دێرینـەی شانۆ وەرگرتـووە. پیتـەر بـروك هـەر لەشەسـتەکانەوەو تەنانـەت تـا ئـەمڕۆش لەگەشـتی هونەریدایـە. لەحەفتاو هەشتاکاندا بەشێوازێکی جیاوازتر گەشتە (راگوزارییـەکانی)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێشکەش دەکرد. بۆ نموونە گەشتەکانی ئەفەریقای، یان روکردنە ناوچە هەژارو پەناهەندەکانی فەرەنسا. پیتەر بروك خۆی لەم بارەیەوەو سەبارەت بەگەشتەکەی ئەفەریقایان دەڵێت: (دوای ئەوەی لەشارێکی بچوکدا گیرساینەوە، لەبازاڕە بچوکەکەدا وتم با لێرەدا گەمەیەك بکەین، هەموو رازیبوون. چوونە دەرەوە، جێگامان داخستو دانیشتین، بەخێرایی بینەران لەدەورمان کۆبوونەوە. شتێکی کاریگەر، بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو لەناوەماندا دەجولا، لەبەرئەوەی رووبەڕووی نادیارێکی تەواوەتی ببووینەوە، هیچ شتێکمان نەدەزانی کە بەرەو بەردەوامیان بەرێت، هیچ شتێکیش کە نەمانبات. هەموو ئەوانەی لەو شوێنەدا بۆمان روونبووەوە ئەوە بوو کە لەوەوبەر هیچ شتێکی لەم چەشنە لەو بازاڕەدا روویندەدابوو، هەرگیز ئەکتەرێکی گەڕۆك نەهاتبووە ئەو شوێنە، هیچ راگوزارییەکی بچوك پێشکەشنەکرابوو. هیچ سەرەتایەك لەم بارەیەوە نەبوو، جۆرە ئاگادارییەکی ساکارو سەرپاگیر هەبوو، هەروەها تێگەیشتنێکیش کە خۆشحاڵی پێدەگەیاندین، شتێك روویدا- لەوانەیە لەماوەی یەك چرکەدا-وای لەئەکتەرەکان کرد تێگەیشتنی خۆیان بگۆڕن سەبارەت بەپەیوەندییەکانیان بەبینەرانەوە). هەروەها شانۆی گەڕۆك لەزۆر وڵاتانی جیهانی سێیەمو ئەمەریکای لاتیندا چەمکێکی راستەوخۆی رامیاری لەخۆگرت. مەسەلە شۆڕشگێڕییەکان بووە سەرچاوەیەکی گرنگی شانۆی گەڕۆك لەگوندو ناوچە ئازادەکاندا. یان بەمەبەستی گەیاندنی شانۆ بۆ ئەو شاروشارۆچکانەی کە شانۆی تیانییە. لەم رووەوە وڵاتی سوید ئەزموونێکی بێوێنەو دەوڵەمەندیان هەیە. لەساڵەکانی 1930ەوە شانۆیەکی نەتەوایەتی گەڕۆکیان دامەزراندووەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سـالآنە سـەدەها نمـایش لەهـەموو شـارو شارۆچـکەکاندا پێشـکەش دەکەن.

بێگەمان ئەم شێوازەی شانۆ بۆ کوردستانیش زۆر گرنگە، هـەروەها زۆر بەسـوودە. ئێمـە گونـد، شاروشارۆچـکەیەکی زۆرمـان هەیـە کـە شـانۆیان تیـادا نیـە. خـەڵکانێکی ئێجگـار زۆریـش لەشارۆچـکەو دێهاتەکاندا بەهیچ شێوەیەك تاکو ئێستا شانۆیان نەدیووە. هـەروەها قوتابخانەکان گۆڕەپانێکی گرنگی شانۆی گەڕۆکە.

گروپێکـی شـانۆی گـەڕۆك لەوانەیـە ئـەمڕۆ پێویسـتیەکی مێـژوویی بێـت. بەتایبـەتی لـەناو گوندەکانمانـدا. خـەڵکانێکی زۆر لەهـەموو پێداویسـتیە شارسـتانیەتییەکان بێبەشـن و تـا ئێسـتا هـیچ جـۆرە چـالاکییەکی یـان رووبـەڕووی پرۆژەیـەکی هونـەری نەبوونەتـەوە. ئەوەشمان لـەبیر نەچێت کە خەڵکی گوندەکانمان خاوەنی سامانێکی گەورەی داب و نـەریتێکی کلتـورین، لەهەمانکاتـدا هـەر ئـەو خەڵکەش و لـەماوەی مێژوویـەکی درێـژدا دووچاری کارەسـاتی راوەدوونـان، تـالآن کـردن، ئـەنفال و تـەختکردنی گوندەکانیان هـاتوون. لـەو بڕوایـەدام کـە گرۆیـەکی شـانۆی گـەڕۆك لـەم شـوێنانەدا بتـوانێ زۆر شـتی گـرنگ بەئەنجام بگەیەنێ.

یـەکێك لەسـیما گرنگـەکانی شـانۆی راگـوزاریش ئەوەیـە کـە خـۆی بچێت بۆ لای خەڵکی، بەتایبەتیش لەو شوێنانەی کە ئەو خەڵکەی تیا دەژی. ئـەو خەڵکانـەی کـە بەشـێوەیەك لەشـێوەکان و بەتـەواوەتی لەبەشێکی گەورەی کۆمەڵگاکان دابڕاون و بەتەنها دەژین.

***بەدەر لەگەڕۆك تۆ تا چەند باوەڕت بەشانۆیەکی راگوزاری (ئیرتیجال) هەیە، بەواتایەك شانۆیەك پشت بەستوو بەڕاگوزاری ئەکتـەرو دوور لـەدەق و بنەمایـەکی کۆنکرێتی، ئەزموونی لەم جۆرە شانۆیە لای تۆ چیدەگەیەنێت؟**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-شانۆی راگوزاری پرۆسەیەکی ئێجگار گرانی شانۆیەو پێویستی بەتەکنیکێکی زۆر بەرزی نواندنە. ئەم شانۆیە لەپێش هەموو شتێکەوە پێویستی بەئەکتەری زیرەك و بەتوانا هەیە، ئەکتەرێك کە لەهەموو بوارەکانی شانۆدا سەلیقەیەکی تەواوەتی هەبێت. هەروەها شانۆی راگوزاری پێویستی بەمەشقی تایبەتیش هەیە بۆ پێگەیاندنی ئەکتەرەکانی. لەشانۆشدا دوو جۆر (راگوزاری) هەیە: یەکەمیان ئەو راگوزارییەی کە وەك تەکنیکێکی پرۆڤەکردن بەکارەهێنرێت و لەخودی راڤەکردنی پیەسەکە خۆیەوە سەرچاوە وەردەگرێت. بۆ نموونە لەکاتی پرۆڤەکردنی پیەسێکی شانۆیدا، ریژیسۆرەکە هونەری راگوزاری و مەشقی ئەکتەرەکانی دەکاتە سەرەتاو سەرچاوەیەکی گرنگی رۆژانی پرۆڤەکردن، بۆ ئەم مەبەستەش مێتودەکانی شانۆی راگوزاری دەبێتە فۆرمێکی گرنگی خۆئامادەکردن بۆ خودی پرۆسە شانۆییەکە. لەم رووەوە لەهەڵوێستە جیاوازەکانی پیەسەکە، ئاشکراکردنی نهێنییەکان و مامەڵەی ئەکتەرەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان دەکۆڵنەوە. چەمکی راگوزاری جولانەوەکانی ئەکتەرەکانیش لەم پرۆسەیەدا دەبێتە ئامرازێکی گرنگی گەیشتنی بەئاستەکانی (لاوعی)و غەریزەکانی مرۆڤ (ئەکتەر) لەکاتی پرۆسەی نواندندا. ئەم جۆرەیان پێی دەوترێت (راگوزاری راڤەکردن). بێگومان راگوزاری راڤەکردن مانای ئەو سەربەستییەش دەگەیەنێ کە لەکاتی پرۆڤەکردندا بەرجەستە دەبێت، واتە سەربەستی کاری ئەکتەر لەگەڵ خۆی، لەگەڵ رۆڵەکەی و لەگەڵ ئەکتەرەکانی تردا.

دووەمیان (راگوزارییەکی ئەفراندن)ە. ئەم جۆرەشیان زیاتر لەشەستەکانی هەزارەی رابردوودا دەرکەوتووەو دواتر پەرەشی سەند. ئەم راگوزارییە ئەفراندنەش، یان خوڵقاندنە، بریتییە لەوەی کە هەندێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەگروپە شانۆییەکان بیرۆکەی پرۆڤەی رۆژانە، گەڕانەوە بۆ تێکستو شانۆنامەیەکی نووسراوو ئامادەو لۆژیکی نمایشە شانۆییەکان وەلاوە ناوەو زیاتر پشتیان بەپرۆسەیەکی راگوزاری بەستووە لەپێکهێنانو بەرهەمهێنانی نمایشە شانۆییەکاندا. بێگومان خودی ئەم مەسەلەیەش شتێکی نوێ نەبوو لەشانۆی هاوچەرخی جیهانیداو بەتایبەتیش لەو سەردەمەدا، بەڵکو رەگو ریشەکانی هونەرێکی راگوزاریو وەك فۆرمێکی تایبەتمەندی شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (1500)ەکانی ئیتالیا و کۆمیادی دیلارتی، وەك لەوەلامی پرسیاری شانۆی گەڕۆکدا ئاماژەم بۆ کردووە.

من لەو بڕوایەدام کە چەمکەکانی شانۆی راگوزاری، بەهەردوو شێوەکەیەوە، بوارێکی گرنگی پڕ لەئەزموون بێت بۆ هەموو هونەرمەندێکی شانۆیی. من بۆ خۆم ئەزموونێکی ساکارم لەم بوارەدا هەیە: لەساڵی (2001)دا قوتابیەکانم دابەشکرد بەسەر چوار گروپدا. هەموویانم بۆ ماوەی هەفتەیەك نارده دەرەوە تا لەشوێنە قەرەباڵغەکاندا (وێستگەی شەمەندەفەر، شوێنی راوەستانی پاسەکان، گۆڕەپانەکانی سەنتەری ستۆکهۆڵمو..هتد) تا بەوردی تەماشای خەڵك بکەن، چۆن دەڕۆن، چۆن دادەنیشن، پەیوەندیکردن بەیەکترییەوە، زمانی جەستەو ئاماژە. هەروەها بەهەمان شێوە گوێ قولاخ بنو گوێ لەقسەکانیان بگرن، دوایش تێبینییەکانیان تۆمار بکەن. دوای هەفتەکە کە گەڕانەوە، گفتوگۆیەکی تێرۆتەسەلمان لەسەر چالاکیەکانی ئەو هەفتەیەو تێبینییەکانیان کرد. هەنگاوی داهاتوو، هەر گروپە بەجیاو لەڕوانگەی چەمکەکانی شانۆیەکی راگوزارییەوەو لەسەر بنەمای تێبینییەکانیان نمایشێکی کورتیان ئامادەکرد. دواتر توانیمان هەر چوار نمایشەکەو بەهۆی هێڵێکی هاوبەشەوە پێکەوە ببەستینەوەو

لەکۆتایدا نمایشێکی تەواوی یەك کاژێریمان بۆ بینەران پێشکەش کرد. لەم ئەزموونەدا هەردوو جۆرەکەی راگوزاریمان بەکارهێنا: راگوزاری ئەفراندن و راگوزاری راڤەکردن.

***ئەمڕۆ زۆرجار باس لەگۆڕانی وەزیفەی شانۆ دەکرێت بەخۆی و هەموو موفرەدەکانیەوە (دەرهێنەر، ئەکتەرو رەخنەگرو..هتد) پێت وایە لەشانۆی هاوچەرخدا وەزیفەی هەموو ئەمانە وەزیفەیەکی نوێیەو دەکرێت بەجۆرێکیتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت؟**

–من لەو بڕوایەدام وەزیفەی شانۆ هەمیشە لەگۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە. ئەگینا مەرگ نزیکترین رێگایە. هەموو سەدەو سەردەمێك پرسیاری خۆیی و فۆرمی تایبەتی خۆی هەیە. بەلاّم گۆڕانکارییەکانی شانۆی هاوچەرخ زیاتر لەبەرچاوە. گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکان هەموو بوارەکانی شانۆ، لەخانووبەرەو جوگرافیای شانۆوە تا دەگاتە هەموو پێکهێنەرەکانیترو پەیوەندییەکانی بینەرانیشەوە. (پیتەر بروك) رۆڵێکی گرنگی لەبەها گرنگەکان و وەزیفە جیاوازو دیدە ئەنتۆلۆژییەکاندا گێڕاوە. هەروەها پیتەر بروك لەشەستەکاندا سەرقاڵی ئەم پرسیارانە بوو. بۆ نموونە لەکتێبی (پانتایی بۆش)دا بەقووڵی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنانە سەبارەت بەئامانجەکانی شانۆو ئامرازەکانی دەکات. پیتەر بروك ئەم مەسەلەیە دەبەستێتەوە بەخودی مامەڵەکردن بەپرۆسە شانۆییەکەوە: چارەسەرکردنی شانۆی کلاسیکی، رووکردنە نووسەرە نوێکان، پەیوەندییەکانی بینەرو هەروەها کۆمەڵگاش لایەنە گرنگەکانی ئەم هاوکێشە هونەرییەن. لەم کێشە گرنگەی شانۆدا پەیوەندیەکانی زەمەنێکی (واقیعی)ی و زەمەنی (شانۆیی) یەکێکە لەگرانترین و چڕترین گرفتەکانی شانۆ.

پیتەر بروك لەم روانگەیەوە رەخنەیەكی توند ئاراستەی هەموو ئەو شانۆیانە دەكات هەوڵی ئەوە ئەدەن كە خۆیان لەپشت شانۆ ترادیشۆنییەكان و شانۆ بۆرژواكانەوە حەشار بدەن. هەر لەم وێستگە گرنگەدا، بۆ گۆڕانگاری و بەكارهێنانی فەلسەفەیەكی تری ئامرازەكانی شانۆ قۆناغە ئەزموونگەرییەكەی دەست پێدەكات. شەستەكانی پرۆژە ئەزموونگەرییەكانی پیتەر بروك دەرگایەكی گەورەشی بەڕووی پشكنینە گرنگە تیئۆری و پراكتیكیەكاندا كردەوە. شانۆ بووە دەروازەیەكی گرنگی گەڕان بەدوای شتە نادیارو شاراوەكاندا. لەم دەروازەیەشدا پەیوەندییەكانی ئەكتەر–بینەر بەشێكی گرنگ و بالای لێكۆڵینەوەو ئەزموونەكان دەبێت.

هەروەها پیتەر بروك هەر لەم قۆناغەدا پێ لەسەر وشەی (پێویست) دادەگرێ. پێویستیەتی هونەری شانۆش بۆ پیتەر بروك دەگەڕێتەوە بۆ بنەما كۆمەلایەتیەكان. چەمكی بنەما كۆمەلایەتیەكان و پەیوەندییەكانی بینەر–ئەكتەر–ریژیسۆر. بێگومان ئەو چەمكە كۆمەلایەتیانە دەبێتە وەزیفەیەكی گرنگی شانۆ.

بۆچوونەكانی پیتەر بروك كاریگەرییەكی گەورەی كردۆتە سەر وەزیفەو رۆڵی شانۆ لەجیهاندا. بۆ نموونە گۆڕانكارییەكان هەموو لایەنەكانی رەوتی شانۆی گرتۆتەوە: جوگرافیای شانۆ، سینۆگرافیا، پەیوەندییەكانی نێوان ئەكتەرو بینەر. ئەم كاریگەرییە پرۆسەی هەڵكۆڵین و گەڕانەكانیشی بەئاراستەیەكی تردا بردووە.

گەر ئارتۆ و گرۆتۆفسكی هەوڵی گەڕانەوەو سەرلەنوێ دۆزینەوەی نەژادە بنەڕەتیەكانی شانۆیان دابێت، ئەوا بەشێكی زۆری لێكۆڵەرەوان و ریژیسۆرە گەورەكانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی لەتەقەلای داهێنان و ئەفراندنی فۆرمێكی تری شانۆدان. فۆرمێكی راستەقینەی نزیك لەنەژادەكانی سەرەتاكانی شانۆوە. واتا بوژانەو گەڕانەوەی داب و نەریتی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شـانۆی گرێکـی، ئێلیزابێسـی و تەنانـەت چـەمکەکانی شـانۆی چـاخەکانی ناوەڕاسـت و کۆمیـدیای دیلارتـیش بەشـێکە لـەم گەڕانـە. هـەموو ئـەم تەقەلایانـەش بـۆ رزگـارکردنی شـانۆیە لەچـەمکە سـیکۆلۆژی و واقیعـەکانی بونیاد و سترکتۆری شانۆ. بێگومان ئەکتەر، ریژیسۆرو پێکهێنەرەکانی تری ئەم کرداره چڕە گرنگەو پەیوەندییەکانی بینەریش لەم گۆڕانکارییە بێبەش نابێت.

نووســینی شــانۆنامەش بەشــێکی گرنگــی ئــەم گۆڕانکارییــە راسـتەوخۆیەی چـەمك و تووخمـەکانی شـانۆیە. بێگومـان نووسـینی شـانۆیش بەکۆمـەڵێ قۆنـاغی جۆراوجۆردا تێپـەڕبووە. ئـەم قۆناغانـەش پەیوەندیـەکی دینـامیکی راسـتەوخۆی بەئـەزموون و رەوتـی شـانۆی جیهانییـەوە هەیـە. هەنـدێ جـار نووسـەرە شـانۆییەکان کلیلـی هـەموو گۆڕانکارییـەکانیان بەدەسـتەوە بـووەو هـەر ئـەوانیش پادشـای تـەختی شانۆ بوون. هەندێ جاریش بەتـەواوەتی رۆڵـی نووسـەری شانۆ وەلاوە نراوەو چۆتە پەراوێزەوە.

ئێسـتاش نووسـەری شـانۆو شـانۆنامەکان بـەهاو رۆڵـی گرنگـی خۆیــان وەرگرتۆتــەوە. زۆر ریژیســۆری جیهــانی هاوشــان لەگــەڵ نووسەری تایبەتمەندی خۆی کار دەکات. لـەم هاوکێشـەیەدا وەزیفەی شــانۆو گۆڕانکارییــەکانی، نووســەری شــانۆ لایــەنێکی گرنگــی پێکدەهێنێ. ئەمـەش بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی زاراوەی نوێ، فـۆڕمی نــوێ و بابــەتێکی تــری جیــاوازی مامەڵــەکردنی ئــەو نووســەرانە بـەجیهانی شـانۆو بەسـتنەوەیان بەیەکـە گرنگـەکانی میکانیزمیـەتی ژیانەوە.

*کتێبێکــت لەســەر (پیتــەر بــروك) نووســیووە، بــەبێ زیــادەڕۆیی یەکێکــە لــەدیارترین هەوڵــەکان لەئــەدەبیاتی شــانۆی ئێمــەدا، ســەبارەت بــەم کەڵــە

دەرهێنــەرە، دەمانــەوێت فەلســەفەی کتێبەکــەت بــزانین و چــۆن ئــەم کتێبــە لەدایکبوو؟

–لەهەشـتاکاندا کـە قوتـابی پـەیمانگای هونەرەجوانـەکانی بەغـدا بـووم، شـانۆی توندوتیـژی زۆر سـەرنجی رادەکێشـام. (ئـارتۆ) نـاوێکی گـەورەو ئەفسـونی بـوو. زۆر بـەوردی کتێبەکـەیم دەخوێنـدەوە. ئەوسـا من و هونەرمەند (مستەفا قەسیم) کە ئەویش قوتابی شانۆ بوو، پێکـەوە بـەش بەبشـی کتێبەکـەمان دەخوێنـدەوە (شـانۆو هاوشـانۆ)، دواتـر گفتوگۆمان لەسەر دەکرد. شانۆی توندوتیژو ئارتۆ زۆر باونەبوو لەناو قوتابیــەکانی‌تردا. بــەلاَم مــن و مســتەفا زۆر بەپەرۆشــەوە بــەدوای سەرچـاوەی ئـارتۆدا دەگـەڕاین. هـەروەها بـۆ دەرچـوونی پـەیمانگاو بڕوانامــە وەرگــرتنیش، کــە مــن لەبەشــی ریــژی بــووم، جگــە لەپێشکەشکردنی کـارێکی شـانۆیی، دەبـوو لێکۆڵینەوەیـەکیش لەسـەر بـوارێکی شـانۆی جیهـانی بنووسـی. مـن شـانۆنامەی (ئـەنتیگۆنا)ی نووسـەری فەرەنسـی (ژان ئـانوی)م پێشـکەش کـرد. باسێکیشـم لەسـەر شانۆی توندوتیژی ئارتۆ نووسی.

هـەر لـەو قۆناغـەدا کۆمـەڵێ باسـی تـرم لەسـەر: تـایرۆڤ، مایرهۆڵـد، ئەندریــە ئــەنتوان، فاختــانکۆڤ، گرۆتۆڤســکی..هتــدو لــەژێر نــاوی (لـەزنجیرەی دەرهێنـەرە جیهانیەکانـدا) بلاَوکـردەوە. بـەلاَم ئـارتۆ وەك ناوەندێکی گرنگی گرنگیپێدانی رۆشنبیری شانۆیم مایەوە.

لێکۆڵینەوەکەشم وەرگێڕایـە سـەر کـوردی کـە لەبنەڕەتـدا بەعـەرەبی نووسیبووم بۆ پـەیمانگا. لێکۆڵینەوەکـەی ئـارتۆ زۆر پـەل‌وپۆی کێشـاو دواتـر بـووە کتێبێکـی سـەربەخۆ کـە لەسـاڵی (1988)دا بلاَومکـردەوە. هەر لەو ساڵانەدا (پیتەر بروك) ناوێکی دیاری شانۆی جیهانی بوو. لەم لاو ئـەولا، لـەگۆڤارو رۆژنامـە عەرەبیەکانـدا جـار جـارە شـتێکی لەسـەر

بڵاودەکرایـەوە. یـان دەنگووباسـی پـرۆژە نوێیـەکانیمان زۆر بـەکورت و کـورتی دەبیسـت. هــەر لەهەشـتاکاندا بـوو کـە هونەرمەنـد (سـامی عبدالحمید) کتێبی (پانتایی بۆش)ی لە(ئینگلیزیی)ەوە وەرگێڕایە سەر زمـانی عـەرەبی و دانەیەکیشـی لەکتێبەکـە بـەدیاری پێشـکەش کـردم. کتێبەکـەم زۆر بەپەرۆشـەوە خوێنـدەوە، دواتـر لەسـوید (پانتـایی بـۆش)م بەسـویدی خوێنـدەوە، بەداخـەوە وەرگێڕانەکـەی مامۆسـتا (سـامی عبدالحمیـد) هەنـدێ کـەلێنی تیادایـەو هەنـدێ لەچـەمکەکانی شـانۆو ناوەکانیـان بووە بەشتێکی تر. بـەلام لـەو رۆژگـارەدا هـیچ پرۆژەیـەکی پیتـەر بروکمـان بەخـەونیش نـەدەدی. هـەر لـەم قۆناغـەدا حـەزم دەکـرد وتارێـك لەسەر پیتـەر بـروك بنووسم. بەلام ئەو وتارە هـەرگیز لـەدایك نـەبوو. دوای ئـەوەی لەتاراوگـە گیرسـامەوە، رۆژێـك بەرێکـەوت رێگـام کەوتـە دەزگـای ئەرشـیف لەسـتۆکهۆڵم. لـەوێ هەنـدێ لـەپرۆژەکانی پیتـەر بـروکم بـەتۆمارکراوی بینـی. بینینـی ئـەو بەرهەمانـە کۆمـەڵێ پرسـیاری لـەلا دروستکردم. هەروەها لەماوەی ئەم شەش، حەوت ساڵەی دوایدا، گەڕاوم و زۆربـەی پرۆژەکـانی پیتـەر بـروکم راسـتەوخۆ لەسـەر شـانۆ دیـووە. لەپاریسـەوە بـۆ ڤیێنـا، بـەلجیکا، ڤینلانـد و دانیمـاك سـەفەرمکردووە تـا پرۆژەکانی پیتـەر بـروك راستەوخۆ لەسەر شانۆ ببینم. ئەمەش ئاسۆگەو تێگەیشتنمی فراوانترکردووە بۆ کارو بەرهەمەکانی.

کۆمـەڵێ وتـاری جۆراوجـۆرم لەسـەر رۆڵـی پیتـەر بـروك لەشـانۆی هاوچەرخی جیهانیدا نووسی. ئەو بەرهەمانەشی کە لەئەوروپا بینیبووم بـووە سەرچـاوەیەکی راسـتەوخۆی ئـەو نووسـینانە. لەبەرئەنجامـدا تێبینیـەکانم زیـاتر فـراوان بـوون، هـەروەها توانیشـم بـۆ چـەند جارێـك پەیوەنـدی بەپیتـەر بـروك خۆشـیەوە بکـەم و هـەموو وەلامێکیشـی بـۆ مـن دەبووە هاندانێکی تری پرۆژەکەم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دواتـر رۆژانێکـی زۆری گـەرمی هـاوین و سـاردی زسـتانی سـویدم لـەژووره زۆر بچـوکەکانی دەزگـای ئەرشـیفدا بەسـەربرد. لـەو ژوورەدا بەشێکی زۆر لەگرنگترین تەقەلاکانی پیتەر بروکم، هەر لەشەستەکانەوە تـا دەگاتـە هەشـتاکان، بـەتۆمارکراوی دی. ئـەم فرسـەتە جگـە لـەوەی سەرسـامی کـردم، دەروازەیـەکی فراوانیشـی بەڕوومـدا کـردەوە. دواتـر بـەهۆی خێزانەکـەی (پیتــەر ڤـایس)وە هەنـدێ لـەڕۆژانی مەشـق و پرۆڤەکردنی (مارا–ساد)م بەڤیدیۆ دی. لـەم فیلمـەدا راستەوخۆ پیتـەر بروکم لەڕۆژانی پرۆڤەو مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەکتەرەکانـدا بینـی. دواتـر قسەم لەگـەڵ هونەرمەندی ناسراوی سویدی (ئێرلان یۆسفسۆن) کرد. ئەم هونەرمەندە تا ئێستا چەند جارێك لەگەڵ پیتـەر بـروك، وەك ئەکتـەر کـاریکردووە. ئـەوەی مایـەوە تـەنها ئـەوەبوو کـە بـەردەوامبم لەسـەر لێکۆڵینەوەکەم.

تا ئێستا سـەدەها کتێب و نامیلکە، لەسەر پیتـەر بروك و بەزۆربـەی زمانەکانی جیهانی نووسراوە، بەڵام هیچ سەچاوەیەك نەك هەر بـەزمانی کـوردی، بـەڵکو بـەزمانی عـەرەبیش نیـە. هـەروەها هـیچ کتێبکێش، بـەم شـێوە چڕو درێـژە باسـی لـەڕەوتی شـانۆی پیتـەر بـروك نـەکردووە. مـن بەوپـەڕی دڵنیاییـەوە دەڵـێم کـە کتێبەکـەم (پیتـەر بـروك لەشـانۆی هاوچـەرخی جیهانیـدا) تـەنها کتێبێکـی تیئـۆری نییـە، بـەڵکو لـەپاڵ فەلسـەفەو دیـدە تیئۆرییـەکانی پیتـەر بروکـدا، هەوڵمـداوە تەقـەلا کردەییەکانیشی بخەمە روو، تیشکی سەرنجیان بخەمە سەرو لایەنە جۆراوجۆرەکانیشـی شـیبکەمەوە. بـەم شـێوەیە لایەنـە تیئۆرییەکـەو هەروەها پراکتیکیەکە پێکدادەچن و یەکتریش تـەواو دەکـەن. ئەمـە جگـە لـەوەی وێنەیـەکی گشـتگرو راسـتەوخۆی مێـژووی هـەوڵ و تەقـەلا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شانۆییەکانی کەڵە ڕێژیسۆرێکی گەورەی وەك پیتەر بروك، لەماوەی زیاتر لەپەنجا ساڵدا دەخاتەڕوو.

***گروپی فرە نەژادی پیتەر بروك و کارکردنی لەشانۆدا، ئەمڕۆ لەزۆر شوێنی دونیا باسی لێوە دەکرێت، تۆ بۆ خۆت لەهەوڵی ئەوەدا نیت لەگروپێکی فرە نەژاددا کاربکەیت، بەم ئاراستە قوڵەی بروك؟**

–بەو ئاراستە قوڵەی بروك لەوانەیە هەندێ گران بێت؟ بەڵام گەر سەیرێکی ئەم مەسەلەیە بکەین دەبینین کە پیتەر بروك هەر لەهەفتاکانەوە گرنگی‌داوە بەئەکتەری فرە نەژاد. دەستپێشکەری ئەم مەسەلەیەش هەر بۆ پیتەر بروك دەگەڕێتەوە. ئەکتەری فرە نەژاد شانەیەکی گرنگ و بنەمایەکی قووڵی کارو دیدێکی ئەزمونگەری پرۆژەکانی پیتەر بروکە. دروستکردنی، یان بەدەستهێنانی فۆرمێکی کلتوری نوێ و جیاوازە. گرۆ شانۆییەکانی‌تر بەبڕوای پیتەر بروك لەپانتاییە مردووەکاندا کاردەکەن. مەبەستی پیتەر بروکیش لەم بۆچوونە راستەوخۆو رەخنە توندوتیژەدا ئەوەیە کە ئەو گرۆیانەو ئەکتەرو ریژیسۆرەکانیان لەخەڵکانی هاوشێوە، هاوزمان، نەژادو چین دروستبوون. ئەمەش مانای وایە کە ئەو هونەرمەندانە هەموویان پێکەوە لەیەك پانتایی چون یەکدا دەسووڕێنەوەو هەمان بۆچوون و تێفکرینیان بۆ مەسەلەکان، بۆ شانۆ، بۆ دەوروبەرو جیهان هەیە.

بەڵام ئەکتەرەکانی پیتەر بروك هیچ شتێکی هاوبەشیان نییە: نە زمانێکی هاوبەش، نە هێمایەکی هاوبەش، نە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی هاوبەش و تەنانەت نە خەندەو پێکەنینێکی هاوبەشیش. لەم رووەوە پیتەر بروك ئاماژە بەم مەسەلە گەوهەرییە بەم شێوەیە دەکات: (بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵە نێونەتەوەییە پەیوەندی بەبینەرەکانیەوە بکات، پێویستە جیهانێکی بچووك پێکبهێنێ. ئەمەش مانای ئەوە نییە

کەسانێك بگرێتەوە کە بەباشی لەیەکتر دەگەن، بەڵکو لەو رووەوەی کە پشت بەجیاوازی و دژەکان ببەستێ. جۆراوجۆرییەتیش رەنگدانەوەیەکی هەمەڕەنگی خودی بینەران بێت). زۆر گرنگە لەم رووەوە ئاماژەی ئەوەش بکەین کە مەبەستی پیتەر بروك لەئەکتەری فرە نەژادو کلتوری جیاواز ئەوە بووە کە سوود لەئاڵوگۆڕی کلتووری و توانا جیاوازەکانی یەکتری وەربگرن. بەمەش ئەزموون و پرۆژە شانۆییەکان دەوڵەمەندتر دەبن و بەپرۆسەیەکی جیاوازتری شارستانیەتە جیاوازەکانیشدا تێدەپەڕن. ئەمە بۆچوونی هونەرمەندێکی وەك پیتەر بروکە، لەکتێبەکەشمدا بەدرێژی باسی ئەم مەسەلەیەم کردووە.

بێگومان تەنها پیتەر بروك رووی نەکردۆتە ئەکتەری فرە نەژاد، بەڵکو زۆر ریژیسۆری جیهانیتر ئەکتەری فرە نەژادی بەکارهێناوە، بەڵام کەمیان توانیویانە هەمان شێوازو ئامانجی پیتەر بروك بپێکن. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ کە کەس نەیتوانیوە ئەکتەری فرە نەژاد بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەکاربهێنێ. هەر لەپاریس شانۆی (رۆژ)و رێژیسۆری گەورە خاتوو (ئاریانا مونشکین) هەنگاوی گرنگی لەم بارەیەوە ناوە.

سەبارەت بەوڵاتی سویدیش گروپی فرە نەژاد، لەسەر هەموو ئاستەکان، هیچ بوونێکی نیە. بەر لەچەند ساڵێك لەمەوبەر، وابزانم لەناوەڕاستی ساڵەکانی (1990)ەکاندا، گرۆیەکی نێونەتەوەیی سەر بەدەوڵەت بەناوی (شیکاستا) لەستۆکهۆڵم هەبوو. ئەندامەکانی ئەو گرۆیە سەر بەوڵاتی جیاوازبوون و کۆمەڵێ ئیشی جوانیشیان کرد، ئەو گرۆیەش زۆر لەمێژە نەماوە. بێگومان بەهەمان قووڵی پیتەر بروك کاریان نەکردووە، ئەوەش وابزانم کارێکی ئاسان نییە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم تەقەلا و ئەزموونێکی بچوکم لەم بوارەدا هەیە. لەساڵی (1995)دا گرۆی پریشکی شانۆی نێونەتەوایەتیم لەگەڵ نووسەرو هونەرمەندی شانۆیی خاتوو (بێریل کۆرنهیل) دامەزراند. هەندێ لەئەندامەکانی گروپەکە سویدی و هەندێکیشی بەنەژاد نەرویژی و ئەڵمانی بوون، بێگومان خۆشم وەك کوردێك. جگە لەمن هەندێ کوردی تریش هاوکارمان بوو. لەگەڵ ئەو گروپە کۆمەڵێ کاری گرنگمان پێشکەش کرد. هەر بۆ نموونە شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)ی نووسەری بەناوبانگی سویدی (ستریندباری)و بەشێوازێکی ئەزموونگەری و جیاواز. نمایشەکەمان لەیەکێك لەڤارگۆنی شەمەندەفەرەکانی شاری ستۆکهۆڵمدا پێشکەش کرد. بێگومان لەکاتی رۆیشتنی شەمەندەفەرەکەدا. ئەم پرۆژەیەی ستریندباری لەنواندن و ریژی خۆم بوو، نمایشەکە پیشوازییەکی باشی لێکرا چ لەلایەن رەخنەگران و چ لەلایەن بینەرانەوە. (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا)ش یەکێکی تر بوو لەپرۆژەکانمان. بەلام گۆدۆکەی ئێمە لەژوورێکی ئاسایی دانیشتنی گەورەی ماڵێکداو لەدورگەیەکی دووری دەرەوەی شار پێشکەشمان کرد.

کۆمەڵێ بەرهەمی ترمان لەبواری شانۆی مۆسیك ئامێزدا پێشکەش کرد. ئەوەی زۆر جیاواز بوو لەمۆرکی پرۆژەکانی ئێمە ئەوە بوو، جگە لەناو شانۆ، لەنێو ڤارگۆنی شەمەندەڤەر، لەناو دارستان، خانووبەری ئاسایی و کڵێساکاندا نمایشەکانمان پێشکەش دەکرد، لەنمایشێکەوە بۆ نمایشێکی تر هەوڵمان ئەدا شوێن و جوگرافیای جیاواز بدۆزینەوەو لەهۆڵی شانۆ تەقلیدییەکانەوە دووربکەوینەوە.

***فەلسەفەی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنیزم لەشانۆدا شان بەشانی مەسەلە فیکریەکان باسی لێوەدەکرێت. دەکرێت بزانین ئاراستەکانی شانۆی پۆست مۆدێرنیزم بەکوێ گەیشتووە؟**

–زۆر گرانە لێرەدا بەبێ قوڵ بوونەوە باسی لایەن و لقە گرنگەکانی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە بکەین بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی ئەم تەوژمەو هۆکارەکانی دروست بوونیان.

هەر لەسەرەتا ساڵەکانی (1900)ەکانەوە تەوژمێکی جیاواز ئەدەب و هونەری گرتەوەو مۆرك و شێوازەکانی دەربڕینیان زۆر جیاوازتر بوو لەسەردەمەکەی پێش خۆیان. لەم دووڕیانەدا ناکرێت باسی گۆڕانکارییە رامیاری، ئابوری و ئایدۆلۆژییەکان نەکرێت. ئەم گۆڕانکاریانەش راستەوخۆ پەیوەست بوو بە بەرەوپێشەوەچوونی مەسەلەکان،ئەم بەرەنجامەش جەنگی جیهانی یەکەمی لێکەوتەوە. دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش، گەردوون بەتەواوەتی گۆڕانکاری گرنگی لەڕووی بنەما کۆمەڵایەتیەکان، بازرگانی، هۆکارەکانی گواستنەوە، بوارەکانی زانیاری و تەکنیکەوە بەسەردا هات. هەر لەم قۆناغەدا لقەکانی ئەدەبیش گۆڕانکاری بەرچاویان بەسەردا هاتووە. بەتایبەتیش لێکۆڵینەوە دەروونیەکانی پزیشکی دەروونی سیگمۆن فرۆید (1856–1939) لەبوارەکانی لاوعی و بەهاکانی خەوندا راستەوخۆ کاریگەری بەسەر ئەدەب و هونەرەوە رەنگیدایەوە.

هەر لەم رێگایەوە تەوژمە هێماییەکان (سیمبۆلیزمەکان) دەرکەوتن. بەر لەم قۆناغەو لەکاتی گەشەکردنی رۆمانتیکیەتدا نووسەرو هونەرمەندەکان زیاتر بەهایان دەبەخشییە سروشت و لایەنەکانی شەو لەژیانی مرۆڤدا. رۆمانسیەکان دووپاتی ئەوەیان دەکردەوە کە ژیانی رۆژانەمان لەخەونەکانمان دا جوانتر دەردەکەون وەك لەژیانی

راستەقینەدا. ئەم دیدە فەلسەفییەی رۆمانسیەکان بووە بنەمایەکی فیکری گەورە بۆ بیروبۆچوونەکانی فرۆید. هەر لەم دەروازەیەشەوە سوریالیەکان هێدی هێدی لەفەرەنسا دەرکەوتن. بێگومان تەوژمی هونەرمەندەکانی سەر بەرێبازی (دەربڕین)یش کردانەوەیەکی گرنگی تری ئەو قۆناغیە.

دواتر لەسەرەتای ساڵەکانی (1900)ەکاندا درامایەکی مۆدێرن سەری هەڵدا. لەناتوورالیزمەوە بۆ ریالیزم و دواتریش سیمبولیزم. رێبازی ریالیزم و سیمبوبیزم لەشانۆنامەکانی هێرنیک ئیبسن و ئاگۆست ستریندباریدا گرنگترین دیاردەکانی ئەو تەوژمە مۆدێرنەیە. ئەم دوو شانۆنامە نووسە هەردووکیان لەباکوری ئەوروپاوە، نەرویژو سوید، دەرکەوتن و کاریگەرییان بەسەر تێکڕای درامایەکی مۆدێرنی ئەوروپییەوە هەبوو.

بەلاّم تەوژمە سیمبولیزمەکە لەناوجەرگەی ئەوروپاوە دەرکەوت. نووسەری گەورەی بەلجیکی مێترلینك (1829-1949) بووە گرنگترین ناوی دراماو شانۆیەکی سیمبولی.

ئەم نووسەرە لەفەرەنساوە، وەك مەڵبەندێکی گرنگی رۆشنبیری زۆر بەخێرایی بلاّوبووەو کاریگەرییەکانیشی بووە سەرەتایەکی گرنگی شانۆیەکی سیمبولیزم لەئەوروپادا.

بەلاّم یەکێك لەدەنگە هەرە گرنگەکانی مۆدێرنیزم لەشانۆو درامادا ئەنتوان شیکوڤە (1860-1904). چیخۆڤ هەرچەندە سیمایەکی گرنگی سیمبولی پیسەکانی دەگرێتەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی، زۆر بەوردی چەمکە لیریکی و خەونە ئامێزەکانی بەرجەستەی بەدواچوونێکی قوڵی ریالیزمی و ژیانی رۆژانەدا بکات. شیکۆڤ بەوپەڕی رێزو بەرزییەوە دەیڕوانییە ئیپسن. شانۆنامەی

باڵندەی دەریاش بەشێوەیەك لەشێوەكان كاریگەری ئیبسنی پێوە دیارەو بەتایبەتیش لەبەكارهێنانی سیمبولی (باڵندە)دا. ئیبسن لەشانۆنامەی (مراوی كێوی)دا باڵندە سیمبولێكی گرنگی فەلسەفەی شانۆنامەكەیەتی.

شانۆی رووسی لەم قۆناغەدا گۆڕانكاری گرنگ و هەنگاوی لەبەرچاویان، لەسەر هەردوو ئاستەكە، دراماو هونەری شانۆ، زۆر بەخێرایی دەنا. شیكۆڤ بەپیسەكانی و ناوەندێكی گرنگیش بۆ نوێكردنەوەی شانۆ لەشانۆی هونەری مۆسكۆدا خۆیبینییەوە. بێگومان هونەرمەندێكی گەورەی وەك كۆنستانتین ستانیسلاڤیسكی (1863–1938) رۆڵێكی فراوانی لەم بوارەدا هەبوو. ستانیسلاڤیسكی هەموو رێگاكان تاقیدەكاتەوە: سەرەتا ناتورالیزم، ریالیزم و دوای ئەوەش لەدەروازەی شانۆنامەكانی ئیبسن و مێترلینكەوە رووەدەكاتە شانۆیەكی سیمبوبیزم. ستانیسلاڤیسكی دواتر زیاتر لەڕوانگەی شانۆنامەكانی شیكۆڤەوە برەو بەڕێبازەكەی خۆی دەدات. بەلاّم بەشێوەیەكی گشتی ستانیسلاڤیسكی بەڕێبازی (پێگەیاندنی ئەكتەرو هونەری نواندن) ناسراوە، وەك لەئەكتەرو ریژیسۆر.

مۆدانیزم لەڕێگای بێرنارد شۆ (1856–1950)ەوە دێتە شانۆی ئینگلیزیشەوە. تێزو نووسینە سۆشیالیستیەكانی كارل ماركس كاریگەریەكی راستەوخۆی بەسەر رەوتی نووسینی بێرنارد شۆوە هەیە، بێگومان (ئیبسن)یش سەرچاوەیەكی گەورەی دروستبوونی توانا شانۆییەكەی ئەم نووسەرە بووە. ئیبسن وەك نووسەرێكی شانۆیی زۆر راستەوخۆ كاریكردۆتە سەر بێرنارد شۆ، بەلاّم بێرنارد شۆ هەرگیز سنورە گەورەكانی شانۆیەكی مۆدێرنیزم نابڕێ و لەسنورێكی دیاریكراودا دەمێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەو كاریگەرییانەی

ئیبسن و سنوری تەسکی مەودا درامیەکەشیدا، بێرنارد شۆ توانی شێوازو پلاتفۆرمێکی تایبەت بەخۆی دروستبکات.

شانۆیەکی دەربڕین ئاسا دەبێتە وێستگەیەکی گرنگی مۆدێرنیزم لەشانۆی هاوچەرخی جیهانیدا. ستریندباری بەشانۆنامە دەربڕینەکانی وەك خەونە یاری، بەرەو دیمەشق و شانۆنامەکانی ژوور، قۆناغێکی گرنگی ئەم بوارە دەبرێت. ئەم تەوژمەش هەوڵیدا لەڕوانگەی دراماوە گوزارشت لەلایەنە ناوەکی و قوڵەکانی ژیان بکات. ئەمەش لەو سەردەمەدا تەوژمێکی راستەوخۆی دژ بەناتورالیزم بوو.

ناتورالیزم لەتەقەلای خستنەڕووی رووکارەکانی دەرەوەی ژیاندا بوو، بەلاّم ئێکسپرێسیونیزم (دەربڕین) لەتەقەلای بەرجەستەکردنی لایەنە نادیارەکانی ژیان و لاوعی مرۆڤدا بوو. هەر لەم رووەوە بۆ نموونە هونەری سینۆگرافیاو رۆڵی ریژیسۆرو فەلسەفەیەکی وێنەیی بووە چەمکەکانی ئەم شانۆیەو لەهەمانگاتدا دابڕانێکی سەرانسەری لەگەڵ ناتورالیزم و ریالیزمدا دروستکرد.

شانۆی دەربڕین زۆر بەخێرایی بەهەموو جیهاندا بلاّوبووەوە، جگە لەستریندباری، نووسەری ئەمەریکی ئۆژین ئۆنێل رۆڵی گرنگ و لەبەرچاوییان لەم بوارەدا هەیە.

شۆڕشی ئێکسپرێسیونیزم لەشانۆدا، سەرەتایەکی پتەوو بوو بۆ توژمە ئەزموونگەری و دواتریش ئەپسوردیزمەکانی پەنجاکانی هەزارەی رابردوو.

دوای جەنگی جیهانی دووەم رێبازی ئەپسۆرد لەهەموو تەوژمەکانی تر زیاتر دەرکەوت، کە بۆ یەکەمجار لەساڵی (1953)دا شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە) نمایشکرا، زایەڵەی زەنگی رێبازێکی نوێ، شێوازێکی جیاوازو فۆرم و فەلسەفەیەکی تری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مـۆدێرنیزم دەنگــی دایــەوە. بێگومــان نووســەری ئێرلەنــدی ســامۆیل بێکیــت (1906-1989) پێشــڕەوی ئــەو قۆناغــە نوێیــەی دراماو شانۆیەکی مۆدێرنی جیهانی بوو. سامۆیل بێکیت ڕێگای بۆ کۆمەڵێ شـانۆنامە نووسـی تـری نەوەکـەی خـۆی خۆشـکرد، لەوانـەش یـوژین یونسکۆ (1909-1994). یوژین یونسکۆ بەشانۆنامەی (کورسیەکان) کە لەساڵی (1956)دا بۆ یەکەمجار نمایشکرا، مەودایەکی گەورەترو بەرەوامیەکی پتەوی بەخشی بەبزووتنەوەی شانۆی ئەبسوّرد. ئەوەی جێگـای سـەرنجە چ لـەلای بێکیـت لـە(بـەدەم چاوەڕوانی گـۆدۆوە)و چ لـەلای یـۆژین یۆنسـکۆ لـە(کورسـیەکان)دا، بێگومـان پیەسـەکانی تریشیان، زمان بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ کراوە. ئەو زمانە لۆژیکیـەی شـانۆی ریـالیزم بەتـەواوەتی تێکدەشـکێنرێ. لـەبری ئـەوە زمـانێکی جیـاواز: وشـەی پچـڕ پچـڕ، رسـتەی ناتـەواو، دەسـتەواژەی کورت..هتد دەبێتە بەشێك لەفەلسەفەی ئەم نووسەرانە.

دابڕانــی مــرۆڤ، تــەنهایی، کاریگەرییــەکانی جــەنگ و بێهیــوایی، نامۆبوون لەخێزان و کۆمەڵگا دەبێتە بنەما فیکری و فەلسەفیەکانی ئەم نووسـەرانە. هـەر لەسـەرەتای بیستەکانیشـدا بزووتنەوەیـەکی شـانۆیی مــۆدێرن، بەتایبــەتی دوای تەقــەلا زۆر ناتورالیزمیــەکانی شــانۆی سەربەست و ئەندریە ئەنتوان لەپاریس، دەرکەوت. ئەو بزووتنەوەیەش گەشەکردن و بەردەوامیەکی راستەوخۆی شانۆی هونەری مۆسکۆ بوو. هـەر لەبیسـتەکاندا ریژیسـۆرێکی گـەورەی وەك ڤیسـیڤۆلد مایرهۆڵـد (1874-1942) دەرکەوت. ئەم هونەرمەنـدە رێبـازی بیـۆ-میکانیزمی داهێنــاو هەوڵیــدا بگەڕێتــەوە بــۆ بنــەما ســەرەتاییەکانی شــانۆی رۆژهــەڵاتی. بنــەما ئێســتاتیکیەکان تــووخمێکی گرنگــی مێتــودی کارەکانی مایرهۆڵد بوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئـەم شـێوازی کارکردنـەی مایرهۆڵـد نابێتـە جێگـای سـەرنجی رووسـیای سـتالین، بۆیـە دەگیرێـت و زۆر بەئاسـانی ئـەو هونەرمەنـدە گەورەیە دوردەخرێتەوەو دواتریش تیرۆر دەکرێت.

لەئەڵمانیا ئێرڤین بیسکاتۆر (1893–1966) درێـژەی بەڕێبازەکەی مایرهۆڵد دا، بەڵام شانۆکەی بیسکاتۆر دواتـر زیاتر رێچکەیەکی تری وەرگـرت و بـووە شـانۆیەکی رامیـاری. بیسـکاتۆر مەبەسـتی بـوو کـە لەڕێگای شانۆی تۆمارییەوە هانی چینی پرۆلیتاریا بدات تا شۆڕش هەڵگیرسێنن. بیسکاتۆر لەسەرەتای ساڵەکانی (1930)داو لـەڕێگای سویسراوە ئەڵمانیا بەجێدەهێڵێ و دواجار لەئەمریکا دەگیرسێتەوە. لەم زنجیرە گۆڕانکارییـە بنەڕەتیانـەی شـانۆی هاوچـەرخدا، یـان مۆدێرنـدا، برێشـت (1898–1956) دەبێتـە بەشـێکی زۆر گـرنگ. برێسـت تـوانی لـەڕێگای شـانۆ داسـتانی و فێرگەییەکەیـەوە هەناسـەیەکی نـوێ ببەخشـێتە شـانۆ. هەرچـەندە رەگ و ریشـەی شـانۆی داسـتانی، یـان تـەکنیك و فەلسـەفە شـانۆییەکەی برێشـت دەگەڕێتـەوە بـۆ مایرهۆڵـدو دوای ئـەوە بەردەوامیـەکی راسـتەوخۆی بیسـکاتۆر. بـەڵام لەگـەڵ ئەوانەشدا برێشت توانی چەمکێکی جیاوازترو بنەمایەکی هاوچەرخ بۆ شانۆی مۆدێرنی ئەوروپی بخوڵقێنێ.

برێشـت داهێنـەری یـەکێك لـەگرنگترین چـەمکەکانی شـانۆی هاوچەرخە (نامۆبوون). ئـەم چەمکەش تێگەیشتنی هاوکێشەو پرۆسە شانۆییەکانی بەتـەواوی گـۆڕی. برێشـت بـۆ رێبازە شانۆییەکەی خـۆی کۆمـەڵێ شـانۆنامەی زۆر گـرنگیش نووسـیووە، لەوانـە: دایکـە ئـازاو منداڵـەکانی، بنـەماو دەرەکـی، مرۆڤـی پـاك، پـۆتێلاو مـاتی، گالیلۆگالی..هتد. پیتـەر بـروك لـەکتێبی (پانتـایی بۆش)دا گرنگییـەکی زۆری بەبرێشـت داوەو بـەکلیلی شـانۆی هاوچـەرخی دادەنـێ. هـەروەها

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیتەر بروك ئاماژە بەوەش دەكات كە زۆر گرانە بۆ هەر یەكێك كە بەڕاستی لەبواری شانۆدا كاردەكات ئاوڕ لەبرێشت نەداتەوە.

ئەمڕۆ مرۆڤی هاوچەرخ، یان مرۆڤی ئەم چەرخە پۆست مۆدانیزمە، شان بەشانی گلوبالیزم و گۆڕانكارییە خێراكانی تری جیهان، ڕووبەڕووی جۆرێكی جیاوازی هونەرو شانۆ بۆتەوە. شانۆش لەگێژاوی ئەم گۆڕانكارییانەدا، بەهەمان شێوە هەنگاوی خێرای ناوە. لە(ئەڤانتگەرتەوە) بۆ (پۆست مۆدانیزم)و لەوێشەوە بۆ (پێرڤۆر مێنس).

مرۆڤی ئەم سەردەمە بەبێ هیچ گیروگرفتێك لەنێوان ئاكارو ترادیشونە تەقلیدی و تێپەڕاندنی ئەو ئاكارانەدا هاتووچۆ دەكات. ئەوەی جێگای ئاماژەكردنیشە ئەوەیە كە لەم پرۆسەیەدا دیدو ناوەرۆكی شتەكان، یاخود دەقەكان، ئاستی نمایشەكان دیاری ناكات، بەڵكو خودی نمایشەكان گەمەی پرۆسەكە دەخاتەگەڕ. پیەسە شانۆییەكان لەپرۆسە پۆست مۆدانیزمەكاندا هەڵدەوەشێنرێ و سەرلەنوێ لەبوونیادی نمایشەكاندا بنیاتدەنرێتەوە، گێڕانەوەی چیرۆكەكە زەمەنێكی خەونە ئامێز لەخۆدەگرێت. ئەوەی پۆست مۆدانیزمەكان باسی دەكەن، سەرەتاكەی بەشێوەیەك لەشێوەكان دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوونەكانی ئارتۆو دواتریش گرۆتۆڤسكی، ئەو دیدە جیاوازە شانۆییانە، ئەمڕۆ لەپرۆسەی بەرەوپێشەوەچوونی زەمەندا گەیشتۆتە قۆناغەكانی پۆست مۆدێرنیزم.

هەروەها یەكێك لەناوەندە گرنگەكانی شانۆیەكی پۆست مۆدێرنیزم شكاندنی هەموو بەربەستە تەقلیدییەكان و گەمەكردنە بەو سنورە داڕێژراوەی كە لەنێوان بینەرو تەختە شانۆدایە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جوولانەوەی پۆست مۆدێرنیزم لەحەفتاکاندا سەری هەڵداوەو ئەمڕۆش گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز. ریژیسۆری ئینگلیزی (رۆبێرت ویلسون)و (رۆبێرت لێباش)ی کەنەدی دوو دەنگی گرنگی شانۆیەکی پۆست مۆدێرنیزمن. ئەم دوو ریژیسۆرە بەردەوام لەسەر زۆربەی شانۆی وڵاتە ئەوروپییەکان کاردەکەن. من بەش بەحاڵی خۆم هەندێ لەنمایشەکانیانم لەستۆکهۆڵم، شۆپنهامن، بەرلین و پاریس دیووە.

لەشانۆی پۆست مۆدێرنیزمدا ئاستێکی گرنگی جیاوازتر دەبەخشرێتە بینەران و بەهای بینەران لەپرۆسە شانۆییەکاندا. لەدووتوێی کۆمەڵە رووداوێکی ناتەبا، نالۆژیکی و کۆلاشئاسادا، بینەرو شانۆ هەموو پەیوەندییە تەقلیدیەکانی خۆی لەدەست ئەدات. کارەکتەرەکان، هەریەکە وەك خودی سەربەخۆو دوور لەیەکتری و لەبازنە پەیوەندییەکانەوە دەجوڵێتەوە.

ستراکتۆرە بنەڕەتییەکانی ئەم شانۆیە وێنەیەو (بینین) رۆڵێکی گرنگتری هەیە وەك لەگوێگرتن. شانۆی پۆست مۆدێرنیزم گەڕانەوەیە بۆ بنەما ریتواڵی و داستان و ئەفسانەکان.

جگە لەو دوو ریژیسۆرەی کە لەلای سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، کۆمەڵێ گرۆی تری گرنگیش لەوڵاتەکانی ئەوروپادا هەیە، بۆ نموونە گرۆیەکی بەلجیکی لەم بوارە مۆدێرنەی شانۆدا هەنگاوی گەورەیان ناوە. گرۆی (Tg Stan) بەهەناسەیەکی پۆست مۆدێرنیزمی درێژ کاردەکەن. یەکێك لەنمایشە گرنگەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییان شانۆنامەی (Poguelin) بوو. ئەم نمایشەیان لەهەشت شانۆنامەی جۆراوجۆری (مۆلێر)ەوە ئامادەکردبوو. زمانی پیەسەکە بەتەواوەتی تێکشکێنرابوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رەخنەگرەکان لەڕاڤەی ئەو مەسەلەیەدا دووپاتی ئەوەیان دەکردەوە کە بەکارهێنانی زمان بووبووە یەکەیەکی گرنگی نمایشەکە: وشەی پچڕ پچڕ، بەکارهێنانی دەنگی جیاواز، ریتم و تەرتیلەی دینی و فۆلکلۆری و دابەشکردنی دەیالۆژەکان..هتد.

ئەمە تەنها نموونەیەکە لەنێوان هەزارەها پرۆژەی پۆست مۆدانیزمدا. مەسەلەی پۆست مۆدێرنیزمیش گەیشتۆتە کۆتایی گێڕانەوەی چیرۆکە گەورەکان. ئەوەی گرنگە لەم نەخشە نوێیەدا ئاماژەی بۆ بکرێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت هەموو جۆرە ئایدۆلۆژیەتێکیش بەهاکانی خۆی بەتەواوەتی لەدەست داوە.

ئەکتەرو هونەری نواندنیش لەم پرۆسە پۆست مۆدێرنیزمەدا جێگای سەرنج و بایەخپێدانە" ئەکتەرەکان بەهیچ شێوەیەك رۆڵی، یان کارەکتەری ترادیشۆنی نابینن، بەڵکو لەبری ئەوە زۆر بەڕوونی و ئاشکرا بەبێلایەنی و دوورەپەرێزی مامەڵە لەگەڵ رۆڵەکانیان دەکەن. هەندێ لەڕەخنەگرە ئەوروپییەکان، بەزمانێکی گاڵتەئامێزەوە دەڵێن (پۆست برێشتیزم)، وەك ئاماژەیەك بۆ تەکنیکی نامۆبوون و دوور وەستانی ئەکتەر لەگەڵ رۆڵەکانیاندا، لەشانۆ دیالیکتیەکەی برێشتدا.

بەلاّم ئەوەمان لەیاد نەچێت و دووبارەی بکەینەوە کە ئەم پۆست برێشتە نوێیە (پۆست مۆدانیزم)، بەپێچەوانەی برێشتەوە، بەهیچ شێوەیەك هیچ جۆرە ئایدۆلۆژییەتێك لەخۆناگرێت.

***باس لەخامۆشی شانۆ دەکرێت، وەك فەلسەفەیەکی گشتی لەبەرامبەر سینەمادا، تا چەند هەست دەکەیت سینەما شانۆی پەراوێزخستبێت؟**

-شانۆ دێرینترین هونەری دنیایە. مێژووی شانۆ مێژووی شارستانیەت و مرۆڤایەتیە. شانۆ یەکەم ئامرازەکانی دەربڕینی حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ بووە. هەروەها یەکەم تەقەلا فیکری و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فەلسەفییەکانی مرۆڤایەتیش بووە. ئەو فۆرمەی شانۆی تیا لەدایک بووە، ئێستاش هەمان فۆرمە. هیچ هونەرێکیش لەجیهاندا هێندەی هونەری شانۆ بەم شێوەیە بەرگری لەشێوەو فۆرمی خۆی نەکردووە. گەر لەنزیکەوە لەپرۆسەی بەرەوپێشەوەچوونی هونەری شانۆ، لەگرێکەوە تا ئەمڕۆ ووردببینەوە، هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نابینین. لەگەڵ ئەوەشدا شانۆ وەك هونەرێکی زیندوو، لەچەقی بزاڤە رۆشنبیری و کلتورییەکەی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا ماوەتەوە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو فۆرمی شانۆ بۆتە زمانێکی جیهانی و وەك گەمەیەکی ئێستاتیکی، هەموو گەلانی دنیای پێکەوە کۆکردۆتەوە.

ئەوەی ئەم نەمرییەشی بەخشیوەتە هونەری شانۆ زمان و ئەو پەیوەندییە زیندوو و راستەوخۆیەیە کە لەنێوان جەماوەرو نمایشە شانۆییەکاندا هەیە.

بەلاّم سینەما بە بەراورد لەگەڵ شانۆدا هونەرێکی نوێیەو بەرەوپێشەوەچوونەکانی تەکنیك و ئامێرە سینەماییەکان وایکردووە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا سینەما هەنگاوی ئێجگار فراوان بنێت. بەلاّم هەموو تەکنەلۆژیاو هونەری سینەما ناتوانێ ئەو رووبەڕووبوونەوە گەرم و راستەوخۆیەی نێوان بینەران و نمایشە شانۆییەکان بەدەست بهێنێ لەهەندێ سەردەم و قۆناغی جیاوازدا، بەهۆی باری رامیاری، ئابوری، کۆمەلاّیەتی، ئاینی یان هەر فاکتورێکی ترەوە بێت، بۆ نموونە وەك ئێستای کوردستان، شانۆ شکست دەهێنێ، دەکەوێتە پەراوێزەوەو لەبیردەچێتەوە. بەلاّم هەر ئەوەندەی بوارێکی بچوکی هەناسەدانی بۆ هەڵبکەوێت، سەرلەنوێ سەرهەڵئەداتەوە. لەبەر ئەوە زۆر گرانە بەلای منەوە، سینەما بتوانێ شانۆبخاتە پەراوێزەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*بەریەککەوتنی سینەماو شانۆ، بەریەککەوتنێکی شەفاف و جیوەییە، دەکرێت ئەزموونی (بێریمان) لەشانۆی سویدیدا دیارترین هەوڵ بێت. پێت وایە شانۆو سینەما لەداهاتوودا دەبنەیەك هونەرو بەئاراستەیەکی هونەری یەکتری دەبڕن؟

–ئینگمار بێریمان دیاردەیەکی زۆر تایبەت و دانسقەیە لەبواری سینەماو شانۆدا. تا ئێستا سەدەها کتێب و لێکۆڵینەوە لەسەر بێریمانی سینەمایی بەجیاو بێریمانی شانۆیی بەجیا بلاۆکراونەتەوە. بەلاّم لەم (دە) ساڵەی دواییدا، رەخنەگرو لێکۆڵەرەوەکان روویان کردۆتە کاریگەرییەکانی ئەم دوو لایەنە بەسەریەکەوە: بێریمانی شانۆ لەسینەماو بێریمانی سینەما لەشانۆدا، فیلم یان شانۆ، فیلم و شانۆو جەستەی شانۆو چاوی سینەما.

بێریمان زۆر بەئاشکرا دیدو بۆچوونە ئەفسونیە سینەماییەکانی، هەمیشە لەکارو پرۆژە شانۆییەکانیدا رەنگی داوەتەوە. هونەری سینەماو دەسەلاّتی کامیرا، وەك کەرەستەیەکی گرنگی وێنەیی، دەبێتە شێوازێکی تری بەرجەستەکردن و دارشتەی دیمەنەکان، پچڕاندن، مۆنتاژ، تابلۆی خێراو وێنەی نزیك ستركتوری دیمەنە شانۆییەکانی پێکدەهێنێ.

ئینگمار بێریمان زیاتر وەك داهێنەرێکی گەورەی سینەمایی ناوبانگی دەرکردووەو ریژیسۆرێکی گەورەی وەك (کۆرۆساوا) باس لەگرنگی و کارتێکردنەکانی بێریمان دەکات بەسەریەوە. بەلاّم ئینگمار بیریمان لەدەروازەکانی هونەری شانۆوە ژیانی هونەری خۆی دەستپێکردووە. سیەکانی هەزارەی رابردوو و لەگەڵ شانۆی قوتابیاندا لەستۆکهۆڵم دەبێتە سەرەتاکانی ئەو کاروانە درێژە. لەچلەکانیشدا دەبێتە یەکێك، یان راستر گەنجترین بەڕێوەبەری شانۆیەکی گەورەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سـەر بـەدەزگاکانی دەوڵـەت. فـیلم دروسـتکردن دواتـر دێـت. یەکـەم تەقەلاکانیشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (1944). ئینگمـار بێریمـان لەژیانی هونەریدا زیاتر لەچل فیلمی سینەمائی دەهێنێتە بەرهـەم‌و زۆریشـیان هـەر لەنووسـینی خۆیـەتی. ئەمـە جگـە لـەزیاتر لەسـەد شانۆنامەشـی بـۆ شـانۆکانی سـویدو بەشـێك لەولاتـە ئەوروپیـەکان‌و بەتایبەتی (ئەڵمانیا) بەرهەمهێناوە.

ئینگمـار بێریمـان لەشـانۆدا زیـاتر گەڕاوەتـەوە سـەر (ئیبسـن، سـتریندباری‌و مـۆلێر). ئـەم نووسـەرانە سێکوچکەیەکی گرنگـی دیـدی شانۆیی بێریمان بووەو زۆرجارو زیاد لەجارێك گەڕاوەتەوە سەریان. بـۆ چـەندین جـار (هیـدا گابلـەر)ی ئیبسـنی پێشکەشـکردووە، چـوار جـار (خەونە یاری)و (سۆناتای تارمایی) ستریندباری‌و..هتد.

بێگومـان کۆمـەڵێ ریژیسـۆری تـری جیهـانی لەهـەردوو بوارەکـەدا شـانۆ–سـینەما کاریـان کـردووە. بـەلام هـیچ ریژیسـۆرێك وەك (ئینگمـار بێریمان) نەیتوانیوە بەو شێوە چڕەو بۆ ماوەیەکی ئێجگار دوورودرێـژو بەشـــێوەیەکی هاوتـــەریب بـــەردەوامی بـــدات بـــەکارە ســـینەمایی‌و شانۆییەکانی.

بێریمان لەبەشێکی درێژی ژیانی هونەریدا، هەندێ جار توانیویەتی لەیەك هاوینـدا دوو فیلمـی تـەواوەتی بەئـەنجام بگەیـەنێ، لەزستانیشـدا خەریکی بەرهەمە شانۆییەکانی بووە.

ئـــەم گەڕانـــە چـــڕە بەردەوامـــەش لـــەنێوان شـــانۆو ســـینەمادا کاریگەریەکی راستەوخۆی لەهەردوو بوارەکەدا: شانۆ بەسـەر سینەماو سینەماش بەسـەر شـانۆوە بەجێهێشـتووە. ئـەم دیاردەیـەش نـەك تـەنها لەشانۆو سینەمای سویدیدا، بـەڵکو لەهـەموو رەوتـی شـانۆو سـینەمای جیهانیدا بێ وێنەیە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەشت من لەو بڕوایەدا نیم کە شانۆو سینەما ڕۆژێ لەڕۆژان ببنە یەك هونەر. کاریگەری لەنێوانیاندا دەبێت، زۆرجار ڕیژیسۆرە شانۆییەکان تەکنیك و دیمەنی سینەمائیان بەکارهێناوە. ئەم مەسەلەیەش نوێ نیە. لەبیستەکاندا (بیسکاتۆر) بۆ شانۆ تۆماری و ڕامیارییەکەی دیمەنی سینەمائی بەکارهێناوە. ئەم ئەزموونەش لەقۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژووی شانۆی جیهانیدا (بەئاراستەی جۆراوجۆر) دووبارە بۆتەوە. بەڵام هەرگیز شانۆو سینەما ناتوانن ببنە تەنها یەك هونەر. ئەم دوو هونەرە وەك دوو لقی جیاواز دەمێننەوەو بەدوو ئاراستەی جیاواز کاردەکەن. بەڵام کاریگەری لەنێوانیاندا، وەك پرۆسەیەکی سروشتی هەر دەمێنێتەوە.

***دەمانەوێت بزانین ڕەوتی شانۆی سویدی لەکۆن و نوێدا بەکوێ گەیشتووە، وەك دەزانین تۆ ئێستا کتێبێکت لەسەر شانۆی سویدی ئامادەیە بۆ چاپ، دەکرێت بەقوڵی ئاشنامان بکەیت بەشانۆی سویدی؟**

–هونەری شانۆ هیچ ئاسەوارێکی ئەوتۆی نەبووە لەوڵاتی سوید تا لەساڵەکانی (1592)دا بۆ یەکەمجار گرۆیەکی شانۆیی لەوڵاتی ئینگلستانەوە سەردانی سویدیان کردووەو لەکۆشکەکانی پادشادا نمایشەکانیان پێشکەشکردووە. لەساڵی (1559)شدا گۆستاڤ ڤاسای پادشا سەردانی ستۆکهۆڵم دەکات. ئەو سەردانە دەبێتە سەرەتای ڕووداوێکی هونەریش. خودی پێشوازییەکە دەبێتە نمایشێکی مۆسیقا، کۆراڵ و نمایشی لێبوك ئاسا. لەساڵەکانی (1600)ەکاندا وڵاتی سوید بەقۆناغێکی زۆر جیاوازدا تێدەپەڕێت. لەم قۆناغەدا سوید دەبێتە وڵاتێکی گەورەو خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز لەهەموو دەوروبەرەکەدا. هەر لەم سەردەمەدا هونەرو کلتوریش بەهایەکی تایبەتی پێدەبەخشرێت و گۆڕێکی تر بەر هونەرە جۆراوجۆرەکان

دەکەوێت. نمایشی (بالێت ئاسا) دروست دەبێت: شانۆیەکی مۆسیقی، سەماو دیالۆژی ئاسایی پێکەوە کۆدەکاتەوە. هۆکارەکانی ئەم دەرکەوتنەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی (کریستینا)ی شاژن کە بایەخێکی زۆری بەخشیبووە کلتورو سودی لەخانوبەرەو ترادسیۆنی شانۆکانی ئەو کاتەی ئیتالیا و فەرەنسا وەرگرتبوو. (کریستینا) یەکەم شاژنی سویدیە کە لەو سەردەمەدا میوانداری گرۆی شانۆیی لەدەرەوەی ولاتەوە کردووە، تا نمایشە شانۆییەکانیان لەکۆشکە شاهانەکان و ئەو شانۆیانەشی کە دروستیکردبوون پێشکەش بکەن. لەساڵی (1652)شدا یەکەم گرۆی ئیتالی سەردانی سویدیان کردووە. ئەم گرۆ میوانانە زیاتر نمایشەکانیان بەزمانی ئیتالی، ئەڵمانی یاخود ئینگلیزی بووەو شانۆش بۆ یەکەمجار بەزمانی سویدی لەسەردەمی کۆستاڤی سێیەمدا پێشکەش دەکرێت.

کۆستاڤی سێیەم بۆ یەکەمجار شانۆیەکی نەتەوایەتی و پادشایەتی لەولاتی سویددا دادەمەزرێنێت. بەلام بەر لەدەسەلاتی (کۆستاڤی سێیەم)و بەتایبەتیش شەڕە سی ساڵیەکەی ئەوروپا (1618–1641)و دوای دەسەلاتی (گۆستاڤ ئەدۆڵفی دووەم) سوید پەیوەندیەکی چڕو راستەوخۆی بەئەوروپاوە دەبێت. ستۆکهۆڵم وەك شارێکی نێونەتەوەیی گرنگ و ناوەندێکی هەمەلایەن ئاماژەی بۆ دەکرێت. سوید مەڵبەندی دەسەلاتی ئەوروپا دەبێت، لەم قۆناغەدا بەردەوام گرۆی شانۆی کۆمیدی ئەڵمانی، ئینگیزی، هۆڵەندی و ئیتالی سەردانی ستۆکهۆڵمیان کردووەو نمایشەکانیان، جگە لەکۆشکە شاهانەیەکاندا، لەشوێنە گشتیەکانیشدا پێشکەش کردووە. هەر لەم قۆناغەشدا بۆ یەکەمجار شانۆی درۆتینگهۆڵم بنیاتدەنرێت. ئەم شانۆیەش تاکە کۆنترین شانۆیە لەجیهاندا کە تاکو ئێستا چۆن دروستکراوە، وەك

خۆی پارێزراوە. ئەم شانۆیە شاژنی سوید خاتوو (لۆڤیسا ئۆلریکا) بڕیاری بنیاتنان و دروستکردنی داوە. بۆ ئەم مەبەستەش هونەرمەندی ئەندازیار (کارل فرێدریك ئادڵسرەنتز) نەخشەکانی ئەم خانوو بەرەیە وەك شانۆیەکی بارۆك دەکێشێ. شانۆی درۆتینینگهۆڵم لەساڵی (1766)دا بەتەواوەتی تەواو دەبێت.

شا (گۆستاڤی سێیەم) دامەزرێنەری یەکەم تەقەلا گرنگەکانی شانۆیەکی سویدیە. ئەم پادشایە خۆی ئارەزوویەکی ئێجگار زۆری بەشانۆوە دەبێت و خۆشەویستیەکی بێپایانی بۆ هونەری نواندن دەربڕیووە. گۆستاڤ سێیەم بۆ یەکەمجار لەساڵی (1773)دا ئۆپێرای لەستۆکهۆڵم دامەزراندوە. هەر خۆشی دەست دەکات بەنووسینی پیەسی شانۆیی بەزمانی سویدی و لەسەر شانۆکانیش پێشکەش دەکرێت. هەروەها گۆستاڤی سێیەم لەساڵی (1788)دا شانۆی پادشایەتی (دراماتن) وەك شانۆیەکی نەتەوایەتی دادەمەزرێنێ. گۆستاڤی سێیەم ژیانی پادشایەتی خۆی لەسەر شانۆ دەست پێدەکات و هەر لەسەر شانۆش کۆتایی پێدەهێنرێت. گۆستاڤی سێیەم لەساڵی (1771)دا لەپاریس و لەکاتی نمایشێکی شانۆیدا هەواڵی مەرگی باوکی (ئەدۆلف فرێدریك) وەردەگرێت و هەر لەوێشدا خۆشی دەکرێتە پادشاو تاجی پادشایەتی دەکاتە سەری. لەساڵی (1792)دا بۆ دواجار لەژیانیدا سەردانی شانۆ دەکات.

گۆستاڤی سێیەم لەو شەوەدا لەئۆپێرای پادشایەتی و لەئامادەبوونی ئاهەنگێکی دەمامك پۆشیندا دەکوژرێت.

(گۆستاڤی سێیەم) بنەمایەکی پتەو بۆ دامەزراندنی شانۆیەکی نەتەوایەتی سویدی دادەڕێژێ، بەشێوەیەك کاریگەریەکی راستەوخۆ بەسەر نەوەکانی دوای خۆی و ئایندەی رەوتی شانۆی سویدییەوە

بــەجیٚدەهێڵێ. ئــەم کاریگەرییــەش لەســاڵەکانی (1840) بــەدواوە رەوتێکی‌تر لـەخۆدەگرێت. شانۆی سویدی لـەم قۆناغـەدا زیاتر بـەرەو شـانۆیەکی هونـەری هـەنگاوەکانی دەنـێ. لـەم قۆناغـەدا بـۆ نموونـە شانۆی پادشایەتی گورێکی بەهێزو جیاواز لەخۆدەگرێت و گرنگیـەکی تـەواوەتی دەدات بەنووسـینی دراماو شـانۆنامەی خۆمـاڵی سـویدی. لەسـاڵی (1846)دا یەکـەم شـانۆنامەی سـویدی پێشـکەش دەکرێـت، ئەمـەش دەبێتـە رووداوێکـی هونـەری گـرنگ و بەبـەها بـۆ ئـەو قۆناغـە نوێیەی شانۆی سویدی. لەم سەردەمەدا شانۆنامەکان زیاتر لەمێـژووی شـاکانی سـویدو رووداوی تـری مێژووییـەوە سەرچـاوە وەردەگرێـت. هـــەروەها هـــەر لـــەم قۆناغەشـــدا شـــانۆی پادشـــایەتی گرنگـــی بەشانۆنامەکانی شەکسپیرو بەتایبەتیش (هاملێت)داوە.

هونەری شانۆی فەرەنسی و زمانی فەرەنسی کاریگەریـەکی زۆریان بەسـەر شـانۆی سـویدییەوە دەبێـت. قوتابخانـە هونەریـەکانی شـانۆ، هونـەری نوانـدن و تەنانـەت زۆربـەی زاراوە هونەرییـەکانی فەرهـەنگی هونـەری شـانۆ لـەزمانی فەرەنسـییەوە دێتـە زمـانی سـویدیەوە. گـرۆ شـانۆییەکان، سـەماو گۆرانیـەکانی فەرەنسـا دەبنـە بەشـێکی گرنگـی ژیانی پڕ لەبەزم و ئاهەنگی نێو کۆشکە پادشایەتیەکانی سوید. زمانی فەرەنســی دەبێتــە زمــانی رۆشــنبیر، دەرەبــەگ و پیــاوە گــەورەکانی دەوڵەت. بەڵام دەتوانین بڵێین کـە مێـژوو و ترادیشـونی شانۆی سـویدی بەشــێوەیەکی گشــتی لەســەر بنــەماکانی شــانۆیەکی ســیکۆلۆژی و تەوژمەکانی رێبازی ریالیزم بنیاتنراوە. شانۆ شانۆی وشـەیەو وشـەش بەهاوگرنگیـەکی تایبـەتی لەپرۆسـە شـانۆییەکاندا هەیـە. بێگومـان ئـەم مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری بابەتی هەمەلایـەن، بەڵام گـرنگترین ئـەو هۆکارانـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو کلتـورو دابونەریتـە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شانۆییە دەوڵەمەندەی هەردوو شانۆنامە نووسی جیهانی کە (هێنریک ئیبسن و ئاگۆست ستریندباری) خوڵقاندوویانە. ئەم کلتورە شانۆییە سەرەتایەکی پتەوی بۆ بزووتنەوەی شانۆی سویدی دروستکردووەو بۆتە وێستگەیەکی گرنگ و بەردەوامیەکی هەمیشەیی. بەدرێژایی مێژوو چەندین نەوەی تری شانۆنامەنووس و ریژیسۆر، ئەو شوێن پێیەیان هەڵگرتووەو لەبزووتنەوەیەکی بێنەسرەودا برەویان بەو جموجۆڵە شارستانیە مرۆڤایەتیە داوە. گەر لەنزیکەوە بڕوانینە گرنگترین ناوەکانی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی، ئەوا بەبێ شک هونەرمەندانی وەک (ئینگمار بێریمان)و دواتریش نووسەری شانۆیی (لاش نۆرێن) نموونەیەکی بەرزی ئەو بەرەوپێشەوەچوونەن. بەڵام بەشێوەیەک گشتی دەتوانین بڵێن کە (ئۆلۆڤ مۆلاندەر، ئالف شوێباری و ئێنگمار بێریمان) وەک سێ ریژیسۆری گەورەی شانۆی پاشایەتی لەستۆکهۆڵم رۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لەنوێکردنەوەو دروستکردنی شانۆیەکی مۆدێرنی سویدیدا.

شانۆی سویدی لەسالآنی (1800)ەکانداو هەر لەسەردەستی ستریندباریدا پێدەنێتە قۆناغێکی گرنگەوە. سەرەتاکانی بزوتنەوەیەکی شانۆیەکی راستەقینە، هاوچەرخ و هەمەلایەن دەبێتە سەرەتای چەرخێکی تازەو گرنگی شانۆیی. لەم رووەوە بابەتی شانۆنامەکان و چۆنیەتی نووسین و تەکنیکی پیەسی شانۆنامەکانی ستریندباری، دەبێتە سەرەتایەکی پتەوی دامەزراندنی پرۆژەی شانۆی سویدی.

ستریندباری هەوڵیداوە لەشانۆنامەکانیدا باسی ئەو مرۆڤانە بکات کە لەگەڵ ژیان، لەگەڵ یەکتری و خواشدا نەگونجاون و شەڕیان کردووە. باسی ئافرەت و کێشەکانی، ئافرەت و پەیوەندییەکانی بەجیهانی

پیاوەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە شانۆنامەکانی کێشەو ململانێیەکی گرانی دەروونی و فیزیکی لەخۆدەگرێت.

شانۆی ئەمڕۆی سویدیش زۆر جیاوازو بەربلاوە. جگە لەشانۆی پادشایەتی و شانۆی شار، کۆمەڵێ گرۆی سەربەستی جۆراوجۆر هەیە. شانۆی بووکە شووشەو شانۆی منداڵان بەهایەکی گرنگیان هەیە. جگە لەستۆکهۆڵم لەزۆربەی شارە گەورەکاندا شانۆی (شار) هەیە. هەروەها شانۆیەکی نەتەوایەتی گەرۆکی گەورەشیان هەیە. ئەم شانۆ گەرۆکە لەساڵەکانی (1930)دا دامەزراوەو نمایشی شانۆیی جۆراوجۆر دەهێنێتە بەرهەم و لەگەشتی هونەریدا لەو شاروشارۆچکانەی کە شانۆیان تیادا نییە پێشکەشی دەکەن.

نامەوێت لەمە زیاتر بچمە باسەکەوە، بەتایبەتی کە ئەم مەسەلانە زۆر بەوردی و قووڵی و دوورودرێژی لەکتێبەکەمدا باسیان دەکەم.

***(ستریندباری)یش ناوێکی زۆر دیارە لەشانۆی سویدی و ئەوروپیدا، بەڕێزت کتێبێکی سەنگینت لەسەر نووسیووە، دیسانەوە دەمانەوێت، لەسەر ئەو سەنگینەی (ستریندباری) بۆمان بدوێت لای شانۆی هاوچەرخی سویدی؟**

-ستریندباری تەنها (63) ساڵ ژیاوە. بەڵام شەست و سێ ساڵی پڕ لەڕووداو، نووسین، سەفەر، داهێنان و ژیانێکی پڕ لەشێتێتی. هەروەها لەماوەی ئەم شەست وسێ ساڵەدا، وڵاتی سویدیش بەکۆمەڵێ گۆڕانکاری زۆر خێراو گرنگدا دەڕوات. لەساڵی (1849)دا کە ستریندباری لەدایک دەبێت، سوید بریتیی بووە لەکۆمەڵگایەکی هەژاری کشتوکاڵی. بەڵام لەساڵی (1912)دا کە کۆچی دوایی دەکات، سویدیش بووبووە وڵاتێکی پیشەسازی و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی جیاواز لەهەموو ڕووەکانیەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ســـــتریندباری زۆر بـــــەوردی و لەنزیکـــــەوە ئاگـــــاداری رووداوو گۆڕانکارییەکانی ئەو کاتەی ئەوروپا بووە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو لەزۆر رووەوە پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو. هەروەها وەك نووسەرێکی داهێنـــەریش هەمیشـــە لـــەگۆڕانکاری گرنگـــدا بـــووە، هـــەر ئەمـــەش وایکردووە کە تاکو ئێستا نووسینەکانی زیندوون و دەکرێت هەمیشەو بەدیدو شێوازی جیاوازو تازە بخوێندرێتەوە.

ستریندباری خوێندنی باڵا تەواو ناکات، بەڵام هەر لەگەنجییەوە ئارەزوویەکی گەورەو بەتینی بۆ شانۆ بووە. یەکێك لەخەونەکانیشی ئەوە بووە کە ببێتە ئەکتەر. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی زۆر ئەدات بەڵام سەرکەوتوو نابێت. لەبەرئەنجامدا بۆ ئەوەی لەشانۆ دوورنەکەوێتەوە، لـەبری ئـەوەی ببێتـە ئەکتـەر دەکەوێتـە تەقـەلای نووسـینی پیەسـی شانۆیی.

لەسـاڵی (1870)دا یەکـەم پیەسـی خـۆی بەناونیشـانی (لـەڕۆم) دەنوسـێ و لەسـەر شـانۆی پادشـایەتی پێشـکەش دەکرێـت. ئەمـەش سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ ئەو گەنجە پڕ لەووزەو عەشقە گەورەیە بۆ شانۆ. دوای ئەو تەقەلا بچوکە، تەنها دوای دوو ساڵ، واتە لەساڵی (1872)داو بەتـەنها دوو مـانگ شـانۆنامەی (میسـتەر ئۆلـۆف)، وەك شانۆنامەیەکی مێژوویی سەرکەوتوو دەنووسێت. ستریندباری تەمەنی تـەنها (23) سـاڵان بـووە کـە ئـەو شـاکارە گەورەیـەی نووسـیووە. ستریندباری بەشانۆنامەی (میستەر ئۆلۆف) وەك نووسەرێکی گەورە ئاماژەی بۆ دەکرێت. ئەم شانۆنامەیە ستركتورێکی بەهێزی هەیەو ناوەرۆکی چڕو دیدێکی قوڵی شانۆیی و زمانێکی ساکار بوونیادەکانی پێکدەهێنێ. ستریندباری لەو تەمەنەیدا سوودێکی زۆری لەتەکنیکی شانۆییە مێژووییەکانی شەکسپیر وەرگرتووە. شانۆییەکەش باسی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەسایەتی (ئولاوس پێتری) قەشە دەکات. ئەم قەشەیە گەنجێکی خواپەرستە، بەلأم ئەزموونی کاری قەشەیی زۆر ساکارو کاڵ‌و کرچە. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیداوە سەرکردایەتی تەوژمێکی رادیکاڵ‌و پڕ لەگۆڕانکاری بکات لەکۆمەڵگای سویدیدا، بەلأم ئولاوس پێتری لەکارو پلانەکانیدا سەرکەوتوو نابێت. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی کەسایەتی ئەم قەشەیە لەبەرامبەر یاساکانی دەوڵەت‌و هێزی دەسەلأت، ئەم قەشەبە لەزەمەنی (گۆستاڤ ڤاسا)دا ژیاوە، گۆستاڤ ڤاساش پادشایەکی بەدەسەلأت‌و زۆر بەهێز بووە، لەبەر ئەوە ئولاوس پێتری نەیتوانیوە بەهیچ شێوەیەك ململانێی ئەو پادشایە بکات.

ستریندباری بۆ ماوەیەکی کورت لەساڵەکانی (1870)دا وەك رۆژنامەنووس کاری کردووە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێ‌ وتاری رەخنەی شانۆیی نووسیووە. ئەو وتارە رەخنەییانە دواتر دەبێتە بنەمایەك بۆ دیدو بۆچوونە هونەریەکانی سەبارەت بەهونەری نواندن‌و ریژی. ستریندباری لەساڵی (1879)دا رۆمانی (ژووری سوور) بلأودەکاتەوە. ئەم رۆمانە تەنها سەرکەوتنێکی ئەدەبی گەورە نابێت بۆ ستریندباری، بەڵکو تێپەڕاندن‌و نوێکردنەوەیەکی بێسنورو وەرچەرخانێکی گرنگ بووە لەهەموو ئەدەبی سویدیدا. ستریندباری لەساڵی (1883)دا ولأتی سوید بەجێدەهێڵی‌و تا ساڵی (1889) ناگەڕێتەوە. لەم قۆناغەی ژیانیدا، بەشێوەیەکی نیمچە گەرۆك لەفەرەنسا، نەمسا، سویسرا، ئەڵمانیاو دانیمارك ژیاوە. بێگومان تەوژمەکانی شانۆو رەوتی شانۆی ئەوروپی زۆر کاریتێدەکات. ئەم کارتێکردنەش هێندەی‌تر ستریندباری لەهونەری شانۆ نزیك دەکاتەوە. بەلأم شانۆکانی سوید خەونەکانی ئەو ناهێننەدی، لەبەر ئەوە دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی خەونێکی هەمیشەیی بووە. یەکەم هەوڵەکانیشی لەم بارەیەوە

دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵەکانی (1880). دوای ئـەوە چـەندین هـەوڵی تـری داوە، بـەلاّم هـیچ کـام لـەو هەولاّنـەی سـەرینەگرتووە. بـەلاّم لەسـاڵی (1888)داو دوای هـــەموو هەوڵـــەکانی ســـویدی، لەشـــۆپێنهامنی پایتـەختی دانیمـارك لەگـەڵ (سـیری ڤـۆن ئێسـت)ی ژنـی شـانۆیەکی ئەزموونگەری ئەسکەندەناڤی دامەزراندووە. تەمەنی ئەم شانۆیە زۆر نابێتو هەردوای نمایشکردنی چەند شانۆییەك دادەخرێت. سیری ڤۆن ئێست ئەکتەرێکی ناسراوی ئەوکاتە دەبێتو لەیەکەم نمایشی کردنەوەی ئەو گرۆ ئەزموونگەریـەدا بـەڕۆڵی (خـاتو ژۆلیـا) لەهـەمان شانۆنامەدا بەشداریدەکات.

بزووتنەوەی شانۆی ناتورالیزم لەفەرەنساوە بەهـەموو ئـەورووپادا بلاّودەبێتەوە. (ئەندریە ئەنتوان)و شانۆی سەربەست، لەگەڵ (ئەمیل زۆلا) وەك نووسەرێکی ئەو شانۆیە دەبنە زمان حاڵی ئەو بزووتنەوە هونـەریو ئەدەبیـە. سـتریندباری لـەم شـانۆیەدا هەوایـەکی پـاك هەڵدەمژێو ئەو شانۆیانەشی کە لەسوید قەدەغە دەکرێت، لەسەر شانۆی سەربەست لەپاریس پێشکەش دەکرێت. هەر لەم قۆناغەشدا شـانۆنامە ناتورالیزمـە گرنگـەکانی (بـاوك) 1887و (خـاتو ژۆلیـا) 1988 دەنووسێت. ئەم دوو شانۆنامەیە دەبێتە شۆڕشێکی گەورە بـۆ شـانۆی نـاتورالیزم لەجیهانـدا. سـتریندباری خـۆی لەیـەکێ لەنامەکانیدا سەبارەت بەڕۆڵو شوێنی شانۆنامەی (باوك) دەڵێت: شانۆگەری (باوك) بەرجەستەیەکی درامای سەردەمە، مۆرکێکی زۆر نـامۆ لـەخۆدەگرێت. نامۆیـە لەبەرئـەوەی ململانـێ لـەنێوان گیاندایـە نـەك پاڵەوانـەکان، لەبەرئـەوەی جـەنگی بیروبـاوەڕە نـەك خەنجـەر. ئەدیبەکانی فەرەنسا تائێستا دەگەڕێن بۆ شێوازێکی راست، بەلاّم من دۆزیمەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەیرانێکی دەروونی دنیادیدەیەکی تری شانۆیی لەلای ستریندباری دەخوڵقێنێ. ئەم نووسەرە گەورەیە تووشی نەخۆشی و ئاڵۆزیەکی گرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێت. ستریندباری وا دەزانێ هەموو خەڵکی بەدوای ئەوەوەن و راوی دەنێن. هەروەها هەستکردن بەگوناه بەتەواوەتی شپرزەی دەکات. بەلاّم ئەم هەستکردنە بەگوناەو راوەدوونانە هەستێکی قوڵی ئاینی لەلا دروست دەکات. ئەم قۆناغە گرانەی ژیانی ستریندباری لەپایزی ساڵی ($1894$)ەوە دەستپێدەکات و تا هاوینی ساڵی ($1897$) دەخایەنێ. هەر لەم قۆناغەی ژیانیدا کتێبی (دۆزەخ) دەنووسێ. ئەم کتێبە وێنەیەکی بیۆگرافی ژیانێکی ئاڵۆزی پڕ لەکێشەی دەروونی و دۆزەخی ئەو قۆناغەی ستریندبارییە. هەر لەو روانگەیەشەوە، لەمێژووی کلتوور و ئەدەبی سویدیدا، ئەو قۆناغە لەژیانی ستریندباریدا بە(دۆزەخ) ناودەبرێت.

ئەم قەیرانە دینییە، ئەم قەیرانە دەروونیە، دیدو بۆچوونەکانی ستریندباری بەتەواوەتی دەگۆڕێت و وەك نووسەرێکی نوێ سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوە. ئازارەکانی مرۆڤ و هێزە سروشتیە گەورەکان دەبێتە فەلسەفەی دیدو بۆچوونەکانی. بێگومان ئەو قۆناغە دۆزەخیە دەبێتە زەمینەی ئەزموونێکی دەوڵەمەندو لەنووسینەکانیدا رەنگ ئەداتەوە. ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە ستریندباری لەنووسینەکانی دوای قۆناغی دۆزەخدا، بەتەواوەتی لەڕێبازی ناتورالیزم و ریالیزم دووردەکەوێتەوەو شانۆنامەکانی زیاتر مۆرك و سیمایەکی دەربڕین، سوریالی و پڕ لەخەون لەخۆدەگرێت.

ساڵی ($1898$) بەشی یەکەمی سێ کوچکەی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) بلاّودەکاتەوە. ئەم شانۆنامەیەش لەسێ بەش پێکهاتووەو دادەنرێت بەسەرەتایەکی گرنگی رێبازی (دەربڕین) لەشانۆی

هاوچەرخی جیهانیدا. رووداوەکانی ئەم شانۆنامەیە بەشێوەیەکی مەجازی لەدیدو بۆچوونەکانی کەسایەتی سەرەکی پیسەکەوە، کابرای (نەناسراو)ەوە دەبینرێت. ئەم کارەکتەرەش هیچ ناوێکی نییەو تەنها بەکابرایەکی غەریب (نەناسراو) ناونراوە. ئەم کەسایەتییە، لەڕوانگەی رووداوەکانی شانۆنامەکەدا، دابەشدەبێت بۆ چەندین کەسایەتی‌تر، بەمەش هەریەکەیان لایەنێك لەلایەنەکانی کەسایەتیە سەرەکیەکە، کابرای (نەناسراو) دەردەخات. لەهەمانکاتدا ئەو کەسایەتیە جیاوازانەش پێکەوە کێشەکانی بیروهۆشی ناوەوەی خودەکە روونەدەکەنەوە.

شانۆنامەکەش، بەهەرسێ بەشەکەیەوە، رەنگدانەوەیەکی راستەوخۆی ژیانی تایبەتی ستریندبارییە. لەهەمانکاتدا بەوەرچەخانێکی گرنگی هونەری، سێکسی و دینی دادەنرێت لەمێژووی شانۆو درامای ستریندباریدا. ستریندباری لەم پیەسەیداو لەڕوانگەی ئەندێشەیەکی پڕ لەفەنتازیاوە رووناکی، مۆسیقا، سیمبول، خەون‌و شیعری بەکارهێناوە تا راستی‌و بنەما گرنگە رۆحیەکانی ژیان‌و مرۆڤ دوور لەڕواڵەتە مادییەکانەوە بەرجەستە بکات. کارەکتەرە (نەناسراو)ەکە بەدەست ئازار، ژان‌و هەستکردن بەگوناهەکانیەوە دەتلێتەوەو گێنگڵ ئەدات. هەروەها ئەو کەسایەتیە دەیەوێت لەگەشتێکدا ئەو ژان‌و ئازارە لەگەڵ (خانم)ێکدا بەش بکات. ئەو خانمەش بەئاشکرا رەنگدانەوەی هاوسەرەکانی ستریندباری خۆیەتی.

ناونیشانی پیەسەکەش (بەرەو دیمەشق) ئاماژەیەکە بۆ گەشتەکەی (شائوول) بەرەو دیمەشق‌و بڕواهێنانی بەمەسیحیەت. ستریندباری ئەو ناونیشانەی لە(تەورات)ەوە وەرگرتووە، وەك وێنەیەکی گرنگ بەرجەستەی گەشتە ئەفسونیەکەی کارەکتەری (نەناسراو) دەکات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مـن خـۆم بەشـی یەکـەمی ئـەم شـانۆنامەیەم لەسـاڵی (1997)دا لەڤێسـتیڤاڵی نێونەتـەوەیی سـتریندباری لەسـتۆکهۆڵم و لەیـەکێك لەڤارگۆنـەکانی شـەمەندەفەری هێڵـی ناوشـارداو بـەزمانی سـویدی پێشکەشکردووە. نمایشەکە لەڕیژی و نواندنی خۆم بوو. هەروەها بووە هـۆی گفتوگۆیـەکی بـەربلاوی شـانۆیی لەنێوەنـدە هونەرییەکـەی ستۆکهۆڵم و سویددا.

ستریندباری لەساڵی (1902)دا یـەکێك لـەگرنگترین شانۆنامەکانی تری (خەونە یاری) دەنوسێ. لەم ساڵانەشدا ستریندباری بەقوڵی بیری لەوە کردۆتەوە کە بەتەواوەتی کۆتایی بەژیانی بێنێت و خۆی بکوژێت. فەلسـەفەی ئـەم شـانۆییەش ئامـاژەکردنی ژیانـە وەك لایـەنێکی شـەڕانگێزە، بـەلام لەهەمانکاتـدا دووپـاتی ئـەوەش دەکاتـەوە کـە ژیـان تەنها خەون و خەیاڵە، لەم خەونەشدا مرۆڤ دەبێتە کەسانی شەڕانگێزە، لەبەرئـەوەی ژیـان ژەهراوییـان دەکـات. ئـەوەی پـەردەش لـەڕووی ئـەم ژیانە پڕ لەژانەش هەڵدەماڵی کچی ئیندرای خواوەندە.

ستریندباری شانۆنامەی (خەونـەیاری) بەخۆشەویسـترین بەرهـەمی خۆی دادەنێت، لە(خەونەیاری)دا ژیان، خەون، شیعر دەکاتە یەکەیـەکی هونەری و ناوەرۆك و هزری پیەسەکە. ئیندرای خواوەند کچەکەی خۆی دەنێرێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی تا لـەبارودۆخی ژیـانی مـرۆڤ بڕوانـێ. ئـەم کچـی خواوەنـدە لەسـەر زەوی کۆمـەڵێك خـەڵك دەبینـێ، لەوانـە ئەفسـەر، پـارێزەرو شـاعیرێك. کچـی خاوەنـد لەکۆمـەڵێ ژان و ئـازار، بێئومێـدی و نووشوسـتی لـەژیانی خەڵکیـدا هـیچ شـتێکی‌تر بـەولاوە نابینێ. هەر لەبەر ئەوەشە ئەم کچی خواوەندە بەردەوام دەڵێت: (مرۆڤ جێگـای بەزەییـە!) ئـەوەی جێگـای سـەرنجە ئەوەیـە کـە سـتریندباری، بەشێوازێکی زۆر بەرز، تـەکنیکی خـەون لەشانۆنامەی (خەونـە یـاری)دا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەکاردەهێنیٚ. خەونو ژیان لەگەمەیەکی سەرسوڕهێنەردا پێکدادەچن. لەپانتاییەکانی ئەم شانۆییەدا هەموو شتێك شایانی روودانە، کاتو شوێن هیچ بوونێکی نییە، رووداوەکان لەناو کۆمەڵیٚ وێنەی جیاوازو نالۆژیکیدا بەرجەستە دەبن" پێکداچوونێکە لەبیرەوەری، ئەزموونی سەیر، رووداوی زۆر سەربەست، شتی نابەجیٚو راگوزاری. کارەکتەرەکان دەبن بەدوو کەرتەوە، دەبن بەدووان، دەبن بەهەڵم، چڕدەبنەوە، پێکدادەچن، بڵاودەبنەوەو کۆدەبنەوە. شانۆنامەی (خەونە یاری) یەکێکە لەگرنگترین پیسەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانیو کاریگەرییەکی راستەوخۆو تەواوەتیشی نەك بەسەر شانۆی سویدییەوە، بەڵکو بەسەر تێکڕای بزاڤی شانۆی جیهانییەوە هەیە.

ستریندباری زۆر بە بەرهەم بووە، لەهەموو بوارەکاندا بەقووڵی شاکاری جۆراوجۆری نووسیووە. جگە لەشانۆنامە ناتوراليزمو ئەو شانۆ دەربڕینە هەمەچەشنانە، شانۆنامەی سیبمولیو مێژوویشی نووسییووە.

ساڵی (1902) شانۆنامەی (گۆستاڤی سێیەم) دەنووسێت. گۆستاڤی سێیەمیش پادشایەکی خەیاڵ پلاوبووەو گرنگیەکی زۆری داوە بەشانۆ. شانۆی پادشایەتیو ئۆپێرای پادشایەتیش هەر ئەو دایمەزراندوون. ستریندباری بەشێکی زۆری مێژووی سویدو ژیانی پادشاکانی دەکاتە قۆناخێکی گرنگی شانۆییە مێژووییەکانی. دراما شاهانەییە مێژووییەکانی ستریندباری بریتیە لە: گۆستاڤ ڤاسا، ئێریکی چواردە، گۆستاڤی سێیەم، گۆستاڤ ئادۆڵف، کریستیناو کارلی دوانزە. ستریندباری بۆ نووسینی ئەم شانۆنامە مێژووییانە کاتێکی زۆری بەپشکنینو لێکۆڵینەوەی سەرچاوەو رووداوە مێژووییەکانەوە خەریك نەکردووە. بەڵکو لەبری ئەوە زۆر لەو گرفتو کێشانەی کە لەو

شـانۆییە مێژووییانــەدا خســتونیەتە روو، راســتەوخۆ لەهەڵوێســتەو ژیانی خۆیەوەوەریگرتوون.

سـتریندباری بـۆ نووسـینی ئـەو شـانۆییە مێژووییانـەی سـودێکی زۆری لـــەمێتودو تـــەکنیکی شـــانۆییە مێژووییـــەکانی شەکســـپیر وەرگرتووە، بەتایبەتیش لەو رووەوەی کە ئەو کارەکتەرە مێژووییانـەی بەشـێوەیەکی سـاکار بەرجەسـتەی گرفـت و کێشـە رۆژانەییـەکانی نـاو ژیـانی رۆژانـە کـردووە. (گۆسـتاڤ ڤاسـا) دادەنرێـت بەیـەکێك لەباشـترین شانۆنامە مێژووییەکانی.

سـتریندباری بـۆ نووسـینی ئـەم شـانۆنامەیە سـنوورو رووداوە مێژووییـەکانی وەك خـۆی وەرگرتـوو. هـەر بـەو شـێوەیەش کارەکتـەرو پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەی هێناوە. بەڵام بەشێوەیەکی هونەری و تازە دایڕشتوونەتەوە، قۆناغێکی درێژی مێژوویی بەشێوازێکی چڕ لەهێڵ و رووداوێکی شانۆیی و رۆنانێکی درامی سەرکەوتووانەدا کۆکردۆتەوە.

سـتریندباری لـەپایزی سـاڵی (1907)دا خەونـە دێرینەکـەی بـۆ دامەزرانـدنی شـانۆیەکی تایبـەت بـەخۆی دێتـەدی. لـەم ساڵەداو لەگەڵ هونەرمەندی شانۆیی (ئاگۆست فالك) (1882–1938) شـانۆی ئینتـیم دادەمەزرێنێت و هەر خۆشی بەڕێوەبەرایەتی و سەرپەرشتی ئەو شانۆیە دەکـات. سـتریندباری وەك ریژیسـۆریش لـەم شـانۆیەدا کاردەکـات و بـــەردەوام یارمـــەتی ئەکتـــەرەکانی ئـــەدات بـــۆ بەرجەســـتەکردنی کارەکتـەرەکانیان. ئـەم شـانۆیە تـەنها پیەسـەکانی سـتریندباری خـۆی پێشـکەش دەکـات و هەنـدێ پیەسـی تایبـەتیش هـەر بـۆ ئـەم شـانۆیە دەنووسـێ. بـۆ نموونـە هـەر لـەم سـاڵانەدا شـانۆییەکانی گەمـەی ژوور (زریـان، زەوی سـووتاو، سـۆناتای تارمـایی، سـەقاقوش، دەستکێشـی رەش) دەنوسـێ. ئـەم پیەسـانەی گەمـەی ژوور، یـان شـانۆی هـۆدە،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێکداچـــوونێکی خـــەون، دەربـــڕین، جیهـــانێکی ســـوریالیزم و ناتورالیزمێکی پڕ لەشیعرە. ئەم شانۆنامانە گرنگیەکی بێهاوتایان لەشانۆی هاوچەرخی جیهانیدا هەیە.

ستریندباری ئەم شانۆیە لەژێر کاریگەری شانۆی سەربەستی فەرەنسی و شانۆی ژووری ئەڵمانیدا دادەمەزرێنێ. ئەم شانۆ گرنگە تەنها چوار ساڵ بەردەوامدەبێت و بەهۆی بارێکی گرانی داراییەوە ناچاردەبێت لەساڵی (1910)دا دابخرێت. ستریندباری خۆشی دوای دووساڵ، واتە ساڵی (1912) کۆچی دوایی دەکات.

***شانۆی شەقام لەئەوروپا باس دەکرێت، کە گروپی شانۆکان لەشەقامەکاندا کاردەکەن، ئایا فەلسەفەی شەقام لەکوێوە هاتووەو بەرەو چ ئاراستەو شوێنێك دەڕوات؟**

–بەڕاستی من بۆ خۆم تاکو ئێستا، وەك چەمکێکی تایبەتمەندی شانۆ، یەك جار شانۆی شەقامم لەئەوروپا دیووە. ئەویش لەساڵی 1995دا لەڤێستیڤاڵێکی گەورەی نێونەتەوەیی شانۆیی لەشاری تامەرڤۆشی ولاتی فینلاند. یەك دوو گروپی ئینگلیزی هەندێ نمایشیان لەسەر شەقامەکانی ئەو شارەدا پێشکەش کرد.

بەلام نەژادو سەرەتاکانی چەمکی شانۆی شەقام بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1500ی ئیتالیا و کۆمیدیای دیلارتی. کۆمیدیای دیلارتی بنەمایەکی گرنگی بۆ شانۆی راگوزاری و شانۆی شەقام و هەموو جۆرە شانۆکانی تری لەو بارەیەوە داناوە.

کە لەو سەردەمەدا هونەرمەندەکانی کۆمیدیای دیلارتی شانۆنامەکانیان لەکۆڵان و سەر شەقام و باخچەکانی شارو شارۆچکەکانی ئیتالیادا پێشکەش کردووە، سەرەتایەکی گرنگیان بۆ تەقەلاکانی شانۆی شەقام لەئەوروپا داناوە. ئەم ترادیشۆنە تاکو ئێستا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەئیتالیا و شارەکانی تری ئەورووپا، بەشێوەو شێوازێکیتر پێشکەش دەکرێت. بەلاَم شانۆی شەقام و چەمکە نوێیەکانی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی هەزارەی رابردوو. لەشەستەکاندا چەندین گرووپی شانۆیی، بەتایبەتیش گرووپی سەر بەچەپەکان دروست بوون کە پەیامێکی رامیاریان هەبوو. ئەو گرۆیانە بۆ گەیاندن و بلاَوکردنەوەی ئەو پەیامە رامیارییانە روویان کردە سەر شەقام و باخچە گشتیەکانی شارە گەورەکان.

شانۆی شەقام وەك شانۆیەکی رامیاری توانی تەوژمێکی بەهێزو بەربلاَو دەستەبەر بکات. بێگومان گۆرانی، مۆسیقا، هونەری ئۆکرۆبات و شانۆ وەك بنەمایەکی سەراپاگیر سترکتوری ئەو شانۆی شەقامەی خولّقاندبوو. هونەری شانۆیەکی راگوزاری و تێکستی ئامادەکراویش، شانەکانی پیەسەکانیانی پێکهێناوە. لەم هاوکێشەیەدا جەماوەر توخمێکی گرنگی ئەو پرۆسە شانۆییە. ئەم گرۆ گەرۆکانە، لەسەر شەقامەکان رووداوی گرنگی ژیانی رۆژانە، لەڕووی ئابووری، کۆمەلاَیەتی و رامیارییەوە، بەبێ هیچ رتووشکردنێك و راستەوخۆ خستۆتە بەردەمی جەماوەر. زۆرجار تەوەرەکانی ئەم نمایشانە مەسەلە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ولاَتە گەورەکانی دەخستەڕوو، بۆ نموونە جەنگی ڤێتنام.

بێگومان ئەم گرۆ شانۆییانە زۆر بەتوندی هێرشیان دەکردە سەر کۆمەلّگای بۆرژوازی و داموودەزگاکانیان. دژی شانۆ باوەکان بوون، دژی نرخی بلیت و چۆنیەتی بەرهەمهێنان و تەنانەت خانووبەرە شانۆییەکانیش بوون.

ئەم گرۆیانە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە شانۆ دەبێت بۆ هەموو چینەکانی کۆمەلّ، بەبێ یەکسانی بێت. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە

شـانۆکانیان گوێزایـەوە بـۆ سـەر شـەقام و شـوێنە گشـتییەکان. بۆچـوونەکانی ئـەم گـرۆ شـانۆییانە لـەڕزگارکردنی مرۆڤـی تـاك و کۆمەڵگایەکی یەکسانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. ئەم تەوژمەی شانۆیە زیـاتر لەئـەمریکاوە سـەری هەڵـداو زۆر زوو بەوڵاتـە ئەوروپیەکانیشـدا بڵاوبـووەوە. شـانۆ سەربەسـتەکانی پـەنجاو شەسـتەکان، بـۆ نموونـە ژۆلیـان بێـك، یودیـت ماڵینـا و یۆشـایکین کاریگەرییـەکی راسـتەوخۆی بەسەر شانۆی شەقامی شەست و حەفتاکانەوە هەبووە.

ئەم شانۆ رامیارییە لەحەفتاکانداى لەئەوروپا زیاتر پەردەسێنیٚ و پرسـیارە رامیارییـەکانی رۆژانـەی خـەڵکی دەبێتـە بنەمایـەکی گرنگـی وروژاندنی نمایشەکانیان. بەلاّم ئەم شانۆیە ئێستا بەهەمان ئاراستەو وزەو هێـزی شەسـت و حەفتاکانـەوە کارناکـات. بـەڵکو ئـەمڕۆ شـانۆی شەقام زیاتر ئامرازێکی چێژوەرگرتن و پەیوەندیکردنە بەجەماوەرەوە. هەروەها لایەنێکی گرنگی گەشت وگوزاری ئەمڕۆی خەڵکیشە.

لەبەرئـەوە نمایشـەکان زیـاتر لەیـەك کـەس پێکهـاتووەو شـێوازێکی لێبـوك ئاسـای لـەخۆگرتووەو بەسـەر شـەقام و باخچـەکانی شـارە گـەورەکانی ئـەوروپادا بڵاوبوونەتـەوە. نمایشـەکانیان کورتـەو زیـاتر پشت بەهونەری پانتۆمایم دەبەستێت. هەندێ جار گۆرانی و مۆسیقا و هەنـدێك جـاریتر هونەرمەنـدانی شـارەزای سـێرك رۆڵـی گرنگیـان لـەم نمایشـانەدا هەیـە. ئـەوەشمان لـەیاد نەچـێت کـە ئـەم هونەرمەندانـەو بەتایبـەتی لـەوەرزی هاوینـدا بەشـێوەیەکی گـەڕۆك بـەناو هـەموو پایتەختەکانی ولاّتە ئەوروپیەکاندا دەگەڕێن و نمایشەکانیان پێشکەش دەکەن.

***شانۆی کلاسیك تاموچێژ و ئێستاتیکایەکی تایبـەتی هەیـە، ئایـا لەئـەوروپا بەگشتی و سوید بەتایبەتی شانۆکاران چۆن لەشانۆی کلاسیك ئەدوێن؟**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-شانۆی سویدی لەزۆر مێژە مامەڵەی لەگەڵ شانۆی کلاسیك کردووە. بێگومان ئەم مامەڵەکردنە تەنها سوید ناگرێتەوە، بەڵکو شانۆی ئەوروپی هەمیشەو بەشێوەو شێوازی جۆراوجۆر چارەسەری شانۆی کلاسیکیان کردووە. لەولاتی گریك زۆر زوو، زۆر خێرا فۆرمە دراماتیکیەکان و فۆرمە شانۆییەکان گەشەی کردو بەرەوپێشەوەچوو. دوای ئەوە نووسینی شانۆیش، وەك یەکێك لەدێرینترین فۆرمەکانی هونەر، شان بەشانی پرۆسەی شانۆیی بەردەوام بووە.

بەدرێژایی مێژوو ریژیسۆرە گەورەو داهێنەرەکانی ئەوروپاو جیهان رووبەڕووی بەها فیکری و ئێستاتیکی و مرۆییەکانی شاکارە کلاسیکیەکان بوونەتەوە. لەشانەکانی شانۆی کلاسیك و پانتاییە فراوانەکانیدا، زۆر بەئاسانی پەیوەندیەکانی مرۆڤی سەردەم دەدۆزرێتەوە. نهێنییە شاراوەکانی ژیان بەهەموو لایەنەکانیەوە: پەیوەندیەکانی نێوان ژن و پیاو، خێزان، داوێن پیسی، چەمکە فەلسەفیەکانی بوون و نەبوون، مەسەلەی دەسەلات و مەسەلە دەروونیەکانی‌تر ریژیسۆرو شانۆکارانی لەهەموو جیهاندا بەلای خۆیدا راکێشاوە.

شانۆنامەی هاملێت چۆن لەلای ریژیسۆری ئینگلیزی (گۆردن گریك) لەنەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، تەوەری گۆڕانکاری و فەلسەفە شانۆییە ئەزموونگەرییەکەی بووە، بەهەمان شێوە ئەمرۆ لەلای پیتەر بروك هەمان شانۆنامە چەمکێکی پۆست مۆدێرنیزم لەخۆدەگرێت و بەرجەستەی خانە کۆمەڵایەتی، رامیاری و دەروونیەکانی ئەم سەردەمە دەکات. گەر (گۆردن گریك) بۆ ئەو پرۆژەیەی ئەو سەردەمە چووبێتە رووسیاو لەگەڵ داهێنەرێکی تری وەك ستانیسلاڤیسکیدا پێکەوە کاریان کردبێت، ئەوا ئەمرۆ پیتەر بروك بۆ هەمان پرۆژە کۆمەڵێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەکتــەری ســەر بەنــەژادی جیــاواز کۆدەکاتــەوە. شــانۆی کلاســیکی هەمیشــە شــایەنی خوێندنــەوەو لێکۆڵینــەوەی جیــاواز بــووە. ئەمــەش نەمری ئەو تێکستانەیە.

مامەڵەکردنی شانۆی سویدیش سەبارەت بەشانۆنامە کلاسیکیەکان دەگەڕێتــەوە بــۆ ســییەکانی هــەزارەی رابــردوو. ریژیســۆرێکی گــەورەی وەك (ئۆلــۆڤ مۆلانــدەر) لەســاڵەکانی 1935 بــەدواوەو لەشــانۆی پادشایەتی لەستۆکهۆڵم شێوازێکی نوێ و تایبەت بەخۆی دەدۆزێتەوە بـۆ خوێندنــەوە جیاوازەکـانی سـتریندباری. چـەمکەکانی شـانۆیەکی ریالیزمی شیعر ئامێز دەبێتە بنەمایەکی گرنگی ئەزموونە جیاوازەکانی ئـەم ریژیسـۆرە. بـەلاّم هـیچ ریژیسـۆرێك لەسـوید، هێنـدەی (ئـەلڤ شــێوباری) گرنگــی نــەداوە بەخوێندنــەوەو مامەڵــەکردنی شــانۆی کلاســیکی بەگشــتی و شــاکارەکانی شەکســپیر بەتایبــەتی. ئــەم هونەرمەنـدە کاریگەرییــەکی لەبەرچـاوی بــەرەوت و مێــژووی شــانۆی ســویدییەوە هەیــە. ئــەلڤ شــێوباری لەبەرهەمــە شکســپیرییەکانیدا پانتاییەکی قوڵ و شێوازێکی جیاواز بۆ خوێندنەوەی شەکسپیر دەستە بەردەکات. ئەم ریژیسۆرە لـەڕێبازەکانی دەربڕینـەوە دەست پێدەکات و دواتــریش پیەســەکانی شەکســپیر دەبێتــە زەمینەیــەکی گونجــاو بــۆ خوڵقاندن و بەرجەستەکردنی نمایشە وێنەییە ئەزموونگەرییەکانی.

بێگومان شانۆی کلاسیکی چەمکێکی قوڵی مرۆڤایەتی و شێوازێکی بەرزی شانۆیی بۆ ئەو ریژیسۆرانە دەستەبەرکردووە. ئەمە جگە لەوەی شــانۆی کلاســیکی راســتەوخۆ گوزارشــت لــەئازارەکانی مــرۆڤو گیروگرفتـەکانی ئـەمرۆمان دەکـات و لەهەمانکاتـدا شـاکاری زینـدوون و بــەردەوام بریســـکەکانی ژیــان لەشــانەکانی ئــەم بەرهەمانــەدا دەبریسکێتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ریژیسۆری گەورەی سویدی (ئینگمار بێریمان)یش لەم بوارەدا رۆڵێکی گەورەو لەبەرچاوی هەیە. بێریمان زۆر کەم مامەڵەی لەگەڵ نووسەرە گەنج و نوێیەکاندا کردووە. دیدی ئەم هونەرمەندە لەهێڵێکی تەریبی و ئەزموونێکی دووروودرێژی چڕی شانۆییدا لەبەرهەمەکانی سێکوچکەی ستریندباری، ئیبسن و مۆلییردا گەشەو سەقامگیر دەبێت. دواتر ئەم هێڵە تەریبییە لەگۆڕانکارییەکی ئەزموونە شانۆییەکاندا دەبێتە ستریندباری، ئیبسن و شەکسپیر. بێریمان دوای ئەوەی کە لەساڵی 1982دا لەئەڵمانیا دەگەڕێتەوە بۆ ولاتی سوید، یەکسەر شانۆنامەی (شالیر) پێکەش دەکات. دوای ئەوە هاملێت و بە(چیرۆکی زستانە)ش، دوا شانۆنامەی شەکسپیر، دەبێتە دوا وێستگەی ئەم هونەرمەندەش لەگەڵ شەکسپیردا.

بێریمان لەهەموو ئەو ئەزموونە کلاسیکیانەدا زۆر بەرێزەوە گوزارشتی لەبیروباوەڕی نووسەرە شانۆییەکان کردووە. بەلام لەڕوانگەی پرۆسە شانۆییەکەوە، پەیەسە شانۆییەکان و لەدیدی شانۆیی خۆیەوە ئامادە دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە زمانێکی تایبەت و تەکنیکێکی هونەری جیاوازی دۆزیوەتەوە. بێریمان هەمیشە هەوڵیداوە لەپرۆسەیەکی دۆزینەوەو گەڕانێکی فرە لایەندا گرفتەکانی مرۆڤ لەشانۆنامەکانی ستریندباری، ئیبسن و شەکسپیردا بدۆزێتەوە. هەروەها بێریمان توانیویەتی لەم چارەسەرە هاوچەرخانەی شانۆی کلاسیکدا، پەیوەندییەکی جەدەلی چڕ لەنێوان خانە نهێنییەکانی چەمکەکانی شانۆی کلاسیک و هۆشمەندی مرۆڤی هاوچەرخدا بدۆزێتەوە. لەم روانگەیەشەوە هاوکێشەی بینەر پرۆسەیەکی گرنگی نمایشە شانۆییەکانی ئینگمار بێریمانە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێگومان لەم دە ساڵەی دوایشدا، بەتایبەتی ئەم قۆناغەی کە من لەسوید گیرساومەتەوە، کۆمەڵێ ریژیسۆری زیرەك و بەتوانا دەرکەوتوون، گرنگترینیان لەسوید: تۆشتن فلینك، پیتەر ئۆسکارشۆن، راگنالیند، ستاڤان لارشۆن..هتد. ئەم ریژیسۆرانەو هەریەکەو بەدیدو بۆچوونی جیاوازەوە هەوڵیانداوە شاکارە کلاسیکییەکان بخوێننەوە.

بۆ نموونە تۆشتن فلینك لەشانۆنامەی (سێ خوشکەکەی) شیکۆڤدا، چاوەڕوانی ئەو سێ خوشکەی کردبووە شانەی خوێندنەوەکەی. بینەران هەستیان بەچاوەڕوانییەکی هەتاهەتایی دەکرد. پەژارەو نەبوونی دڵدارێکی راست لەچاوەڕوانی و حەزی گەشتی ئەو کارەکتەرانەدا بۆ مۆسکڤای پایتەخت بووبووە خەمێکی گەورەی بینەرانیش.

پیتەر ئۆسکارشۆن شالیر، خەونی نیوەشەوێکی هاوین و هێنریکی چوارەمی شەکسپیری کردبووە وزەیەکی گەورەی ئەزموونگەری و بەستنەوەی بەڕووداوەکانی ئەمڕۆی ولاتانی یەکگرتووی ئەوروپاوە. ئەوەی راستی بێت ئەمڕۆ بەردەوام شانۆی کلاسیکی بوون و بەردەوامیەکی هەمیشەیی لەشانۆی هاوچەرخی جیهانیدا هەیە.

ئیبسن، شیکۆڤ، ستریندباری، مۆلییر شان بەشانی شەکسپیر لەسەر زۆربەی زۆری شانۆکانی ئەمریکا، ئەوروپا و ولاتەکانی تری جیهان پێشکەش دەکرێت. بەردەوامیش لەم هەڵکۆڵینانەدا تێزی نوێ، دیدی نوێ، پانتایی نوێ و پەیوەندییە نوێیەکان دەدۆزرێتەوە. گرفتەکانی ئەمڕۆ و لەهەموو رووەکانیەوە و لەسەر هەموو ئاستەکان، مرۆڤی ئەمڕۆ لەپاریس بێت یان لەندەن و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ســـتۆکهۆڵم شـــانەکانی خوێندنـــەوە نوێیـــەکانی ئـــەو پیەســـە کلاسیکیانەن. نەك هەر ئەوە بەڵکو هەندێ لەخوێندنەوە نوێیەکان سنورەکانی ئەوروپا و ئەوروپای یەکگرتوو دەبڕی. ئەمڕۆ ئەوروپا لەپێکداچوونێکی چڕی کلتوری جیاوازو مەزهەبی جیاوازدایە.

فرە کلتوری، ترادیشوون، دین، باوك سالاری، مەسەلەی ناموس، ئیسلامیە توندڕەوەکان و مەسەلەی تۆرۆریست دەبێتە دیدو دنیابینی هەنـدێ لەخوێندنـەوە ئەزموونگەرییـەکانی شـاکارەکانی شەکسـپیر، ئیبسن و مۆلییر.

بۆ نموونە لەناوەڕاستی نەوەدەکانی هەزارەی رابردوودا، لەفەرەنسا شانۆنامەی (تەرتۆف)ی مۆلییر بووە نمایشێکی زۆر سەرسوڕهێنەر. ریژیسۆری شانۆنامەکە لەشانۆی (هەتاو) کارەکتەری (تەرتۆف)ی کردبووە مەلایەکی توندڕەوی دەست خوێناوی ئیسلام و لەم ریگایەوە هێرشـێکی تونـدی کردبـووە سـەر ئیسـلام وەك چـەمکێکی رامیـاری توندڕەو. یان هەڵکۆڵین و خوێندنەوە زۆر تایبەتییەکانی ریژیسۆرێکی گەورەی وەك (پیتەر شتاین) و (فراك کاسترۆڤ) لەئەڵمانیا. پیتەر شتاین گـەردوونێکی تـرو جیـاوازی بـۆ شەکسـپیر خوڵقانـدووە. فرانـك کاسترۆڤیش (ئیبسن) دەکاتە بنەمایەکی گرنگی شانۆیەکی توڕەکردن. کاسترۆڤ لەنمایشەکانیدا هەوڵی ئەوە ئەدات بینەران توڕەو ناڕەحەت بکـات و ناچـاری کاردانەوەیـەکی راسـتەوخۆیان بکـات. بـۆ نموونـە لەنمایشـی (خـانمی دەریـا)ی (هێنریـك ئیبسـن)دا بینـەران هێنـدە ناڕەحەت دەبن هەریەکەو لەجێگای خۆیەوە، بەپێکەنین یان تەعلیقێکی گاڵتە ئامێزەوە بێزاری خۆیان دەردەبڕی.

هـەروەها شـانۆی کلاسـیکی بۆتـە کێڵگەیـەکی بـەپیتی هونـەری ســـەمای هاوچـــەرخی جیهـــانیش. زۆر کۆریـــۆگرافی بەســـلیقەو

لەسەرانسەری ئەوروپادا دەگەڕێتەوە سەر شاکارە کلاسیکیەکان و دەیکەنە سەما، پێرفۆرمێنس و هەندێ جاریش نمایشی پۆست مۆدێرنیزم. بێگومان ئەمەش وزەو رەنگێکی تری بەخشیوە بەشانۆی کلاسیکی، چ لەڕووی ناوەرۆک و چ لەڕووی فۆرم و لایەنە ئێستاتیکییەکانەوە.

لەسوید هونەرمەند (ماتس ئێک) دەسەلاتێکی گەورەی سەمای هاوچەرخی سویدیە. ماتس ئێك لەسەر ئاستی جیهانی وەك داهێنەرو کۆریۆگرافێکی گەورە ئاماژەی بۆ دەکرێت. لەپاڵ نمایشە سەمائامێزە زۆر بەرزەکانیدا، هەندێ جار دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانۆی کلاسیکی و دەیکاتە نمایشێکی سەمائامێزی پۆست مۆدێرنیزم. دۆن ژوانی مۆلییر، ئەندرۆماکی راسین و شایلۆکی شەکسپیر سێ نموونەی دیاری ئەم هونەرمەندەن.

لەئەڵمانیا (ساشا ڤاڵتس) و لەفەرەنسا گرۆی Tg Stan و ئەزموونە گرنگەکانیان لەبواری بەسەماکردنی مۆلییردا، نموونەی دیاری ئەم بوارەن.

بێگومان لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا نابێت رۆڵی پیتەر بروکمان لەیاد بچێت. پیتەر بروك لەماوەی زیاتر لەپەنجا ساڵدا بەقووڵی مامەڵەی لەگەڵ شەکسپیر کردووە. تەقەلاکانی پیتەر بروك لەحەفتاکاندا بەنمایشی (خەونی نیوە شەوی هاوین) دەگاتە ترۆپك.

پیتەر بروك لەکتێبی (پانتایی بۆش)دا کە لەشەستەکاندا بلاویکردۆتەوە دەڵێت (شانۆی شەکسپیر برێشت و بێکێت لەخۆدەگرێت، بەڵام لەهەردووکیان باشترە. ئەوەی لەشانۆدا پێویستە لەدوای برێشتەوە، ئەوەیە کە رێگایەك بدۆزینەوە بۆ پێشەوە، تا بگەڕێینەوە بۆ شەکسپیر). پیتەر بروك جگە لەشەکسپیر، کاری

لەکۆمەڵێ بەرهەمی تری کلاسیکیدا کردووە. بۆ نموونە شانۆنامەکانی سنیکا، ئیبسن و شیکۆڤ نموونەی ئەو تەقەلا بێوچانەی پیتەر بروکن.

***(شەکسپیر، چیخۆف و ئیبسن)ی سێ کۆڵەکەی گەورەی شانۆی جیهانین، تۆ چۆن لەگرنگیان ئەدوێیت لەڕەوتی شانۆی هاوچەرخدا، ئایا هیچ پرۆژەیەکت بەدەستەوە نییە بۆ کارکردتن لەم سێ کەڵە شانۆکارەدا، چ بە(تیۆری یان پراکتیك)؟**

-تاکو ئێستا شانۆی هاوچەرخ و مۆدێرن لەهەموو جیهاندا پیەسەکانی ئەم سێ کوچکە درامیە پێشکەش دەکات. شەکسپیر، ئیبسن و شیکۆف جێگای سەرنج و تێڕوانینی هونەرمەندانە لەهەموو بەشە جیاجیاکانی جیهاندا.

ئازارو ژانی مرۆڤ، گرفتە کۆمەڵایەتی، دەروونی و رامیارییەکان، مەسەلەی خود و پێناس و گەڕان بەدوی راستی و گەوهەری شتەکان، مەسەلەی ئافرەت و پەیوەندیەکانی بەرەگەزی پیاو و خێزان، دەسەلات و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانیسترکتوری دەوڵەت و مرۆڤی تاك. ئەمانەو گەلێ پرسیاری گرنگی هەنووکەییتر کرۆکی فەلسەفەو ناواخنی پیەسەکانی ئەم نووسەرانەیە. شەکسپیر (1564-1616) کە کۆچی دواییکردووە تەمەنی تەنها (52) ساڵ بووە. بەلام لەو تەمەنە کورتەدا فریای زۆر شت کەوتووە. لە(18) ساڵیدا ژنی هێناوەو لەتەمەنی (30)ساڵیشدا وەك نووسەرێکی گەورەی شانۆیی ناوبانگی دەرکردووە. لەدوای خۆشی چل شانۆنامەو کۆمەڵێ سۆناتای بەجێهێشتووە. لەکۆتایی ساڵانی (1500)ەکانی ئینگلستاندا شانۆ هونەرێکی زۆر بلاو میللی بووە. شانۆی ئێلیزسابێتی بەهایەکی گەورەی لەنێو کۆشکە شاهانەییەکان، هۆڵی زانکۆ، کۆمەڵگا دەرەبەکیەکان، لەناو هەژارو کۆلان و شەقامەکاندا هەبووە. شەکسپیریش لەم قۆناغەدا ژیاوەو

پیشەکەی باش زانیوە. پیەسەکانی لەسەر راسپاردەی پادشاو پیاوە گەورەکانی کۆشك و شانۆو دەوڵەمەندەکان نووسیووە. زمانێکی قووڵ و بەرزی ئینگلیزی زانیوە. شێوە قسەکردنی چینە بەرزەکەی کۆمەڵ، ووتووێژی ژیانی رۆژانە، دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی ئینگلیزی تێکەڵاوکردووە. هەروەها ئاستێکی بەرزی وێنەیش، زمانی شانۆییەکانی شەکسپیر پێکدەهێنێ. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا، زمانە دەوڵەمەندەکەی شەکسپیر هەمەلایەنەو کۆمەڵێ سیمبولی قووڵ لەخۆدەگرێت. نووسەرە فەرەنسییەکان هەمیشە ئاماژەی ئەوە دەکەن کە (تەنها خوا لەشەکسپیر زیاتری خوڵقاندووە).

فەلسەفەی شەکسپیر لەهەموو شانۆنامەکانیدا هەر یەکێکە: هەستی مرۆڤ لەکاتی کارەسات و زریانێکی گەورەدا، لەکاتی نوقمبوونی کەشتیە گەورەکاندا، لەمەیدانی جەنگدا، لەمامەڵەی سۆزانییەکاندا، لەکاتی ژوانی دڵدارەکان و لەرووبەڕووبوونەوەی مەرگدا. لەوانەیە یەکێك لەسیما گرنگەکانی شانۆنامەکانی شەکسپیر ئەوەبێت کە هەرگیز مرۆڤی بەرجەستەی هەڵوێستەیەك نەکردووە کە (دەبێت و پێویستە وابێت)، بەڵکو شانۆنامەکانی شکسپینر مرۆڤ خۆی چۆنە، هەرواش بەرجەستەی کردوون.

مرۆڤ بەهەموو رووناکیە شاراوەکانیەوە، مرۆڤ بەهەموو تاریکییە شاراوەکانیەوە، شانە گرنگەکانی شەکسپیرن. (یان کۆت) دەڵێت: (هاملێت، شالیر، ریشاردی سێیەم، کەسانی سەر بەڕابردووی ناو کتێبە مێژووییەکان نین. ئۆتێللۆو دەزدەمۆنە هەندێ کەسایەتی خەونە ئامێزی رۆمانسی، یان جیهانێکی ئەبستراك و فەنتازیا نین. رووداوەکانی ئەو شانۆنامانە راڤەیەکی راستەوخۆو چارەنووسسازی ئێمەو رووداوەکانمانە، ژیانی ئەو کارەکتەرانە پەیوەندی بەژیانی ئێمەوە هەیە، تراژیدیاکانیان تراژیدیای ئێمەو ئەم سەردەمەیە).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەکسپیر تەنها شانۆنامەی تراژیدی نەنووسیووە، بەڵکو سەرەتای ژیانی کۆمەڵیّ نووسینی بەشانۆنامەی کۆمیدی دەست پێدەکات، دوای ئــەوە کۆمــەڵیّ شــانۆنامەی مێــژوویی دەنووســێت و بەشــانۆنامە تراژیدیاکانیشی دەگاتە ئاستی ترۆپك.

شــانۆنامە کۆمیدیــەکانی لەســاڵی 1595ەوە دەســت پێــدەکات و گرنگترینیــان: خــەونی شــەوێك لــەنیوە شــەوەکانی هــاوین، شــەوی دوانزەهــەم، زریــان، کۆمیــدیای هەڵــەکان. شــانۆنامە مێژوویــەکانی لەساڵی 1590ەوە دەست پێدەکات و گرنگترینیان: شاهنری چوارەم (دوو بەشــە)، شــاهنری پێنجــەم، هنــری شەشــەم (ســێ بەشــە)، شاریتشاردی دووەم، شاریتشاردی سێیەم، شاجۆن. بەلاّم شانۆنامە تراژیدییــەکانی لەساڵانی (1601)ەوە دەست پێدەکات و لەساڵەکانی (1608)دا کۆتــایی هــاتووە. ئــەم قۆناغــەش دادەنرێــت بەلوتکــەی بەرەوپێشەوەچــوونی شــانۆی شەکســپیر. گــرنگترین بەرهــەم تراژیدیەکانیشی: هاملێت، ئۆتێلۆ، ماکبث، شالیرو سیزەرە.

هێنریــك ئیبســن (1828–1906) هــەروەك شەکســپیر لــەخودی شانۆکانەوە دەست پێدەکات. ئیبسن لەساڵەکانی (1850)دا لەشانۆی نەرویژی و لەشاری بێرگن، وەك نووسەری شانۆیی دادەمەزریّ. بەلاّم لەم شانۆیەدا زیاتر وەك یاریدەدەرێکی ریژیسۆرەکان کاردەکات. لەم قۆناغەدا ئیبسن کۆمەڵیّ شانۆنامەی مێژوویی دەنووسێت.

لەساڵی 1857دا دەبێتە بەڕێوەبەری شانۆی نەرویژی لەئۆسلۆ. ئەم قۆناغەی دادەنرێت بەقۆناغێکی گرنگی ژیانی هونەری ئیبسن. لەم ماوەیەدا، وەك بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ شانۆ، گرفتە پراکتیکییەکان و تەکنیکی بەرجەستەکردنی شانۆدا دەکات. کاریگەری و گرنگیی کارەکانی ئەم قۆناغە، دواتر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەپرۆژە شانۆییەکانیدا رەنگدەداتەوە. هەر لەم قۆناغەشدا ئاوڕێکی ئایدیایی لەگرفتەکانی خێزان و ژن و مێردایەتی ئەداتەوە. دوای داخستنی ئەم شانۆیە، هێنریك ئیبسن ولاتی نەرویژ بەجێدەهێڵی. سەرەتا روودەکاتە شاری رۆم لەئیتالیا، دوای ئەوە دەچێتە ئەڵمانیا. لەم ماوەی دوورە ولاتییەیدا (1864-1891) ئیبسن گرنگترین بەرهەمە شانۆییەکانی خۆی نووسیووە.

ئیبسن لەساڵی 1867دا شانۆنامەی (پێرگێنت)، یەکێك لەشانۆنامە گرنگەکانی دەنووسێ، کارەکتەرە سەرەکیەکەی ئەم شانۆنامەیەی لەچیرۆکە میللییەکانی نەرویژەوە وەرگرتووە. دواتر ئیبسن هێدی هێدی لەدیدە رۆمانسیەکانی دوور دەکەوێتەوەو دەکەوێتە چارەسەرکردن و رووبەڕووبوونەوەی گیروگرفتە هەنووکەییەکانی ئەو سەردەمە. شانۆنامەی (ماڵی بووکە شووشە) کە لەساڵی 1879دا دەینووسێ، سەرکەوتنێکی گەورە لەبواری رەخنەی کۆمەڵایەتیدا بەدەست دەهێنێ. خودی (بووکە شووشە) دەبێتە سیمبولی ئافرەتێك کە لەکۆمەڵگایەکی پیاو سالاریدا هەموو ڕێگاکانی بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕانکارییەکانی لێگیراوەو مافەکانی بەتەواوەتی زەوت کراوە. (نورا) کارەکتەرە سەرەکیەکەی ئەم شانۆنامەیە، لەم خێزانە پیاو سالارییەدا رووبەڕووی راستیەکی رەها دەبێتەوە. مێردەکەی کە هەڵەیەکی نورای بۆ دەردەکەوێت، هەرچەندە هەڵەکەش نورا بۆ بەرژەوەندی مێردەکەی و رزگارکرد تەندروستی ئەو کردوویەتی، تووشی لێپرسینەوەو رووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژی مێردەکەی دەبێتەوە. ئەم هەڵوێستەی مێردەکەی، نورا بەتەواوەتی وریاو ئاگادار دەکاتەوەو بەرپرسیاری خۆی سەبارەت بەهەڵوێستی خۆی بەڕاکشاوی دەردەبڕێ: ماڵ، منداڵ و مێردەکەی بەجێدەهێڵێ و

دەرگای ماڵەکەش بەتوندی دەدات بەیەکدا. ئەم نووسەرە گەورەیە لەساڵی 1881و بەشانۆنامەی (تارمایی) وزەیەکی گەورە دەبەخشێتە رێبازی ناتورالزم. شانۆنامە هەنوکەیەکانی ئیبسن بەشێوەیەکی بەردەوام باس لەپەیوەندی و گرفتەکانی مرۆڤی تاك لەگەڵ کۆمەڵگادا دەکات. ئەم مەسەلەیەش لەشانۆنامەی (دوژمنی گەل)دا دەگاتە ئاستێکی بەرز. لەنێوان ساڵانی (1883–1884)دا شانۆنامەی (مراوی کێوی) دەنووسێت. مراوی کێوی بەڕای زۆربەی رەخنەگرو شانۆکاران بەترۆپکی شانۆنامەکانی ئیبسن دادەنرێت. لەم شانۆنامەیەدا سیمبول و واقیع لەیەکەیەکی هونەری و فیکرییدا پێکدادەچن. سیمبوولی (مراوی کێوی) تەنها وێنەیەك نیە، یان خەیاڵێکی ساکار. بەڵکو مراوی کێوی دەبێتە سیمبولێکی قووڵ بۆ شتە ناتەباو لەهەمانکاتدا بۆ سەربەستی. دواتر بەشانۆنامەی (هێدا گابلەر) کە لەساڵی (1890)دا نووسیوویەتی دەگەڕێتەوە بۆ تەوژمەکانی شانۆی ناتورالیزم و ریالیزم. لەهێدا گابلەردا هەندێ لەبەکارهێنانی سیمبولەکان دووردەکەوێتەوەو زیاتر رێچکەیەکی سایکۆلۆژی دەگرێتەبەر. رێبازی ریالیزمی سایکۆلۆژیی ئیبسن بەشۆڕشێکی گەورەو گرنگ دادەنرێت لەمێژووی دراماو شانۆی ئەوروپی و جیهانیدا.

هێنریك ئیبسن، لەهەرسێ شێوازەکەی نووسینی شانۆییدا، مێژوویی، ریالیزمی سایکۆلۆژی و سیمبۆلیدا، هەنگاوێکی گەورەی ناوەو شانۆی هاوچەرخی ئەوروپی گەیاندۆتە ئاستێکی بەرز. شەکسپیر، ئیبسن و شیکۆڤ هەرسێکیان پەیوەندییەکی تونددوتۆڵ و راستەوخۆیان بەهونەری شانۆوە هەبووە.

شیکۆڤ (1860–1904) لەشانۆی هونەری مۆسکۆوە پرۆسەی نووسینی شانۆنامەکانی گەشە دەسێنێ. ئەم گەشەسەندنەش راستەوخۆ کاریگەرییەکی لەبەرچاوی هەبووە بەسەر رێپۆرتوارو رەوتی

شانۆی رووسیەوە. شیکۆڤ شانۆی رووسی دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرزی شانۆی جیهانی، هەروەها دەرکەوتنی شیکۆڤ خۆشی سەرەتایەکی گرنگی شانۆی هاوچەرخی جیهانییە. شیکۆڤ کۆمەڵێ شانۆنامەی یەك پەردەیی نووسیووە، هەروەها هەندێ شانۆنامەی درێژیش. بەلاّم شانۆنامە مەزنەکانی: باڵندەی دەریا (1896)، لالۆ ڤانیا (1897)، سێ خوشك (1901)و باخی گێلاسە (1904). شیکۆڤ خۆی ئەم بەرهەمانەی وەك شانۆنامەی کۆمیدی نووسیووە. بەلاّم لەم پیەسە کۆمیدیانەدا کۆمەڵێ پرسی زۆر قوڵ و گرفتی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان و مەسەلە خودیەکانی خستۆتە روو. بەلاّم ئەم شانۆنامە کۆمیدیانە لەخوێندنەوەو نمایشەکانی ستانیسلاڤیسکیدا، لەشانۆی هونەری مۆسکۆ، دەبێتە نمایشی تراژیدی و ئەمەش شیکۆڤ بێزار دەکات و دەبێتە هۆی یەکێك لەگرفتە هونەرییە گەورەکانی نێوان شیکۆڤ و ستانیسلاڤیسکی.

پیەسەکانی شیکۆڤ کۆمەڵێ هێماو سیمبولی قووڵ لەخۆدەگرن. بۆ نموونە لەباڵندەی دەریادا ئەو باڵندە مردووە سیمبولێکی قووڵەو شانۆنامەی (مراوی کێوی)ی (ئیبسن)مان دێنێتەوە یاد. بەلاّم شیکۆڤ بەشێوازێکی زۆر بەرزو دانسقە توانیویەتی شانۆنامە سیمبولیەکانی بەهەناسەیەکی لیریکی و تەماشاکردنێکی وردی ژیانی رۆژانەوە ببەستێتەوە. باڵندەی دەریا بۆ یەکەمجار لەساڵی 1896دا لەشاری شانپیێتەشبۆری تووشی نووشوستیەکی گەورە دێت. بەلاّم لەساڵی (1898)داو لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ. سەرکەوتنێك کە دەروازەیەکی گەورە بەڕووی شانۆی هونەری مۆسکۆ، شیکۆڤ و شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا دەکاتەوە. پیتەر بروك سەبارەت بەشیکۆڤ دەڵێت: (شیکۆڤ سینەما

سازێکی گەورەیە، لەبری ئەوەی لەدیمەنێکەوە بچێتە سەر دیمەنێکیتر-یان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر- لەهەستو سۆزێکەوە، بەرلەوەی قورسو گران ببێت، دەگوێزێتەوە بۆ هەستو سۆزێکیتر. هیچ شتێك جێگیر نییە. شیکۆڤ وێنەی تاكو کۆمەڵ لەبزاڤێکی بەردەوامدا دەکێشیٚ، درامای بزاڤی ژیان، لەم وێنەیەشدا جدیو زەردەخەنە، گەمەو پەژارە کۆدەبێتەوە. هەموو کارەکتەرێکیش کەسایەتیو بوونی تایبەتی خۆی هەیە کە بەهیچ شێوەیەك لەوانیتر ناچێت).

لەشانۆنامەی (سیٚ خوشك)دا هەست بوە دەکرێت کە گۆڕانکارییەکان بەڕێوەن. شیکۆڤ لەم شانۆنامەیەو دواتر لەباخی گێلاسدا ئاماژەی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە دەکات کە کۆمەڵگای رووسی رووبەڕووی دەبێتەوە. شۆڕش وەك گێژەڵوکەیەکی دوورەو نزیك لەدەروازەی پیەسەکانی ئەم نووسەرەوە دەردەکەوێت. کارەکتەری خوێندکارەکەی باخی گێلاس (ترۆڤیمۆڤ) بەڕاشکاوی دەڵێت: من مرۆڤێکی سەربەستم.

سەبارەت بەخۆم هیچ پرۆژەیەکی تیئۆری یان پراکتیکیم سەبارەت بەهیچ یەکێك لەم نووسەرە گەورانە نیە. بەڵام هێندە نابێت شانۆنامەی هاملێتم پێشکەشکردووە. لەسەرەتای ساڵی (2004)دا لەگەڵ قوتابیەکانم کەوتینە مەشقو دوای چوار مانگو بەرلەوەی بگەڕێمەوە بۆ کوردستان لەنمایشێکی جواندا هاملێتم نمایش کردو ئێستەش لەگەڵ هەمان گروپدا خەریکی شانۆنامەی (پیسەکە)ی مۆلیێڕینو نیازمان وایە لەناوەڕاستی مانگی چواری ساڵی 2005دا پێشکەشیبکەین.

***لەوڵاتی سوید لەقوتابخانە سەرەتاییو ناوەندیەکاندا گرنگی زۆر بەهونەرو میناتۆر ئەدرێت، بەڕێزیشت مامۆستای شانۆی لەیەکێك لەناوەندەکانی ئەویٚ، فەلسەفەی شانۆ لەقوتابخانەکاندا لەکوێوە سەرچاوەی گرتووەو میتۆدی کارەکانی جەنابتان پشت بەکامە رێبازو قوتابخانە دەبەستێت؟**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

–چاوگەکانی هونەر لەقوتابخانەکانی سوێددا دەگەڕێتەوە بۆ مێژووییەکی دووورودرێژ. بۆ نموونە مۆسیقا لەڕێگای گۆرانی و کۆرسی کلێساکانەوە، وێنەکێشان بەهۆی پێداویستییەکانی تەکنیکەکانی وێنەکێشانەوە، شانۆ لەڕێگای وانەکانی لاتین و زمان و ئەدەبی سویدییەوە، سەماش لەڕێگای پەروەردەکردنی جەستەو رۆحەوە هاتووە. ئەم لایەنانەش لەو پرۆسە مێژووییەدا گۆڕانکاری زۆرو بەرەوپێشەوەچوونی لەبەرچاوی بەخۆوەگرتووە. بێگومان هەموو قوتابخانەکانی سویدیش ئەم بەشانەی تیا نیەو لەقوتابخانەیەکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت. بەلاَم گەر لێرەدا باس لەشانۆ بکەین ئەوە دەبێت لەپێش هەموو شتێکدا ئاماژە بەوە بکەین کە هونەری شانۆ، وەك هەموو بەشەکانی‌تر سێ ساڵەو قوتابیەکان لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا زۆر بەشێوەیەکی فراوان، تیئۆری و پراکتیك دەخوێنن.

لەبەشە تیئۆرییەکەیدا مێژووی شانۆ، رێبازە هونەرییەکان، شێوازەکانی نواندن و ریژی و هەروەها هەموو پێکهێنەرەکانی تری نمایشی شانۆو زانیارییە نوێیەکانی شانۆ دەخوێندرێت. لەبەشە پراکتیکیەکەشدا، رۆژانە مەشقی جۆراوجۆری هونەری و دواتریش، بەتایبەتی قوتابیەکانی قۆناغی کۆتایی، واتە پۆلی (سێیەم) نمایشێکی شانۆیی دەکەنە دەروازەیەکی گرنگی رووبەڕووبوونەوەی خۆیان لەگەڵ بینەراندا. بۆ نموونە من بەشێکی زۆری وانەکانم تەرخان دەکەم بۆ راهێنانی قوتابیەکانم بەشێوەی تاك، کۆمەڵ، واتە گروپ و چۆنیەتی خۆئامادەکردن بۆ یەکەم رووبەڕووبوونەوەی تێکست و راڤەکردنی، دووەمیش رووبەڕووبوونەوەی بینەران. لەم پرۆسەیەشدا، پەیوەندیەکانی قوتابیەکان بەیەکترییەوە، بەمنەوەو منیش بەوانەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدەین. نەخشەی وانە ووتنەوەکانم، جگە

لەمەشقە جۆراوجۆرەکانمان، کارکردن لەگەڵ تێکست لەگەڵ رۆڵەکان و بوونیاتنانی نمایشە شانۆییەکانیش دەگرێتەوە. مەشقی ئەکتەرو پێگەیاندنی قوتابی هونەر لەهەموو قوتابخانە شانۆییەکانی ئەوروپادا دەگەڕێتەوە بۆ سەر رێبازو میتۆدەکانی (کۆنستانتین ستانیسلاڤیسکی). ستانیسلاڤیسکی مرۆڤی پشت دەمامکە شانۆییەکان زۆر سەرنجی رادەکێشا، یەکێکیش لەگرنگترین کتێبەکانی (کاری ئەکتەر لەگەڵ خودی خۆیدا)یە.

پەروەردەکردنی ئەکتەرو بەپێی رێبازەکانی ستانیسلاڤیسکی، بەتایبەتی لەڕووی چۆنیەتی پەروەدەکردنی خەیاڵ، بڕواو هەستکردن بەڕاستگۆیی و..هتد بەدرێژایی مێژوو تاکە رێبازو پرۆگرامی خوێندنی هونەری نواندن بووە لەئەوروپا و زۆربەی وڵاتانی دنیادا.

ئەوەی زۆر گرنگیشە لەم رێبازەدا ئەوەیە کە ستانیسلاڤیسکی لەکتێب، نووسین و وانە هونەرییەکانیدا پرۆسەی کاری ئەکتەر دەخاتە رو، نەك بەرئەنجامێکی تەواوەتی و کۆتایی پێهاتوو. لەبەرئەوەشە میتۆدەکانی هەر بەنەمری ماوەتەوەو زۆر مامۆستاو هونەرمەندی گەورە لەهەموو جیهاندا تەقەلای بەردەوامی و بەرەوپێشەوەبردنی وانەو بۆچوونەکانی ستانیسلاڤیسکیان داوە. ستانیسلاڤیسکی زەمینەیەکی گەلێ لەبارو دەروازەیەکی گەلێ فراوانی بۆ هونەری پەروەردەو پێگەیاندنی ئەکتەر لەجیهاندا کردۆتەوە.

بێگومان منیش لەقوتابخانەو لەگەڵ قوتابییەکانمدا، بەپێی توانا کار لەسەر میتودەکانی ستانیسلاڤیسکی دەکەین. هەروەها لەپاڵ ستانیسلاڤیسکیدا گرنگییەکی زۆر بەمەشقەکانی راگوزاری دەدەین، پرۆژەی نووسینی شانۆنامەو خولقاندنی پرۆژەی تاکەکەسی، مەبەست لەیەك قوتابییەکە پرۆژەیەکی سەربەست و تایبەت بەخۆی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکـات، هـەروەها پـرۆژەی گـروپ و بەکۆمـەڵیش بەشـێکن لـەمیتۆدی کارەکانم.

مەبەست لەکارەکانیشمان پرۆسەیەکی بەردەوامە، واتا بەردەوامی وەك پرۆسەیەکی هونەری و پەروەردەیی، نەك بەرەنجام. پرۆسەکانمان بەکۆمەڵێ مەشق، گەمە، گـۆرانی، سـەما، راگـوزاری و مەشـقەکانی جوومگەو جەستەدا تێپەڕ دەبێت. قوتابیەکان هەرزەکارو زۆر گەنجن، ئەم مەشقانەش یاریدەدەرێکی گەورەیە بۆ پێگەیاندن، خۆدۆزینەوە، رماندنی بەربەستە دەروونیەکان، خوڵقاندنی پانتاییەکی سەربەست بۆ خۆنواندن و تێکەڵ بوون.

***دوای باسکردنی ئەو رۆڵە گرنگـەی شـانۆ لەقوتابخانەکانـدا ئـەی ئێسـتا شانۆی قوتابخانەکان چۆن دەبینی؟ چ رۆڵێك دەبینن بۆ پێگەیاندنی نەوەیـەکی هۆشیار لەشانۆدا؟**

–لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا هەندێ تیشکی زانیاریم خستبووە سـەر ئـەم مەسـەلەیە. لێرەشـدا هـەوڵ ئـەدەم زیـاتر دەربـارەی ئـەم مەسەلەیە بدوێم. ئەوەی جێگـای ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە سەرەتای چـالاکییە شـانۆییەکانی قوتابخانـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵەکانی (1930)ی هـەزارەی رابـردوو. ئەمـەش مێژوویـەکی درێـژەو ئێسـتە ئاستی بەشی شانۆو پێداویستییەکانی گەیشتۆتە ئاستێکی جیاوازو لەبەرچاو. هەر لەم رووەوە شانۆی قوتابخانەکان کارەکتەرو رۆڵێکی شـیاویی هەیـە. بێگومـان هـەموو ئـەو قوتابیانـەی کـە دێنـە ئـەم بەشەشەوە، نابنە ئەکتەری دیار، یان لەپەیمانگاو کۆلێژەکانی هونەری شانۆدا بەردەوامی بەئارەزووەکانیان نادەن و شانۆش نابێتە پیشەو کاری رۆژانەو بەردەوامی ئەم گەنجانە. بەڵام بەهەمان شێوە قوتابی واش هەن کە هەر لەسەرەتاوە ئامانجیان ئەوەیە بەردەوامی بەخوێندنی

شانۆ، لەسەر ئاستێکی بەرز بدەن. بەڵام لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەو قوتابیانە، لەماوەی ئەو سێ ساڵی خوێندنەدا، کۆمەڵێ زانیاری گرنگ سەبارەت بەهونەری شانۆ، مێژووی شانۆو هەموو لایەنەکانی تری ئەم هونەرە کۆدەکەنەوە. ئێمە لەڕێگای قوتابخانەو لەگەڵ قوتابیەکانمان، بەردەوام سەردانی شانۆکان دەکەین، شانۆ گەورەکانی دەوڵەت و گروپە بچوك و تیپە سەربەستەکانیش. لەنمایشەکانیان دەکۆڵینەوەو بەم شێوەیەش هەموو قوتابیەکان شارەزاییەکی باشیان بەشانۆکانیش دەبێت. مەبەستم شارەزاییان سەبارەت بەخودی شانۆکان و ڕێپۆرتوارەکانیان دەبێت. لەبەرئەوە بەبڕوای من ئەو قوتابیانە لەئایندەدا رووبکەنە هەر بوارێکی تری ژیان، ئەوا شارەزاییەکی سەراپاگیرو باشیشیان دەربارەی شانۆو هونەری شانۆ دەبێت. بەلایەنی کەمەوە کە نمایشێکی شانۆییان بینی ئەزانن باشە یان خراپە. ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ شانۆ. وابزانم بەمەش دەتوانین بینەرو نەوەیەکی هۆشیار بۆ شانۆکان بخوڵقێنین.

دەکرێت لەکوردستانیش گرنگی بدرێت بەهونەرە جوانەکان لەقوتابخانەکاندا. ئێمە هەفتەی وانەیەکمان هەیەو پێیدەوترێت وەرزش، سروودو وێنە. ئەم وانانەش زۆر لەپەراوێزدان و هیچ گرنگی و بەهایەکیان نیە. ساڵانە لەکوردستان سەدەها قوتابی لەپەیمانگای هونەرەجوانەکان دەردەچێت و بەشێوەیەکی باش سوود لەتواناکانیان وەرناگیرێت. دەکرێت بوارەکانی شانۆو لایەنەکانی تری هونەرەجوانەکان، مۆسیقاو سەماو وێنەکێشان لەقوتابخانەکاندا (ناوەندی و ئامادەیی) بکرێتەوە. دەرچوانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانیش لەو قوتابخانانەدا کادێری هونەری پەروەدە بکەن، لەبری ئەوە ئێستا ئەو دەرچوانە لەشوێن و جێگای جیاوازو دوور

لەبوارەکەی خۆیاندا دایاندەمەزرێنن. هیچ نەبێت ئەم بەشە هونەرییانە، توانایەکی باش ئامادە دەکات بۆ ئەکادیمیاو پەیمانگای هونەرەجوانەکان و نەوەیەکی هۆشیاری تێگەیشتووش دەخوڵقێنێ.

بریا وەزارەتەکان و بەرپرسیارانی پەروەردەو خوێندن لەکوردستان بەجدی بیریان لەم مەسەلەیە دەکردەوە.

***پەیوەندی نێوان بینەرو شانۆ چۆن دەبینی، شانۆیەك هەیە بیّ بینەر، پێگەی بینەر لەشانۆی هاوچەرخدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

-هیچ هونەرێك هێندەی هونەری شانۆ چڕنیە، هیچ هونەرێك هێندەی هونەری شانۆ هەمەلایەن نیەو هیچ هونەرێکیش هێندەی هونەری شانۆ لەمرۆڤەوە نزیك نیە. تەنها هونەری شانۆشە کە زۆربەی هونەرەکانی تر کۆدەکاتەوەو پەیوەندییەکی راستەوخۆشی بەبەرهەمهێنان و چالاکیەکانی مرۆڤەوە هەیە. بەهای نمایشێکی شانۆیش تەنها لەبەها مرۆڤایەتیەکانی پیەس و خودی نمایشەکەدا کۆنابێتەوە" بەڵکو توانا گەورەکانی رووبەڕووبوونەوەی زیندوی مرۆڤایەتی و لەسەر هەموو ئاستەکان: ئێستاتیکی، فیکری و کۆمەلایەتی رۆڵێکی گەورەو مەزن دەگێڕێ لەو هاوکێشە گرانەدا.

پرۆسێسی نمایشە شانۆییەکان، یاریدەدەرێکی بێوێنەی (تەواوبوون) و گەشەکردنی لایەنە تیئۆری و پراکتیکییەکانە. تیئۆری و پراکتیك لەپرۆسەیەکی گرانی پێکداچوونی توخمە جیاوازەکان و ئامادەبوونی بینەراندا دەبێتە نمایشە شانۆییەکان. لەم دەروازەیەوە پێکگەیشتن و کۆبوونەوەی وزە دەروونیەکان، توانا جەستەیی، بەکارهێنانی سەرچاوە فیزیکیەکانی مرۆڤو نزیکبوونەوەش لەهەست و هۆش و لایەنە سیمۆلۆژیەکانیشەوە، دەبێتە یەکەیەکی یەکگرتووی هەموو رووبەڕووبوونەوەیەکی چاوەڕوانکراوو چاوەڕوان نەکراو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نمایشێکی شانۆیی هەر لەسەرەتاوە: دەستنیشانکردنی پیەس، رۆژانی مەشق و بەگەڕخستنی پرۆسە شانۆییەکە بەوردی بیر لەئامادەبوون و کاردانەوەکانی جەماوەر دەکرێتەوە. رۆژانی مەشق زیاتر لەپرۆژەو ئەزموونێکی لابوری دەچێت" لەم ئەزموونەدا کۆمەڵێ چارەسەری ئەزموونگەری جیاواز جیاواز دەخرێتە روو.

تێگەیشتن و کاردانەوەکانی بینەرانیش زۆر بەوردی لەم لابورە زانیارییە شانۆییەدا بیری لێدەکرێتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە نمایشێکی شانۆیی بەدوو ئاراستەی جیاوازدا گەشە دەکات. ئاراستە کردەییە سەراپاگیرییەکەی نمایش و ئامادەبوونی رووبەڕووبوونەوەی بینەران لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە ئاراستە ئەبستراکیەکانی پرۆسەی پێگەیشتن و پێکداچوونی هاوکێشە رۆشنبیرییە هەمەلایەنەکەی نمایشی شانۆیی.

نمایشێکی شانۆیی کۆمەڵێ کۆدی رۆشنبیری و شارستانی تایبەت بەخۆی هەڵدەگرێ. لەم کۆدانەدا، شانۆیەکی سەرکەوتو، یان شانۆیەکی مۆدێرن، پۆست مۆدانیزم شانەکانی پێگەی بینەران دەستنیشان دەکات.

لەنمایشێکی شانۆیدا پێکداچوونێکی دووفاقی هاوکێشەی هونەرمەند–بینەر پێکدەهێنێ. ئەم حاڵەتە دووفاقیەش لەکاری ئەکتەر، وەك (نێرەر)و رووبەڕووبوونەوەی بینەراندا (وەرگر) بەرجەستە دەبێت. کێشەو ململانێی رووداوە شانۆییەکەو بەرجەستەکردنی ئەم کێشەیە لەرۆڵی ئەکتەردا پلەی یەکەمی ئەم دوو جەمسەرەیە. پێکداچوونی ئەم کێشەیەش لەسەر ئاستی رووبەڕووبوونەوەی بینەران لەڕوانگەی کاردانەوەیەکی پڕ لەئەفراندن و تەقەلای ئەکتەر بۆ بوونیاتنانی جیهانێکی راستگۆو هەستپێکراودا دەبێتە تەواوکەری ئەو هاوکێشەیە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خودی دیدی هەموو نمایشێکی شانۆیش وەك ڕووداوێکی هونەری لەبەرەنجامی پێگەیشتنی ئەکتەرو بینەراندا ڕوودەدات. هەردوو لاش (ئەکتەر/بینەران) زۆر بەوریایی هەست بەڕۆڵی گرنگی خۆیان دەکەن: هەردوو لا بەشداری یەك پرۆسەن، ئەویش نمایشە شانۆییەکەیە. بەلاّم لەوانەیە جیاوازییەکی سەراپاگیری لەڕووی تێگەیشتن و راڤەکردنەوە هەبێ.

رۆڵی بینەران لەشانۆی هاوچەرخدا لەنمایشێکەوە بۆ نمایشێکی‌تر دەگۆڕدرێت. ئەمەش پەیوەندی بەستیلی کارو چۆنیەتی پرۆژەو خودی شانۆییەکانەوە هەیە. لەوانەیە لەهەندێ نمایشدا بینەران بەتەواوەتی دابڕابێت لەنمایشەکەو تەنها وەك بینەرێکی بێگیان مامەڵەی لەگەڵ کرابێت. بێگومان ئەم شانۆیە خۆشی شانۆیەکی مردووە. لەوانەشە بەپێچەوانەوە بێت و بینەران رۆڵێکی ئەکتیڤ و گرنگیان هەبێت. نمایشێکی ریالیزمی سایکۆلۆژی جیاوازە لەنمایشێکی ئەزموونگەری یان ریتواڵیەوە. بینەر لەنمایشە سایکۆلۆژییەکاندا تەنها وەرگرەو هیچ رۆڵێکی بەشداریان نیە. بەلاّم لەنمایشە ئەزموونگەری یاخود ریتواڵیەکاندا، بینەران توخمێکی گرنگی ئامادەو بەشدارە.

بینەران سەرەتاو دەروازەیەکی گرنگی هەموو بنەما هونەرییەکانی نمایشێکی شانۆیی سەرکەوتووە.

بۆ نموونە ئەکتەرێکی سەرکەوتووش لەنمایشێکی ئەزموونگەری یان ریتواڵیدا (بینەران) لەئامرازێکی پاسیڤ و وەرگردا دەگۆڕێت بۆ بینەرێکی بەشدارو چالاکی نمایشەکە. بەمەش بینەر دەبێتە بەشێکی گرنگی شانەکانی سیمۆلۆژیای ڕووداوە شانۆییەکان. ئەفسونی نواندنێکی بەرز وا لەبینەر دەکات کە هەست بکات، راستەوخۆ لەنێوەندی ڕووداوەکانی نمایشەکەدایە، لەهەمانکاتیشدا دەبێتە پاڵ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێوەنەرێکی ئاشکرای دیالیکتیەتی نمایشەکە. بەم شێوەیەش هەموو بەربەستەکانی نێوان تەختەی شانۆو هۆڵی بینەران نامێنێ‌و یەکەیەکی ئێستاتیکی، فیکریو کۆمەڵایەتی نمایش‌و هۆڵی بینەران-ئەکتەروو بینەر-پێکەوە دەبەستێتەوە.

نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت کە بینەران لەشانۆدا کەناڵێکی گرنگی گەیاندن‌و پەیوەندییەکانە: تەنها بینەران دەتوانێ ببێتە گەیەنەرێکی راستگۆی ئەفراندنی پرۆسە شانۆییەکان لەنێوان رۆشنبیریو شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا.

بینەران تاکە ئامرازی گەیاندن‌و گۆرانی بەهاو هێماکانی هونەرمەندە بۆ واقیعێکی دیاریکراوو ئاشکرا. لەبەرئەوە بەلای منەوە زۆر گرانە شانۆیەك بەبێ بینەر ببینم. بینەر بنماو شانە گرنگەکانی هەموو نمایشە سەرکەوتووەکان پێکدەهێنێ. هەرگیز هیچ شانۆیەك بەبێ بینەر نابێت. شانۆو ئەکتەر هاوکێشەیەکی گرنگەو بەبوونی بینەر ئەو هاوکێشەیە، ئەو پرۆسێسە دەگاتە ئاستەکانی تەواوبوون.

پیتەر بروك لەساڵی (1968) یەکەم دێرەکانی کتێبی (پانتایی بۆش)ی بەم شێوەیە دەست پێدەکات: (من دەتوانم هەر پانتاییەك دەڵێت وەریبگرم‌و ناوی بنێم سەکۆیەکی بۆش. مرۆڤێك بەسەر ئەم پانتاییەدا دەروات‌و یەکێکیتر تەماشای دەکات. ئەمەش هەموو ئەو شتانەیە کە پێویستە بۆ ئەوەی ئەو شتە ناوبنێت شانۆ). واتە ئەکتەرو بینەر، ئەمەش گرنگترین میاکانیزمیەتی بەکارخستنی کردەی شانۆیە.

***شانۆی کۆمیدی لایەنێکی زۆر سەرەکی شانۆیە، بەڵام لای ئێمە (کۆمیدیو تەهریج) تێکەڵاو کراوە، دەکرێت بزانین شانۆی کۆمیدی لەئەوروپا بەگشتیو سوید بەتایبەتی بەکوێ گەیشتووە؟**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-شانۆی کۆمیدی لایەنێکی زۆر گرانی شانۆیە. دەتوانم بڵێم شانۆی کۆمیدی گرانترین و ئاڵۆزترین بەشەکانی شانۆیە. ساڵانە هەزارەها ئەکتەری تازە دێتە سەر شانۆکان، بەڵام چەندییان ئەکتەری کۆمیدین. کۆمیدیا هەمیشە چەکێکی گرنگی هونەر بووەو سەرەتاکانی شانۆی کۆمیدیش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی شانۆی گریکی و پیەسەکانی (ئەرستۆڤانیس).

ئەرستۆڤانیس لەڕێگای پیەسە کۆمیدییەکانیەوە کۆمەڵگای گریکی شڵەژاندبوو. شانۆنامە کۆمیدییەکانی بوارەکانی رامیاری، ئاکار، بازرگانی، کۆمەڵایەتی و رەخنەی دراماو شانۆیشی دەگرتەوە. دوای ئەوە بەدرێژایی مێژوو، لەهەموو سەدەو سەردەمێکدا، شانۆی کۆمیدیش رۆڵی شیاوو لەبەرچاوی خۆی هەبووە. ئەم بوارەی شانۆ لەلای شەکسپیر دەگاتە ئاستێکی بەرزو بەهایەکی گەورە لەخۆدەگرێت. شانۆنامە کۆمیدییەکانی شەکسپیر، ئەمڕۆ لەهەموو رۆژێك زیاتر، لەسەر هەموو شانۆ بچوك و گەورەو گرنگەکانی جیهاندا پێشکەش و پێشکەشدەکرێتەوە. (خەونی شەوێك لەنیوە شەوەکانی هاوین) (شەوی دوانزەهەم) (کۆمیدیای هەڵەکان) و (بازرگانی ڤینێدیك) بەشێکی گرنگی ئەو کلتورە دەوڵەمەندەی مرۆڤایەتیە.

مۆلییر برەوێکی تر و وزەیەکی جیاوازتر دەبەخشێتە بزوتنەوەی شانۆیەکی کۆمیدی لەئەوروپا.

یەکێك لەخاڵە هەڵەکانی تێگەیشتنی ئێمەش بۆ کۆمیدیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە بەهەڵوێستە دژوارەکانی پێناکەنین، بەڵکو بەئەکتەرەکان پێدەکەنین. ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەی هونەری کۆمیدیایە. ئەمەش حاڵەتێکی زۆر جیاوازە کە بینەران لەگەڵ ئەکتەرەکان پێکەوە پێکەنن، لەوەی کە بینەران بەخودی ئەکتەرەکان

پێبکەنن. خاڵی جیاوازییەکەش لەوەدایە کە ئێمە، واتە (بینەران) لەڕێگای ئەو نمایشە کۆمیدییەوە کە حاڵەتێکی دژوارو گرفتێکی کۆمەڵایەتی یان رامیاری بەرجەستە دەکات، لەگەڵ خودی ئەکتەرەکان بەو دیاردەیە پێبکەین. ئەمەش خستنەڕوویەکی ئاشکراو راستەوخۆی ئەو گرفتەیەو وا لەبینەر دەکات کە وریا ببێتەوەو هەڵوێستێکی ئاشکراش وەربگرێت. نەك بەپێچەوانەوە کە ئەو دیاردە ناهەموارە، لەنمایشێکی کۆمیدی تەهریجیدا، وون ببێتو لەبری ئەوە بەخودی ئەکتەرەکان پێبکەنین.

نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە شانۆی کۆمیدی تەنها هەر ئەکتەر نییە" بەڵکو ئەم پرۆسەیە لەنووسەروە دەست پێدەکاتو دوای ریژیسۆر بەئەکتەر کۆتایی دێت.

سەرەتا زۆر گرنگە بزانرێت چ پیەسێكو بۆچی ئەو پیەسە هەڵدەبژێردرێت: واتە نووسەری شانۆنامیەکی کۆمیدی زۆر گرنگە بزانێت بەچ شێوەیەكو چ جۆرە وشەو رستەیەك بەکاردەهێنێ بۆ نووسینی کۆمیدیاکەی. ئەم پرۆسەیەش دواتر بەئاشکرا لەکاری ریژیسۆرو نواندنی ئەکتەرەکاندا دەردەکەوێت. ئەوەی جێگای ئاماژەو سەرنجە ئەوەیە کە ئێمە لەنمایشە کوردیە کۆمیدییەکانی ئەم دە ساڵەی دوایدا نەمانتوانیووە بە(ڕووداوەکە) پێبکەنین، بەڵکو بەخودی ئەکتەرەکان پێکەنیووین. ئەمەش کارێکی هەڵەو لەهەمانکاتیشدا پڕ لەئازارە. شانۆی کۆمیدی لەئەوروپا زۆر جیاوازەو ناکرێت بەهیچ شێوەیەك بەراورد کاریبکەین لەگەڵ شانۆی کوردی یان کۆمیدیای کوردی. بەر لەهەموو شتێك شانۆی کۆمیدی ئەوروپی، وەك لەلای سەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، مێژوویەکی دێرینی هەیەو بەشێکە لەترادیشوونو کلتورێکی دێرین. (کۆمیدیای دیلارتی) تا ئێستاش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕاستەوخۆ کاریگەری گەورەی بەسەر فۆرم و ناوەرۆکی ڕەوتی شانۆی جیهانییەوە هەیە. کۆمیدیاش پرۆسەیەکی گرنگە و پەیوەستە بەمەسەلەکانی دیموکراتی، دەسەڵات و ئازادی بیروباوەڕ و سەربەستی دەربڕینی وشەو هەڵوێستەکان. ئێمە نە ئەویانمان هەیەو نەئەمیشیانمان هەیە. واتە نەئازادی و نەڕابردوویەکی درێژو نەتەکنیکی شانۆی کۆمیدی. بەڵام پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە لەحەفتاکانی هەزارەی ڕابردوودا، لەسلێمانی کۆمەڵێ شاکاری کۆمیدی بەرز پێشکەشکراوە، هەر بۆ نموونە (لانەوازان)، (پیسکەی تەڕپیر)، (خولە چەخماخە)..و.

***بەدەر لەشانۆی کۆمیدی زۆرجار شانۆی بازرگانی ناوێکە لەئەدەبیاتی شانۆدا باسی لێوەدەکرێت، دەکرێت بزانین زاراوەیەك بەم شێوەیە لەئەوروپا هەیە؟**

–بەڵێ هەیە! شانۆی بازرگانی شانۆی بلیت و ختوکەدانی هەستی خەڵکییە. شانۆیەکی کۆمیدی تەهریجیی و ساکارە. ئەم شانۆیە زیاتر شانۆی ئەکتەرە کۆمیدییە ناسراوەکانی تەلەفزیۆن و سینەمایە. شانۆی بازرگانی سەر بەکەرتی تایبەتییەو پشت بەداهاتی نرخی بلیت و نمایشەکانیان دەبەستێت بۆ بەردەوامی و بەرهەمهێنانی ئەو شانۆنامانەی کە پێشکەش دەکرێت.

بینەرانی ئەم شانۆیەش خاوەن کارو موچەخۆرە گەورەکانن و لەڕووی داراییەوە بژێوییان زۆر باشە. ئەم خەڵکانە زیاتر بۆ کات بەسەربردن و پشودانێکی کاتی پڕ لەگاڵتەوگەپ ڕوودەکەنە ئەم شانۆیانە.

***هونەری دەرهێنان بەکۆمەڵێ گۆڕانکاری گرنگی جۆراوجۆردا تێپەڕبووە. گرنگترین ئاراستەکانی ئەم هونەرە لەشانۆی هاوچەرخی جیهانیدا چۆن دەبینی؟**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

–بەڕای من وڵاتی گریك یەكەم مەڵبەندی لەدایكبوونی هونەری ریژییە. یەكەم وێستگەكانی دەركەوتنی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاكان و لەدایكبوونی درامای گریكی. ئەسكیلیۆس (406)پ.ز و سۆفۆكلیس (405)پ.ز، لەسەرەتاوە وەك دوو رابەری گەورەی شانۆو درامای گریكی، خۆیان بەكاری ریژی شانۆنامەكانیان هەستاون، مەشقیان بەئەكتەرەكانیان كردووەو سەماو جووڵەو دابەشكردنی كۆرس و رێكخستنی پانتایی بیناسازی شانۆییەكانیان ئامادەكردووە. هەر خۆشیان ئەكتەرەكانیان هەڵبژاردووەو جلوبەرگەكانیان دەستنیشانكردووە. ئەمەش بەئاشكرا بەتێكستەكانیانەوە دیارەو تێكستەكانیان كۆمەڵێ تێبینی وردی كردەیی و هونەری لەخۆدەگرێت. بەلام بیرۆكەی دراماو شانۆ لەگریكی كۆندا، تێكست و نمایشی پێكەوە لەخۆگرتووەو وەك دوو لقی جیاواز: ئەدەب و نمایش، لەشانۆیان نەڕوانیووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆكارە ساكارەی كە ئەو نووسەرانە، خۆیان دەقەكانیان نووسیووە، تاكو خۆیان بەریامەتی كەسانیتر لەسەر شانۆ پێشكەشی بكەن. بەتایبەتیش لەڕۆژانی جەژنەكانی دیونسیوس و پێشبڕكێ هونەرییە شانۆییەكانی ئەو سەردەمە. ئەو ڤێستیڤالانەش رۆڵێكی گەورەی گێڕاوە لەنەشونماكردن و بەرەوپێشەوەچوونی هونەری دراماو ریژی و تەنانەت رەخنەی شانۆیشدا. بەلام تا كۆتاییەكانی سەدەی حەڤدەهەم، بەشێوەیەكی تەواوەتی و سەربەخۆ دیاردەو كاروپیشەی ریژیسۆر دەرنەكەوتووە. یەكەم نووسینیش سەبارەت بەئێستاتیكای شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1895). لەم ساڵەدا (ئەدۆڵف ئاپیا) بەیاننامە گرنگەكەی خۆی سەبارەت بە(ریژی درامای ڤاگنەر) بلاودەكاتەوە. ئاپیا لەم نووسراوەییداو بەشێوەیەكی زۆر هۆشیار باس لەجیاوازی و سەربەخۆیی نمایشی شانۆیی دەكات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەدرێـژایی سـەدەی حەڤدەهـەم كۆمـەڵێكی ئێجگـار زۆر ئـەزموونی شانۆیی لەئـەوروپادا سـەری هەڵـداوە. بـەڵام هـیچ پرۆژەیـەك، یـان هـیچ ئەزموونێكی شانۆیی سنور بۆ بنەما سەرەكیەكانی شانۆ دانانێت.

لەئەڵمانیا هەندێ دیدی تیئۆریو بۆچوونی جیاواز دەربارەی شـانۆ بڵاودەكرێتـەوە. بەتایبـەتیش بۆچـوونەكانی لێسـینگ، دیـدرۆ و گۆتـە هانی شانۆكارانی ئەو سەردەمە دەدات. بەڵام سـەرەتا راستەقینەكانی هونـەری ریـژی دەگەڕێتـەوە بـۆ كۆتاییـەكانی سـەدەی نۆزدەهـەمو سەرەتاكانی سەدەی بیستەمو بەتایبەتیش تیپی (ماینگەر)ی شانۆیی. ئـەم گروپـەش لەسـەر دەسـتی (سـایكن ماینگـەر)ی قەشـەدا دامـەزراوەو لەنێوان ساڵانی (1870–1890)دا كۆمەڵێ گەشتی هونـەرییان بەوڵاتە ئەوروپییەكانـدا كـردووە. ئـەم گروپـە بـۆ بەرجەسـتەكردنی كارەكانیـان زۆر بـەوردی لەتێكستە شانۆییەكانیان كۆڵیوەتـەوە. لێكۆڵینـەوەو راڤە زمانەوانییـــەكانیان، گرنگیـــدان بـــەوردەكاری، بنیاتنانـــەوەی واقیـــع بەشـــێوەیەكی گشـــتگرو لـــۆژیكی، بەشـــێك بـــووە لـــەخودی لێكۆڵینـەوەكانیان. یـەكێك لەهـەنگاوە گرنگـەكانی ئـەم تیپـە شـانۆییە، گرنگیـــدان بـــووە بـــەئامادەكردنی ســـەكۆی شـــانۆ، ســـینۆگرافیا، بـــەكارهێنانی روونـــاكی، كەرەســـتەو جلوبـــەرگی تایبـــەت بـــەكارە شانۆییەكان.

(سـایكن ماینگـەر) بـۆ یەكـەمجار تـوانی رۆڵـی ئەكتـەری ئەسـتێرەو پاڵەوانـەكانی سـەر شـانۆكان وەلاوەنـێ. بەمـەش پاڵـەوان و ئەكتـەری یەكـەمی لەسـەر شـانۆ نەهێشـتووەو رۆڵـەكانی بەیەكسـانیو بـەپێی توانـای ئەكتـەرەكانی، بەسـەر ئەنـدامانی تیپەكـەدا دابەشـكردووە. ئـەم تیپـە هونەرییـە شـانۆنامەكانی (شەكسـپیر)، (مـۆلییر)، (لیسـینگ)، (شیلر)و هەروەها (هێنریك ئیبسن) یان پێشكەش كردووە.

تیپەکەی (ماینگەر) دەروازەیەکی گەورە بەڕووی شانۆی ئەوروپیدا دەکاتەوەو کاریگەرییەکانی راستەوخۆ لەسەر شانۆکانی پایتەختە ئەوروپییەکاندا رەنگ ئەداتەوە.

ئەندریە ئەنتوان (1856-1943) زۆر زوو دیدو تێڕوانینە هونەری و جوانکارییەکانی سایکن ماینگەر دەقۆزێتەوە.

ئەندریە ئەنتوان لەساڵی (1887)دا شانۆی سەربەست دادەمەزرێنێ. ئەم هونەرمەندە لەگەڵ (ئەمیل زۆلا)دا گەشە بەشانۆیەکی سروشتی (ناتورالیزم) ئەدەن و بۆ ماوەی شانزە ساڵ لەگەڵ گروپەکەی بەردەوام دەبێت. شانۆی سەربەست و ئەندریە ئەنتوان بەهەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە ژیان، واقیع بەهەموو وردەکارییەکانیەوە، بگوێزنەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ. دیواری چوارەم یەکێك بووە لەبنەما سەرەکیەکانی ئەم شانۆیەو سنورێکی گرنگ و گرانی نێوان تەختەی شانۆو بینەران بووە. ئەندریە ئەنتوان بنەما سەرەکیەکانی هونەرێکی شانۆیی و ریژی نوێخواز بۆ ئەوکاتەی شانۆ دادەرێژێ.

بۆچوون و گۆڕانکارییەکانی (ریتشارد ڤاگنەر)یش (1813-1883) لەبواری شانۆو مۆسیقادا، کاریگەرییەکی گەورەو بنەڕەتی دەبێت بەسەر بەرەوپێشچوونی هونەری ریژییەوە. ڤاگنەر خانووبەرەو ئەندازەی شانۆکانی بەتەواوەتی گۆڕی. لەساڵی (1872)دا شانۆی (بایروت)ی دروستکرد، شوێنی ئۆرکستراکەی خستە چاڵێکی نادیاری بەردەمی شانۆکەوە، بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی هونەریش، رووناکی هۆڵی شانۆکانی کوژانەوە، تا پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان هۆڵی شانۆو تەختەی سەر شانۆکەدا دروست بکات. لەم شانۆیەدا وشەو تۆنی مۆسیقا لەیەکەیەکی هونەری و هونەرێکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گشتگردا کۆدەبێتەوە. ڤاگنەر دەیویست بگەڕێتەوە بۆ سەر بنەما شانۆییەکانی گریك و لەو ئەزموونە سودمەند بێت.

پرۆژە تیئۆرییەکانی ئەدۆلڤ ئاپیا (1862–1928) بەشدارییەکی گرنگ دەکات لەبەدیهێنانی تیئۆرێکی تازە بۆ چارەسەرکردنی شانۆ و پێکهێنەرە گرنگەکانی. ئاپیا لەبۆچوونێکی جیاوازو دیدێکی زانستی و هەمەلایەنەوە روویکردە نەخشەکێشانی سینۆگرافیا و بەکارهێنانێکی جیاوازی سەرچاوەکانی تیشك و رووناکی. ئاپیا جگە لەپرۆژە تیئۆرییەکانی، وەك ریژیسۆر، سینۆگراڤ و ئامادەکردنی رووناکی کاریکردووە. هەروەها ئاپیا کۆمەڵێ کتێبی گرنگیشی نووسیووە، لەوانە: کاری هونەری زیندوو (1921)، ریژی درامای ڤاگنەر (1895)، مۆسیقاو ریژی (1899)، سروشتییەکی مردوو یان هونەری زیندوو (1923)، هونەری دراما (1924)و..هتد. بەلاّم هیچ کەسێك هێندەی ریژیسۆری ئینگلیزی (ئەدوارد گۆردن گریك) (1872–1966) کاریگەری بەسەر هونەری ریژی بەتایبەتی و هونەری شانۆ بەگشتییەوە نەبووە. ئەم هونەرمەندە جگە لەکارە کردەییە ئەزموونگەرییە شۆڕشگێڕییەکانی، کۆمەڵێ بابەتی گرنگی تیئۆریشی نووسیووە. هەروەها گۆڤارێکی گرنگی شانۆیشی دەرکردووە.

یەکێك لەسەرکەوتنە گەورە هونەرییەکانی ئەم ریژیسۆرە نمایشی (هاملێت) دەبێت. ئەدوارد گۆردن گریك لەساڵی (1911)داو بەریامەتی ستانیسلاڤیسکی لەشانۆی هونەری لەمۆسکۆ هاملێت پێشکەش دەکات.

هەر لەم قۆناغەشدا ستانیسلاڤیسکی (1865–1938) دەردەکەوێت. چالاکیە شانۆییەکانی ستانیسلاڤیسکی لەساڵەکانی (1877)وە، وەك ئەکتەرێکی بەتوانا پەردەستێنێ. لەم ساڵانەشدا

لەڕووسیا هیچ شانۆیەکی دیارو باوەڕپێکراو نەبووە، بەڵام کارەکانی ئەو گەنجە دەبێتە جێگای سەرنج و سەرسوڕمانی خەڵکانێکی زۆرو ستاینسلاڤیسکی خۆشی بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری شانۆ نابێت و پەیوەندییەکانی بەهونەری شانۆوە دەبێتە پەیوەندییەکی قوڵ و دینی پیرۆز.

دواتر ستاینسلاڤیسکی (فلادیمیر نیمیروفیتش دانتشنکۆ) (1858–1943) دەبینێ. ناسینی ئەم هونەرمەندەش دەبێتە پاڵپشتێکی گەورەو بەرەوپێشەوەچوونی فیکرو هونەر لەلای ستاینسلاڤیسکی. دانتشنکۆ مامۆستای شانۆ، نووسەرو رەخنەگرێکی شانۆیی دەبێت و لەتەقەلای چاکسازی و ئەزموونی شانۆییدا زۆر بەخێرایی دەردەکەوێت. تەقەلاکانی دانتشنکۆ زیاتر پەیوەست دەبێت بەلێکۆڵینەوەو راڤەکردنێکی راست و دروستی تێکستە شانۆییەکانەوە. پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی نێوان ئەم دوو هونەرمەندە لەساڵی (1857)دا دەبێتە هۆی دامەزراندنی شانۆی هونەری مۆسکۆ.

ستانیسلاڤیسکی لەسەرتای تەقەلا شانۆییەکانیدا کاریگەری تیپی (ماینگەر)ی بەسەرەوە دەبێت. ئەم تیپە لەیەکێك لەگەشتە هونەرییەکانیاندا سەردانی مۆسکۆیان کردووە و ستانیسلاڤیسکی لەنزیکەوە لەنمایشە شانۆییەکانیان دەڕوانی و هەست بە بەهاو نرخی شانۆ، وەك ئامرازێکی گرنگی شارستانی و رۆشنبیری دەکات. دواتر ستانیسلاڤیسکی و لەگەڵ ئەکتەرەکانی شانۆی هونەری مۆسکۆ پەرە بەمیتۆدەکانی ئامادەکردن و پەروەردەکردنی ئەکتەر ئەدات. نهێنیە سایکۆلۆژیەکانی مرۆڤ دەبێتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ مەشق و پەروەردەکردنی ئەکتەر.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ستانیسلاڤیسکی لەڕوانگەی زانستە سایکۆلۆژییەکانەوە بەوردی لەو گۆڕانکارییانەی دەکۆڵییەوە کە لەنەستی ئەکتەرەکانیدا، بۆ چوونە نێو رۆڵەکانیانەوە روویئەدا. بێگومان ئەو میتودە دەروونیانە، لەوەوبەر بەهەزارەها ساڵ لەشانۆی ئیتالیدا بەکارهێنرابوون، بەلاّم ستانیسلاڤیسکی بەڕێگایەکی وردو زیرەکانەی زانستی هەموو ئەو بنەماییانە دەکاتە میتۆدێکی گرنگی بەردەوامی تاقیگەو تەقەلاکانی لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا. پرۆژەکانی ستانیسلاڤیسکی بۆ پەروەردەکردنی ئەکتەرەکانی لایەنە تیئۆری و پراکتیکیەکانی پێکەوە دەگرێتەوە. بێگومان ناکرێت لێرەدا باسی هەموو بۆچوونە پەروەردەییەکانی ستانیسلاڤیسکی بکرێت، بەڵکو هەوڵ ئەدەین زۆر بەکورتی ئاماژە بەڕۆڵی ئەم هونەرمەندەو شانۆی هونەری لەمۆسکۆ بدەین. بەتایبەتی کاریگەری تەقەلاکانی شانۆکەیان لەڕووی بەرەوپێشەوەچوونی هونەری ریژی لەشانۆی هاوچەرخی جیهانیدا. شانۆکەیان لە(14)ی مانگی دەی ساڵی 1898دا بەشانۆنامەی (فیدور)ی تۆلستوی و (سیزەر)ی شەکسپیر دەکرێتەوە. دواتر شانۆنامەکانی (هێنریک ئیبسن)و (ستریندباری)یش دەبێتە بەشێکی گرنگی رێپۆرتوارەکانیان. بەلاّم لەدوای ئەوەی لەساڵی 1898دا شانۆنامەی (باڵندەی دەریا)ی شیکۆڤ پێشکەش دەکەن، بەتەواوەتی رووەدەکەنە شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە گەورەیە. دواتر سەرلەنوێ باڵندەی دەریا، لالۆ ڤانیا، باخی گێلاس و سێ خوشك ئاستی تەقەلاکانی شانۆی هونەر لەمۆسکۆ دەگەیەنێتە ئاستێکی زۆر بەرز. دوای مردنی شیکۆڤیش، هەرچەندە (مەکسیم گۆرکی)و بەتایبەتی لەڕێگای شانۆنامەکانی (بۆرژوازییە بچووکەکان)و (داماوەکان)ەوە بەردەوامی بەخشییە تەقەلاکانی ستانیسلاڤیسکی. بەلاّم کەس نەیتوانی ئەو بۆشاییە گەورەیەی شیکۆڤ

بـــۆ شـــانۆی هونـــەرو سیتانیسلاڤیســـکی پڕبکاتـــەوە. لەبەرئـــەوە ستانیسلاڤیسکی لـەپاڵ چالاکییەکانی تیپـە هونەرییەکەیانـدا چەندین ســـتۆدیۆی ئەزموونگـــەری بـــۆ هاوکـــارو قوتابیـــەکانی دەکاتـــەوە. شانۆکەشی تا ئەو ڕۆژەی ستانیسلاڤیسکی لەساڵی 1938دا دەمرێت، بەهەمان ئاستو وزەو تواناوە بەردەوام دەبێت. ستانیسلاڤیسکی وەك هونەرمەنـدێکی گـەورە ڕێگـای بـۆ قوتابیـەکانی دەکـردەوەو یارمـەتی دەدان. بـۆ نموونـە بەوپـەڕی توانـاوە پشـتگیری لێکۆڵینـەوە هونەرییـە هێماکارییـــە جیاوازەکـــانی (مایرهۆڵـــد)ی دەکـــرد. ئەمـــەش دووپاتکردنەوەیەکی گەورەیی ئەو هونەرمەندە دەردەخات.

تیئۆرو بۆچوونەکانی ستانیسلاڤیسکی سەبارەت بەپەروەردەکردنی ئەکتەر تا ئێستاش بەیەکێك لەبنـەما هـەرە گرنگەکانی شانۆی جیهانی دادەنرێـت. هـەر کەسـێك لەشـانۆدا کاربکـات نـاتوانێ پشـت بکاتـە وانـەکانی ستانیسلاڤیسـکی. نـەك هـەر ئـەوە بـەڵکو کتێـبو وانـەو بۆچـــوونەکانی بنەمایـــەکی گرنگـــی لێکۆڵینـــەوەو ئـــەزموونکاریو بەرەوپێشەوەچـــوونی شـــانۆیە. ستانیسلاڤیســـکی کاریگەریـــەکی گەورەشـی بەسـەر پاشـەڕۆژی شـانۆی رووسیشـەوە دەبێـتو کۆمـەڵێ ڕیژیســـۆرو شـانۆکاری گـــەورە دێنـــە ئـــاراوە. تـــاییرۆڤ، مایرهۆڵـــدو ڤاختـانکۆف نموونەیـەکی ئـەو بەرەوپێشەوەچـوونەنو کاریگەریـەکی گەورەشـیان بەسـەر تێکـڕای درووسـتبوونو خوڵقانـدنێکی گـەورەی هونەری ڕیژییەوە هەیە.

ئەلێکســـی تـــایرۆڤ (1885–1950) لەشـــانۆ جۆراوجۆرەکـــانی ئەوکاتـەی رووسـیادا کـاریکردووە. چـەمکەکانی مۆسـیقاو ریتمـی مۆسـیقی بنەمایـەکی گرنگـی ئەزموونـەکانی ئـەم ڕیژیسـۆرە بـووە. بـۆ نموونـە کـە شـانۆنامەی (لالـۆ ڤانیـا) لەشـانۆی (مـاڵی گـەل) پێشـکەش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکات، ئەکتەرەکان بەپێی ریتمێکی مۆسیقی دیاریکراو رۆڵەکانیان بینیووە. بۆ ئەم مەبەستە مۆسیقاکانی (شۆپان)و (شایکۆڤسکی) رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. دواتر لەشانۆی سەربەستی (مارتدەنۆڤ)دا هەوڵیداوە گۆرانی، ئاماژەو نواندن لەیەکەیەکی یەکگرتوودا کۆبکاتەوە. ئەکتەرەکانی ئەو ئەزموونانەشی ناونابوو (ئەکتەری گشتی) کە توانای هەموو بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی نواندنیان هەبێ.

تایرۆڤ لەساڵی 1914 بەدواوە ئەزموونە شانۆییەکانی ناوناوە (شانۆی ژوور). بەڵام شانۆکەی شانۆیەکی بچوکی ژوور ئاسا نەبووە، هێندەی ویستوویەتی بەوناوە دووپاتی ئەزموونگەرییەتی پرۆژەکانی بکاتەوە.

پرۆژەکانی ئەم ریژیسۆرە زۆر جۆراوجۆرە، نمایشی سایکۆلۆژی بەپێی تێزەکانی ستانیسلاڤیسکی، ریالیزمی خەیاڵاوی، دەربڕین ئاسا و شانۆیەکی شیعر ئامێز دەگرێتەوە. بەڵام مایرهۆڵد (1874-1940) دادەنرێت بەهۆشیارترین و رۆشنبیرترین نەوە رۆشنبیرو شانۆکارەکانی رووسیا. ئەم هونەرمەندە سەرەتا لەشانۆی هونەری مۆسکۆو لەژێردەستی ستانیسلاڤیسکیدا پەروەردە دەبێت.

بەڵام لەساڵی (1902)دا لەشانۆی هونەری مۆسکۆ دەکشێتەوەو دەبێتە ریژیسۆر لە(کۆمەڵەی درامای نوێ). دواتر ستانیسلاڤیسکی لەساڵی 1905دا مایرهۆڵد هانئەدات سەرپەرشتی یەکەم تەقەلاکانی (شانۆ-ستۆدیۆ)کەی بکات. لەم ستۆدیۆ شانۆیەدا مایرهۆڵد هەموو تەقەلا و تواناکانی بەکاردەهێنێ بۆ بەدیهێنانی شانۆیەکی نوێ. هەر لێرەشەوە جیاوازی بیروباوەڕو دیدی شانۆیی نێوان ستانیسلاڤیسکی و مایرهۆڵد دەبێتە دەلاقەیەکی گەورە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوای ئەم جیاوازییە گەورەیە مایرهۆڵد دەچێتە شاری لینینگرادو بەرەو بەئەزموونە جیاوازەکەی خۆی ئەدات. مایرهۆڵد گرنگی بەرێساکانی هونەری شێوەکاریو مۆسیقا ئەداو زیاتر پیەسە هێماداررییەکانی (میترلینك)و (هاوبتمان)ی دەکردە بنەمای ئەزموونەکانی. مایرهۆڵد یەکەم کەس بوو کە پەردەی بەردەمی شانۆی وەلاوەنا، خودی ئەندازەی شانۆی گۆڕیو گۆڕانکارییەکانی هەموو بوارەکانی پێکهێنەرەکانی هونەری شانۆی گرتەوە. هەر لەم رووەوە شێوازی ئەسلەبەو بێومیکانیکی کردە ستركتورێکی گرنگی هونەری نواندنو دیدی ریژی خۆی.

لەدوای شۆڕشەوە، دوژمنەکانی بەجۆرەها تاوانی هەڵبەستراو تاوانباری دەکەن. دواتر دەگیرێو لەیەکێك لەبەندینخانەکانی ستالیندا وون دەبێتو ژنەکەشی، کە ئەکتەرێکی ناسراوی ئەو کاتەی رووسیا دەبێت، لەماڵەکەی خۆیدا بەچەقۆ بەشێوەیەکی دڕندانە پارچە پارچەی دەکەن.

لەفەرەنسا ئەزموونی پرۆسەی ریژی دوای (ئەندریە ئەنتوان) بەردەوامیەکی بەبرەو لەخۆدەگرێت. مێژووی هونەری ریژی لەفەرەنسا، هاوشانو بەشێوەیەکی تەریبی لەگەڵ تەقەلا و ئەزموونەکانی رووسیادا دەڕوات.

ژاك کۆبو (1897–1946) لەم دەروازەیەدا دەنگێکی گرنگو رەنگێکی جیاوازی مێژووی شانۆو هونەری ریژییە. ئەم هونەرمەندە لەساڵی 1912دا یەکەم گرۆی شانۆیی تایبەت بەخۆی لەهۆڵێکی بچوکی (300)کورسیداو بەسەرمایەیەکی زۆر کەم دادەمەزرێنێ. بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم ئەزموونەکانی لەبواری پیەسو شانۆنامە کلاسیکییەکاندا دەسوڕێتەوە. لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگیشدا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شـانۆكەی دادەخرێـت و لـەبری ئـەوە گەشـتێكی هونـەری دووورودرێـژ دەكات بەولأتـە یـەكگرتووەكانی ئـەمریكاداو چـەندین پـرۆژەی شـانۆیی سەركەوتوو پێشـكەش دەكات و بەم شێوەیەش ناوبانگێكی جیهـانیش بـۆ خـۆی پەیـدا دەكـات. لەسـالّی 1920دا سـەرلەنوێ شـانۆكەی دەكاتەوەو تا سالّی 1924 بەردەوام دەبێت.

خوێندنـــەوەكانی ژاك كۆبـــو بـــۆ شـــاكارە كلاســـیكییەكان رۆح و شـێوازێكی نـوێ دەبەخشـێ بەشـانۆی فەرەنسـی. ژاك كۆبـو گەشـتێكی چەند سالّی بەگوندو هەرێمە بچوكەكانی فەرەنسادا دەكات. رووەدەكاتـە بینـەرێكی سـاكارو میللـی و زۆر جـار لەكلێسـا و گۆڕەپـانی گوندەكانـدا نمایشـەكانیان پێشـكەش دەكـەن. ئـەم هونەرمەنـدە لـەدوا رۆژەكـانی ژیانیـداو بەتایبـەتی لەسالّی 1944دا ئەزموونـەكانی خـۆی لەكتێبێكدا كۆدەكاتـەوەو بـەناوی (شـانۆی گـەل)ەوە بلأویدەكاتـەوە. لەئـەلّمانیاش مـــاكس راینهـــارت (1873–1943) بـــرەو بـــەو رەوتـــە ئـــەدات و بەشدارییەكی راستەوخۆ لەپرۆسـەی دامەزراندنی شـانۆیەكی مۆدێرنی ئەوروپیدا دەكات. لـەلای ئـەم هونەرمەندە تـەكنیكی هونـەری ریـژی زۆر بەرەوپێشەوە دەچێت. هێنـدەی گرنگی بەشـێوازەكانی فـۆرم و كتـوپڕی رووبەڕووبوونـەوەی بینـەران ئـەدات، هێنـدە گرنگـی بـەناوەرۆك و بابـەتی شـانۆییەكان نـادات. راینهـارت تەمـەنی تـەنها حەڤـدە سـالّ دەبێـت كـە (ئۆتۆبراهم) رۆلّێكی گەورەو گرنگی لە(شانۆی ئەلّمانیدا) پێدەبەخشـێ. (ئۆتۆبراهم) بڕوایەكی تەواوەتی بەناتورالیزمیەتی هێنریك ئیبسن بوو، ئـەم دیـدەش فێرگەیـەكی گـەورە دەبێـت بـۆ راینهـارتێكی گـەنج. بـەلأم دواتـر تەوژمـەكانی هێمـاداری و دەربـڕین دەروازەیـەكی تـری فـراوان بـۆ مـاكس راینهـارت دەكاتـەوە. پیەسـەكانی شەكسـپیر، مـۆلییر، درامـای گرێك و كلاسیكی ئەلّمانی جێگای سەرنج و ستایشی بووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەساڵی 1905داو بەنمایشکردنی (خەونی نیوە شەوێکی هاوین)ی شەکسپیر ناوبانگێکی جیهانی دەردەکات. دوای ئەوە چەندین شانۆی سەربەخۆ دادەمەزرێنێت و دەبێتە بەرپرسیاری یەکەمی ئەو شانۆیانە. بۆ نموونە لەساڵی 1906دا شانۆی گەمەی ژوور دەکاتەوە. ئەمەش وەك لق و شانۆیەکی بچوکی سەر بە(شانۆی ئەڵمانی) لەبەرلین.

(گەمەی ژوور) ئەزموونێك بووە راینهارت لەوەوبەر لەڕوانگەی شانۆ بچووکەکەیەوە کاریتیاکردووە. ئەمەش ئەزموونێکی دەوڵەمەند بووە بۆ ئەو قۆناغەی راینهارت، بەتایبەتی لەو کاتەدا گەیشتبووە ئەو بەرئەنجامەی هەندێ ڕێپۆرتوار پێویستی بەشانۆیەکی بچوك و بینەرێکی هەڵبژاردەو رۆشنبیرو هۆشیار هەیە.

هەر لەئەڵمانیا تەقەلا و ئەزموونەکانی بیسکاتۆرو برێشت بەردەوامیەکی گەورەو مەزن دەبەخشێتە بزووتنەوەی شانۆی جیهانی و پرۆسەی هونەری ریژی. لەهەندێ لەگفتوگۆکانی پێشوماندا، ئاماژەم بەدیدو رۆڵی هونەری بیسکاتۆرو برێشت کردووە، لەبەرئەوە لێرەدا بازیان بەسەردا ئەدەم و لەبری ئەوان هەندێ بەکورتی باسی (کۆمەڵەی کارتل) دەکەم.

ئەم کۆمەڵەیەش گەرەکی بوو بەها شیعرییەکانی شانۆ تازە بکاتەوە. کۆمەڵەی کارتل لەلایەن چوار ریژیسۆری فەرەنسییەوە دادەمەزرێ. ئەو ریژیسۆرانەش دوانییان قوتابیە نزیکەکانی ژاك کۆپو و یەکێکیشیان یەکێك بووە لەهاوڕێ نزیکەکانی. یەکێك لەپەیامە گرنگەکانی مانیڤێست و تەقەلاکانی ئەم کۆمەڵەیە دژایەتیکردنی تەوژمەکانی ناتورالیزم و شانۆی بازرگانی بووە. ریژیسۆرەکانی کۆمەڵەی کارتل بریتی بوون لە: (لویس جۆفیە، شارڵ دۆلان، جۆرج بیتۆئیف و گاستۆن باتی).

دواتر ئەنتونان ئارتۆو ژان لویس بارۆ لەژێر کاریگەرییەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا پەروەردە دەبن و هەردووکیشیان دادەنرێن بەقوتابیە زۆر بەئەمەکەکانی شارڵ دوڵات و لویس جوفییە. کۆمەڵەی کارتل رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لەبەرجەستەکردنی چەمکەکانی پرۆسەی ریژی و پیشەی ریژیسۆر لەشانۆی هاوچەرخی جیهانیدا. پرۆژەکانی ئەم ریژیسۆرانە مەودایەکی فراوان و چەمکێکی وێنەیی و شیعر ئامێزیان بەخشییە ئێستاتیکای شانۆو دواتریش وزەو هێزێکی گەورەشیان بەخشییە شانۆی فەرەنسی. پریشکەکانیان تەنها شانۆی فەرەنسی نەگرتەوە، بەڵکو دواتر شانۆی ئەوروپییش دەگرێتەوە.

هەر لەژێر ئەو کاریگەرییەدا ئەنتونان ئارتۆو شانۆی توندوتیژی دەردەکەوێت. ریژیسۆرانی وەك ژان لویس بارۆ، ژان فیلار، رۆحیە بلان و دواتریش نەوەی دوای جەنگی جیهانی دووەم لەدایك دەبێت.

بێگومان ئەم ریژیسۆرانەش رێگایان کردەوە بۆ دامەزراندن و دروست بوونی کۆمەڵێ ریژیسۆری گەورەی وەك (ستریهلر) لەئیتاڵیا، (پیتەر بروك) لەئینگلستان، (گرۆتۆڤسکی) لەپۆلۆنیاو دەیەها هونەرمەند و شانۆکاری تری جیهانی. ئەمە خستنەڕوویەکی زۆر کورتی مێژووی هونەری ریژییە لەشانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لەهەمانکاتدا ئاماژەیەکی راستەوخۆی هەموو ئەو تەقەلایانەشە بۆ بەدیهێنانی هونەرێکی جیاوازو سەربەخۆی شانۆ.

***شانۆ زیاد لەهەموو هونەرەکانیتر پەیوەندی جەدەلی بەفیکرو مەعریفەوە هەیە، بەڕێزت رایەڵە گرنگەکانی نێوان مەعریفەو شانۆدا لەکوێدا دەستنیشان دەکەیت؟**

–شانۆی کلاسیکی هەروەك شانۆی هاوچەرخ و مۆدێرن باسی مەسەلەی سیاسی، ئاکار، دین، شەرەف، خۆشەویستی،

پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ، مەرگ و ژیان دەکات. من لەو باوەڕەدام کە هەموو بیرمەندان و فەیلەسوفەکانی دنیاش، لەهەموو قۆناغەکانی مێژوودا، هەوڵیانداوە لەنهێنی پێوەندییەکان و ریشاڵە دژوارەکانی مرۆڤ بەجیهانەوە، بەگەردوونەوەو بەیەکترییەوە بکۆڵنەوە.

بێگومان خودی مرۆڤ، مرۆڤ و ژیان تەوەرو سەرچاوەیەکی گرنگی ئەم بەرهەمە گەورەو مەزنەی بیری مرۆڤایەتی پێکهێناوە زۆر ئاسان و ئاشکرا نییە، بەڵکو خودی ئەو پەیوەندییانە زۆر چڕو گرانەو بەکۆمەڵێ بارو هۆکاری جیاوازدا تێدەپەڕێت. ئەم مەسەلانەش جەدەلی فیکری و فەلسەفی دروستکردووە. شانۆش بەدرێژایی مێژوو خاڵێکی گرنگی تێڕوانین و تێفکرینی زۆربەی فەیلەسوفەکان بووە. (ئەرستۆ) بەکتێبە گرنگەکەی (هونەری شیعر) سەرەتاکانی ئەو بنەما فەلسەفیە جوانکارییە بیرییە دادەڕێژێ. دواتر پیەسەکانی (سنیکا)، لەشارستانیەتی رۆمادا، رەنگدانەوەیەکی فەلسەفەی رەواقییەکانە. فەیلەسوفی ئەڵمانیش (هیگل) لەکتێبە گرنگەکەیدا بەناوی (هونەری شیعری) خوێندنەوەیەکی فەلسەفییانەی بۆ دروستبوونی دراماو شانۆی گرێکی هەیە. لەسەدەی حەڤدە، هەژدەو نۆزدەشدا، چەندین فەیلەسوف و بیرکاری گەورە هەوڵیانداوە لەدەروازەی تێکستە تیئۆرییە فەلسەفییەکانییانەوە راڤەی شانۆ، هونەری نواندن و سترکتورە فراوانەکەی ئەم لایەنە کلتوورییەی جیهان بکەن. هەر بۆ نموونە: (لسینگ، گویتە، دیدرۆ)و دواتریش کەسانی وەك (نیتشە)و لەشەست و حەفتاکانیشدا (ئەلبێر کامۆ، ژان پۆڵ سارتەر، رۆلان بارت، ژاك دریدا)و چەندانی تر. لەهەموو ئەم تێزانەدا چەمکەکانی مرۆڤ و ژیان خاڵی سەرەکی و بنەمای تیئۆرە فیکرییەکان بووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سارتەرو کامۆ شانۆیان کردە ناوەندێکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە فەلسەفییەکانیان لەناو خەڵکیدا. پیەسە شانۆییەکانیان شاکارێکی فەلسەفی، ئەدەبی گرنگەو راستەوخۆ رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەبە(ژیان کردن و بەواقیعیکردنی تێزە فەلسەفیەکان). جەدەلی فیکری/ جەدەلی شانۆییەو ریشاڵە گرنگەکانی بنەما کۆمەڵایەتییەکان، خودی مرۆڤی تاك، سەربەستی، هەڵبژاردن و بەرپرسیاریەتی جەمسەرێکی بەهێزی ئەو هاوکێشە دوو فاقە: فیکر، شانۆییەیە.

سارتەر دەڵێت: (هەرچەندە ئێمە دەمانەوێت شانۆ هێمادارەکان وەلاوە بنێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەهەوڵێکی بەردەوامداین بۆ ئەوەی بوونمان بکەینە گەمەیەکی میتۆلۆژی. ئێمە دەمانەوێت بەرجەستەی میتۆلۆژیا گەورەکان بکەین، کە باسی مەرگ، دابڕان و خۆشەویستی دەکات).

ئەم زەمەنەش بەکۆمەڵێ گۆڕانکاری زۆر خێراو کتوپڕدا تێدەپەڕێ. زەمەن بۆتە مەودایەکی فراوان و تەنها چرکەیەك چەندین ئاراستەی فیکری، تەکنەلۆژی، هونەری، رامیاری..و لەخۆدەگرێت. گەر هەوڵی وەستانی تەنها چرکەیەکیش بدەین و لەمەوداکانی بکۆڵینەوە" بۆ نموونە لەگۆڕانکارییەکانی ئەو چرکەساتە، کە بەسەر جیهاندا دێت، ووردببینەوە، بەتایبەتی بەرەوپێشەوەچوونەکانی ژیان لەهەموو رووەکانیەوە، دەبینین، کە ئەو چرکەساتە زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە هەستی پێدەکەین. ئەو شتانەی کە لەماوەی چەند ساڵێك لەمەوبەردا، کاتێکی زۆری دەویست بۆ ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی، ئەمڕۆ لەچاوتروکاندنێکدا ئامادە دەکرێت. جیهان بۆتە ئامێرێکی جەنجاڵی گەورەی پڕ لەدیدو بۆچوونەکان: زانیاری، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، کۆمپیوتەر. مرۆڤی هاوچەرخیش لەم رووەوە زیاتر لەژیانێك لەناو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ژیانــە تایبەتەکــەی خۆیــدا دەژی و زیــاتر لــەڕۆڵێك دەبینێــت. ئــەم بارودۆخـەش چەندە کاریگـەری خـۆی بەسـەر فیکرو فەلسـەفەوە هەیـە، هێنـدەش کاریگـەری بەسـەر شـانۆوە هەیـە، شـانۆش لـەم گێـژاوەدا، هەروەك جاران پرۆسەیەکی بەردەوامی ژیانە-ژیان لەو ئامێرە جەنجاڵە مۆدێرنـەدا رووبەڕووی تواناکـانی مـرۆڤ دەبێتـەوە. پیتـەر بـروك دەڵێت: (شانۆ بەر لەهەموو شتێك ماناکانی ژیـان دەگەیـەنێ. ئەمەش خاڵێکی گرنگـی پێویسـتی سـەرەتای هـەموو هەنگاوەکانـە. هـەروەها هـیچ شـتێکی تر لـەدەرەوەی بازنـەکانی ژیانـەوە، ناتوانێـت ببێتـە جێگـای سـەرنج و گرنگی پێدان، هیچ شتێك جگـە لـەژیان ناتوانێت سـەرنجمان راکێشـێ: شانۆ بریتییە لەژیان. بەڵام لەهەمانکاتدا ناتوانین بڵێین کە هیچ جیاوازییـەك لـەنێوان شانۆو ژیانـدا نییـە). کەواتـە ژیـان بەهـەموو کێشەکانییەوە پرۆسەیەکی گرنگی شانۆیە، لەهەمانکاتدا پرۆسـەیەکی گرنگی جەدەلی فیکریشە. فیکرو شانۆ بەشێوەیەکی هاوتەریب دەڕۆن و لەزۆر رووەوە یەکتری تەواو دەکەن.

***زمان یەکەمین وێستگەی گرنگە بۆ شانۆکار چ فێربـوونی زمـانی بیـانی چ لیاقەو توانستی زمانەوانی، گرنگی و بایەخی زمان بۆ شـانۆکار بـۆ پـەی بـردن بەشاکارە جیهانیەکان لەچیدا دەبینیت؟**

-زمان بەهایەکی ئێجگار گرنگی هەیە" کەرەستەیەکی راستەوخۆو پێویسـتە بـۆ هـەموو مرۆڤێـك تـا بتوانێـت پەیوەندییـەکانی خـۆی بەکۆمـەڵگاو کەسـانی تـرەوە دەسـتەبەر بکـات. لەهەمانکاتـدا زمـان پرۆسەیەکی گرنگی گەشەکردن و دروستکردنی پێناسـی خـودی هـەموو کەسێکە. زمان دەسەڵاتەو دەسەڵاتی زمان سنورەکانی ئێجگار فراوانە. مـن وەکـو کوردێـك کـە بـەکوردی قسـە دەکـەم، دەسـەڵاتم بەسـەر وشـە کوردییەکانـدا هەیـە، بـەڵام بەپێچـەوانەوە کـە بەسـویدی قسـە دەکـەم


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەست دەکەم وشە سویدییەکان دەسەڵاتیان بەسەر مندا هەیە. ئەمەش هاوکێشەیەکی گرنگی خەڵکی بیانیە لەوڵاتە ئەوروپیەکان. زمان فێربوون یەکێکە لەگرنگترین ئەرکە سەرەتاییەکان. هەمیشە وشە وتراوەکان دەبێتە فۆرمێکی کاریگەر لەلای کەسی دووەم. کە ئێمە لەگەڵ کەسێکدا قسە دەکەین، تەنها پەردە لەسەر خۆمان هەڵناماڵین بۆ ئەو کەسەی قسەی بۆ دەکەین، بەڵکو پەردە لەسەر ئەو کەسانەش هەڵدەماڵین. بێگومان زمان کەرەسەیەکی زۆر گرنگە بۆ شانۆکار، چ وەك بەکارهێنانی زمان لەسەر شانۆو چ بەکارهێنانی زمانو لەئاستێکی بەرزداو بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن. بەبێ هەڵکۆڵینێکی قوڵ بەدوای نهێنییەکانی زماندا، ناتوانین بگەینە گەوهەری شتەکان.

زمان وەك وتم دەسەڵاتە، بەبێ دەسەڵاتی زمانیش ناتوانین لەشاکارە شانۆییەکان، ریشاڵە نهێنییەکانی، چەمکە جۆراوجۆرەکانیو بنەما فیکریو ئێستاتیکییەکانی بگەین. هەموو شتەکان بەستراوەتەوە بەزمانەوە. ئێمە چەندین ساڵە لەڕێگای زمانی عەرەبییەوە، بەدەستی دوو شتەکانمان وەرگرتووە. هەندێ جار بەدەستی سێو چواریش. بەرهەمێك لەفەرەنسییەوە، یان لەهەر زمانێکی ترەوە کراوەتە ئینگلیزیو دوایش ئینگلیزییەکە کراوەتە عەرەبیو عەرەبییەکە کوردی. ئەمەش دەلاقەو کەلێنێکی گەورە بووە لەژیانی هونەریو فیکریماندا. زۆربەی زۆری وەرگێڕە عەرەبەکانیش ئەو شاکارانەیان شێواندووە، پەرەگرافیان لابردووە، یان بەهەڵە شتەکانیان وەرگێڕاوە.

هەندێ جار زۆر گرانە هەستوسۆز، یان بۆنو بەرامەو ئەتمۆسفێریکی شاکاری شانۆیی یان ئەدەبی وەربگێڕیتە سەر زمانێکیتر. زمان تەنها وشە نیە، زمان جیهانێکی گەورەیەو دابو نەریت، کلتور، دەروونناسی، هەستوسۆزو زۆر شتیتر لەخۆدەگرێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com




دانا رەئووف لەگەڵ هونەرمەندی جیهانی ( پیتەر بروک ) پاریس،
زستانی ساڵی 2004

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دیمەنێك لەشانۆنامەی ( راشامۆن ) ساڵی 1979

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دیمەنێك لەشانۆنامەی (گارلیۆکس ریونە) ستۆکهۆڵم 1995

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دیمەنێك لەشانۆنامەی (گارلیۆکس ریونە) ستۆکهۆڵم 1995

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دیمەنێک لە (بەرەو دیمەشق) لەڕێژی دانا ڕەئووف ساڵی 1997

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دیمەنێك لەشانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)
نواندن و ریژی دانا رەئووف، ساڵی 1997

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دانا رەئووف لەسەردانێك دا بۆ وڵاتی ( چین )
بۆ لێكۆڵینەوەی بنەماكانی شانۆی ( پەكین ئۆپێرا )

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دیمەنێك لەشانۆنامەی ( گوڵی بیابان ) ساڵی 1999

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دیمەنێك لەشانۆنامەی (گلادیاتور) ساڵی 1999

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دیمەنێك لەشانۆنامەی (گلادیاتور) ساڵی 1999

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com